


# ئەزموون و وانەکانی حوکمڕانی

## وەزارەتی کشتوکاڵ بە نموونە (٢٠١٤-٢٠١٨)

۞ **ناوی کتێب: ئەزموون و وانەکانی حوکمڕانی**
وەزارەتی کشتوکاڵ بەنموونە(٢٠١٤-٢٠١٨)
۞ **تایپ و نەخشەسازی ناوەوە:** موحەمەد حوسێن خەتی
۞**سەرپەرشتی چاپ:** موحەمەد حوسێن خەتی
۞ **بەرگ:** ئیبراهیم صالح
۞ **نۆرەی چاپ:** دووەم
۞ **تیراژ:** ٣٠٠٠ دانە
۞ **ساڵی چاپ:** ٢٠٢٠
۞ **قەبارە:** ١٤سم × ٢٢سم
۞ **ژمارەی لاپەڕە:** ١٩٠
۞ **ژمارەی وشە:** ٢٤.٢٣٠

# ئەزموون و وانەکانی حوکمڕانی

## وەزارەتی کشتوکاڵ بە نـموونە

## (٢٠١٤-٢٠١٨)


**عەبدولستار مەجید**

وەزیری (کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو)

لەکابینەی (٨)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان



**چاپی دووەم**

٢٠٢٠

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی (م.عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی | ٩ |
| پێشەکی چاپی یەکەم | ١٣ |
| پێشەکی چاپی دووەم | ١٥ |
| **تەوەری یەکەم**: هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرمانبەران و هاوڵاتیان بەگشتی | ١٧ |
| دەروازەی تەوەری یەکەم | ١٩ |
| باسی یەکەم: دیدگامان بۆ حوکمڕانی | ٢٠ |
| باسی دووەم: دیداری هاوڵاتیان | ٢٨ |
| باسی سێیەم: کاریگەری سەردان و بەسەرکردنەوە | ٣٢ |
| باسی چوارەم: پەیوەندی بەردەوام | ٣٦ |
| باسی پێنجەم: بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵ هەموولایەك کردوە | ٣٩ |
| باسی شەشەم: هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی دیکە | ٤٣ |
| **تەوەری دووەم**: چاکسازیی و بە گژداچوونەوەی گەندەڵی | ٤٩ |
| دەروازەی تەوەری دووەم | ٥١ |
| باسی یەکەم: چاکسازیی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | ٥٣ |
| باسی دووەم: کێ دەتوانێ رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە؟ | ٥٥ |
| باسی سێیەم: هۆکارەکانی هەڵخلیسکانی مرۆڤ | ٥٩ |
| باسی چوارەم: چاکسازیی کارگێڕی | ٦٥ |
| باسی پێنجەم: شێوازی دانان و لابردنی بەڕێوەبەرەکان | ٧٢ |
| باسی شەشەم: خول و شاندەکانی دەرەوەی وڵات | ٧٦ |
| باسی حەوتەم: رێگری کردن لە قۆرخکاری | ٧٩ |
| **تەوەری سێیەم**: پرسە سیاسی و دیبلۆماسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان | ٨٣ |

دەروازەی تەوەری سێیەم ٨٥
باسی یەکەم: ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە؟ ٨٧
باسی دووەم: مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ وەزیرێکی ئیسلامیی ٩٠
باسی سێیەم: شوناسی ئیسلامیی ٩٧
باسی چوارەم: سەرکونسوڵگەری ئەمەریکا لە بازرگانەکانمان نیگەرانن ١٠٥
باسی پێنجەم: وەزیری کشتوکاڵی ئێران و بەرهەمی خۆماڵیمان ١٠٧
باسی شەشەم: بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە تورکیا هەڵکرا ١٠٩
باسی حەوتەم: ڕاگەیاندنی کوردی و هەڵوێستە ناوازەکان ١١٠

**تەوەری چوارەم:** کارە ستراتیژ و داتاکان لە وەزارەتی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١١٩
دەروازەی تەوەری چوارەم ١٢١
باسی یەکەم: دیدگامان سەبارەت بە کشتوکاڵ ١٢٣
باسی دووەم: سیاسەتی وەزارەت ١٢٦
باسی سێیەم: سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو ١٣١
باسی چوارەم: گرنگی خوددابینکاری لە ئاو و خۆراك ١٣٣
باسی پێنجەم: توێژینەوەی کشتوکاڵی ١٣٨
باسی شەشەم: گرنگی دەرکردنی ڕێنمایی ١٤٠
باسی حەوتەم: پڕۆژەی نوێ ١٤٣
باسی هەشتەم: هاوکاری کردنی جوتیاران ١٤٤
باسی نۆیەم: بواری دارستان و باخ و ڕەزگەری ١٤٥
باسی دەیەم: هەناردەکردنی بەرهەمی خۆماڵی ١٤٦
باسی یازدەم: پۆند و بەنداوەکان ١٤٨

| | |
|---|---|
| باسی دوازدەم: دەستکەوتی شاندی دەرەوە | ١٥١ |
| باسی سێزدەم: هاندان و خەڵاتکردن | ١٥٥ |
| باسی چواردەم: گرێبەستی کشتوکاڵی | ١٥٦ |
| باسی پازدەم: رێگری و دەستێوەردانی حزبی | ١٥٧ |
| **تەوەری پێنجەم:** ژیانی کەسیەتی وەزیر و هەندێ پرسیاری تایبەتی | ١٥٩ |
| باسی یەکەم: رەخنەی کادیران لە میکانیزمی دانانی وەزیرەکان | ١٦٣ |
| باسی دووەم: ئایا پێویستە وەزیر تەکنۆکرات بێ؟ | ١٦٨ |
| باسی سێیەم: ئەستۆ پاکی | ١٧٠ |
| باسی چوارەم: ئایا بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینە بوو؟ | ١٧٢ |
| باسی پێنجەم: پاشەکەوتی موچە | ١٧٤ |
| باسی شەشەم: دامەزراندن و بەخشینی پلە و ئیمتیاز | ١٧٨ |
| باسی حەوتەم: مینحەی بەردەستی وەزیر | ١٨٠ |
| باسی هەشتەم: پابەندی بە بنەما شەرعییەکان | ١٨٢ |
| باسی نۆیەم: خەرجی زیادە | ١٨٥ |
| باسی دەیەم: رەخنە و دەستخۆشی | ١٨٨ |

## پێشەکی مامۆستا علی باپیر

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله محمد وآله المهتدين بهداه من الصَّحب والأزواج و التابعين لهم بإحسانٍ إلى يوم اللقاء.

بەڕێزان!

بێگومان بابەتی حوکمڕانیی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، هەتا بڵێی بابەتێکی گرینگ و هەستیارە، چونکە شوێنەوارو دەرهاویشتەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بگرە یەك یەکی تاکەکانی بەوردو درشتەوە، دەگرێتەوە، بە هەردووك باری ئەرێنیی و نەرێنیی دا.

هەر بۆیەش زاناو پێشەوایانی مسوڵمانان، هەر لەدێر زەمانەوە، تاکو ئەندازەیەك – هەرچەندە وەك پێویستیش نەبووە– گرنگیی و بایەخیان پێداوەو، لەوبارەوە گەلێك شتیان نووسیوە، چ لەژێر ناوونیشانی: (السياسة الشرعية)دا، چ لەژێر ناوونیشانی دیکەی جۆراو جۆردا، بۆ نمونە: (الأحكام السلطانية)، السَّر المسبوك في نصيحةالملوك)، (الطرق الحكمية فى السياسة الشرعية).

هەروەها زۆربەی هەرەزۆری شارەزاو پسپۆڕانی ئەو بوارە گرنگ و هەستیارە لەبەر ڕۆشنایی ئاستەکانی قورئان دا، لەسەر چەند خەسڵەتێك ڕێککەوتوون کە پێویستە وەك چەند مەرجێك لە حوکمڕان و بەرپرسان دا، ڕەچاو بکرێن، کە ڕەنگە گرنگترینیان ئەم شەشە بن:

**١ و ٢ ) تواناو دەستپاکی**

﴿...ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ ﴾القصص: ٢٦

**٣ و ٤ ) پارێزگاریی و شارەزایی**

﴿...ٱجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴾يوسف: ٥٥.

**٥ و ٦ ) خۆڕاگریی و دڵنیایی لە بڕوادا**

﴿... وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُواْۖ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ السجدة: ٢٤.

**شایانی باسە ئەم بەرهەمەش – کە لە ئەسڵدا چاوپێکەوتنێکی پێنج ئاڵقەیی بووە– شتێکی بایەخدارە لەو بوارەدا، چونکە ئەزموونی کارەکتەرێکی کاریگەری کارو پڕۆژەی ئیسلامییە، لەبواری حوکمرانیی دا، هەرچەندە بەشێوەیەکی جوزئیی و سنووردار (جزئي و محدود) بووە، بە سیفەتی وەزیری (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، کە کاتی خۆی جێگای پەسندیی و دەستخۆشیی خەڵکێکی زۆر بووەو، ڕەنگە بە سەرکەوتووترین وەزیری کابینەکەی خۆی –کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان– دانرابێ و، پێم وایە تا ڕاددەیەکی باش –لەم بەرهەمەدا- ئەزموونی سەرکەوتووانەی خۆی، خستۆتەڕوو، کە هیوادارم بە گشتی مایەی بەرچاو ڕوونیی بێ، کە ئایا بابایەکی دیندارو پابەند بە ئیمان و بەهاو ڕەوشتە ئیسلامییەکانەوە، چۆن چۆنی لەبواری حوکمڕانیی دا هەڵسوکەوت و ڕەفتار دەکات؟!**

هـەروەها بـە تايبـەتيش بـۆ كەسـانی بـەرپرس – لەهـەر پلـەو پۆستێكی حوكمڕانيی دا بن– مايەی پەند لێ وەرگرتن و سوود لێ ديتن بێ.

دەستخۆشيی لە كاك (عەبدولستار مەجيد) دەكەم، چ بۆ چۆنيەتی وەزيرايەتيی كردنەكەی و، چ بۆ تۆماركردنی ئەزموونەكەی.

والسلام علينا وعلى عباد الله الصالحين.

**علی باپير**

**١٤٤١/٦/١٧ ك**

**٢٠٢٠/٢/١١ ز**

**هەولێر**

# پێشەکی چاپی یەکەم

خوێنــەری بــەڕێزو خۆشەویســت! ئــەم کتێبــەی بەردەســتتان لــە بنەڕەتــدا (٥) ئەڵقــەی چــاوپێکەوتنی تەلــەفزیۆنی (کۆمــەڵ) کــەناڵی هەولێرە، ســەبارەت بــە ئــەموون و بەشــێك لــە دەسـتکەوتەکانی چـوار ساڵی وەزارەتی کشـتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاوی حکومـەتی هـەرێمی کوردستانە لە کابینەی هەشتەم.

هەوڵمداوە بە شێوەیەکی کورت و پوخـت لـە پێـنج ئالقـەدا باسـی ئــەزموونی ئــەو چــوار ســاڵە بکــەم، لــە (٢٠١٤ – ٢٠١٨) ، ئالقــەکانیش بریتین لە :

١) هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرمانبەران و هاوڵاتیان بە گشتی.
٢) چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.
٣) پرسە سیاسی و دیبلۆماسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان.
٤) کارە ستراتیژ و داتاکان لە وەزارەتی (کشـتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئاو) ی حکومەتی هەرێم.
٥) ژیانی کەسێتی وەزیر و هەندێ پرسی تایبەتی دیکە .

ئــەم بابەتانــە بــە کــورت و گوشــراوی خراونەتــە ڕوو، بــەڵکو خــودا دەرفەت بڕەخسـێنێ و تەمـەن بـە بەریـەوە مـابێ ، تۆزێك وردتـر ئـەو باسانەو کۆمەڵێك بابەتی دیکە هەیە ئاماژەی زیاتریان پێ بدەم.

بێگومان لێرەوە دەمەوێ سوپاس و پێزانینم ئاراستەی سەرجەم بەرپرس و فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بکەم، چونکە لەهەر خزمەتێك و بەرەو پێش چونی ئەو کەرتە پشك و بەشیان بەردەکەوێ ، هەڵبەت هەریەکەو بە پێ ی ماندوبوون و دڵسۆزیەکەی.

هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە جێگەی پەسندی خوێنەران و سوودیش بە حوکمڕانیەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ و وەك پرەنسیپ لە جومگەو کایەکانی دەوڵەت بایەخی پێ بدرێ.

دەشزانم، نە ئەم کارەی من و نەکاری هیچ کەسێکی دیکەش بێ کەم و کوڕی و هەڵەو پەڵە نیە، بۆیە داوا لە هەرکەسێك دەکەم دوای خوێندنەوەی، هەڵەکانم بە دیاری بۆ بنێرێ.

لە خوای گەورەش داواکارم کارە باش و هەڵسوکەوتە پەسندەکانی لێ قەبوڵ کردبێ و قەڵەمی عەفوشی بەسەر هەڵەکانماندا هێنابێ.

# پێشەکی چاپی دووەم

لـە پێشـەکی چـاپی یەکـەم ئاماژەمـان بـەوەدا، کـە ئـەم کتێبـەی بەردەسـتتان لــە بنەڕەتــدا (٥) ئەڵقــەی چــاوپێکەوتنی تەلــەفزیۆنی (کۆمــەڵ) کــەناڵی هــەولێرە، ســەبارەت بــە ئــەزموون و بەشــێك لــە دەستکەوتەکانی چوار ساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە کابینـەی هەشـتەم. دیـارە لـە چـاپی یەکـەم دەقـی چـاوپێکەوتنەکە کـە پێکهـاتبوو لـە پێـنج ئاڵقـە کـە بـە شـێوەی پرسـیار و وەڵام بـوو، وەکـو خـۆی ئـەوەی گوتومانــە لــە چوارچــێوەی پرســیار و وەڵام، خراوەتــە ســەر کاغــەز و دووبــارە نووسراوەتەوە بێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکی بکرێت.

بەڵام لە چاپی دووەم هەوڵمانداوە ئەگەر گۆڕانکارییەکی رواڵـەتیش بێ ئەنجامی بدەین بۆ ئەوەی خوێنەر بە تام و بۆیـەکی تـرەوە مامەڵـە لەگەڵ ئەم کتێبە بکـا و زیـاتر ئـارەزووی خوێندنـەوەی بـۆ بچـێت، جـا ئەوەبوو سەرەتا پێشەکی پێشکەشکاری ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییـەمان لابـرد کـە مـۆرکی دیمانـەی بـە کتێبەکـە بەخشـی بـوو، دوای ئەمـەش ناونیشانە سەرەکییەکانمان وێڕای زیاد کردنی هەندێ ناونیشانی دیکە، بە شێوەیەکی مەنهەجی و ئەکادیمی لـە چوارچـێوەی تـەوەر و باسـدا

دابەش کرد، بەجۆرێك ئاڵقەکانمان کرد بە تەوەر و بۆ هەر تەوەرێکیش وەك دەستپێکی چوونە نێو ناوەرۆکی تەوەرەکان دەروازەی تەوەرمان زیاد کرد و هەر لەوێش ئاماژەمان بە ژمارە و ناوونیشانی ئەو باسانەدا کە هەر تەوەرێك لە خۆی دەگرێت.

واتە هەرچی شێوازی پرسیار و وەڵامە لەم کتێبە کە لە چاپی یەکەم نووسرابووەوە، هەموومان لابرد و جارێکی دیکە بە شێوازێکی دیراسەکردن و لێکۆلینەوە دامانڕشتەوە و تێکهەڵکێشی پەرەگرافەکانی پێش و دوای خۆیمان کرد و بە هەندێك دەستکاری و گۆڕانکاری، و زیاد و کەم کردنێك لە ناوەڕۆکی کتێبەکە، سروشتێکی ئەکادیمی و بابەتیمان پێیدا.

بە ئومێدی ئەوەی توانیبمان خزمەتێك بکەین و ئەو وانە و ئەزموونانەی لە میانەی ئەو چوار ساڵەی خستوومانەتەڕوو کەڵك و قازانجی هەبێ بە شێوەیەك کە کاریگەری ئەرێنی بخاتە سەر پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێم و زیاتر بەرەو بە دامەزراوەیی کردن و باشتر خزمەتکردنی هاووڵاتیانی ببات.

# تەوەری یەکەم

# "هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرمانبەران و هاوڵاتیان بەگشتی"

# دەروازەی تەوەری یەکەم

ئەم تەوەری یەکەمە (هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرمانبەران و هاوڵاتیان بە گشتی) لە شەشە باس پێکهاتووە، هەریەك لەو پێنج باسەش قسەو باس و لێکۆڵینەوەیە دەربارەی چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ فەرمانبەران و هاوڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی، باسەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراون:

**باسی یەکەم**: دیدگامان بۆ حوکمڕانی

**باسی دووەم**: دیداری هاوڵاتیان

**باسی سێیەم**: کاریگەری سەردان و بەسەرکردنەوە

**باسی چوارەم**: پەیوەندی بەردەوام

**باسی پێنجەم**: بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵ هەموولایەك کردوە

**باسی شەشەم**: هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی دیکە

ئەگەر بمانەوێت هەڵسوکەوتێکی دروست و شایستە لەگەڵ فەرمانبەران و تەواوی هاوڵاتیان بکەین، بەشێوەیەك کاریگەری ئەرێنییان بەسەر دڵ و دەروونیان جێ بهێڵێ و متمانەی زیاتریان بە دامودەزگاکانی حکومەت لەلا تۆختر بکاتەوە، پێویستە ئەو بنەمایانەی کە لە چوارچێوەی ئەم پێنج باسەدا دیاریکراون بە هەند وەرگیرێن و کاری جیددی و قووڵیان لەسەر بکرێت، بەمەش دەتوانین سەرەتایەکی باش بۆ هێنانەدی حوکمڕانییەکی تەندروست لە داهاتوودا بەرقەرار بکەین.

## باسی یەکەم

# دیدگامان بۆ حوکمڕانی

لــەم باســەدا هەوڵــدەدەین دیــدگای خۆمــان بــۆ حوکمڕانییــەکی سەرڕاست (رشید) بخەینەڕوو و لە پاڵ ئەمەشدا هەڵوەستەیەك بکـەین دەربــارەی چــۆنییەتی راپەڕانــدنی کاروبــاری خــەڵك لــە رێگــەی بەڕێوەبردنی یەکێك لە جومگەکانی حوکمڕانی.

سـەبارەت بـە ڕەوشـی حوکمڕانییـەکی تەندروسـت، یـان هـەنگاوەکانی حوکمڕانییەکی تەندروست لە هەرێمی کوردستان، کە بەو چەند ساڵەی تێیدا بەشدار بووین، ئێستا تا ڕاددەیەك بەرچـاومان ڕۆشـنە، کـە چـۆن دەتـوانین حوکمڕانییـەکی تەندروسـت لـە هـەرێمی کوردسـتان پیـادە بکەین.

تێنەگەیشتن لە حوکمڕانی، کە پەیوەنـدی بـە گرێبەسـتێکەوە هەیـە لەنێوان هاوڵاتیو دەسەڵات، کێشەی زۆر گەورە بەدوای خۆیدا دێنێ.

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لـە (٢٦) بیسـتو شـەش سـاڵی ڕابــردوودا، کــە وا بــەرەو زیــاتریش دەڕۆیــن، ئــەم حــوکمڕانیو ئــەو دەسەڵاتەیان وەك موڵکێکی هەمیشەیی خۆیـان تەماشـا کـردووە، یـان وەك میراتێك تەماشا کراوە، کە بۆیان بـەجێ مـابێ و پەیوەنـدی تـەنها بەخۆیانــەوە هــەبێ،و چــۆن حــوکمڕانی بکــەن، چــۆن کاروبــاری خــەڵك

بەڕێوە بەرن،و چۆن سەرپەرشتی خەڵك بكەن. بەڵام لە بنەڕەتدا وا نیە.

تێڕوانینی دروست بۆ حوكمڕانی، بۆ سەرپەرشتیكردنی خەڵك، بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان، چ لە شەریعەتی ئیسلامدا،و چ لەو سیستەمە سیاسییانەی ئێستا لە دنیادا پەیڕەو دەكرێن، گرێبەستێكە لە نێوان هاوڵاتیو دەسەڵات یان ئەو كەسەی كە كاروباری خەڵك بەڕێوە دەبات.

ئەگەر بە سادەیی تەماشای شەریعەتی ئیسلام بكەین، گرێبەستێكی مەرجدارە، كاتی خۆی كە خەلیفە هاتبێ، بەیعەتیان پێ كردبێ، گوتویانە: (ابایعك على السمع والطاعة فِي المنشط والمكره والعسر واليسر)، ئینجا مەرجەكەیان گوتووە، یان: (على سنة الله ورسوله)، یان (بإطاعة الله ورسوله)، یان (ما دمت ثابتاً على الشريعة) (والنصح لكل مسلم). واتە گرێبەستێكی مەرجدارە لە نێوان خەڵك و كاربەدەستان.

خەڵك نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێ، گرێبەستەكەی چییە؟ پەرلەمانتار پڕۆژەیەك پێشكەش دەكات، یان فراكسیۆنێك یان حیزبێك پڕۆژەی خۆی بۆ پەرلەمان پێشكەش دەكا. ئەگەر خەڵك دەنگی پێ بدا، چی بۆ خەڵك دەكات ؟ لەسەر بنەمای ئەمە خەڵك دەنگی پێداوە نەك بۆ شتێكی دیكە.

سەبارەت بەو گرێبەستەش کە لە نێوان هاولاّتی و دەسەلاّت هەیە، بە داخەوە تاکو ئێستا وەکو پێویست مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ نەکراوەو بەردەوام لەلایەن کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەت نادیدە گیراوە و فەرامۆش کراوە.

بۆیە تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەم جۆرە گرێبەستە و چۆنییەتی مامەڵەکردنی، بەم شێوەیەیە تەماشای دەکەین کە گرێبەستێکە لەنێوان ئێمەو هاولاّتی، هاولاّتی ئێمەی هەڵبژاردووە، یان ئێمەی دیاری کردووە، بەو مەرجەی ئامانجەکانی ئەوان بەدی بێنین،و داواکارییەکانیان جێ بەجێ بکەین ،و کێشەکانیان چارەسەر بکەین، هەر کاتێك ئێمە بەم گرێبەستەوە پابەند بوین کە بە دڵسۆزیو خەمخۆری بەپێی ئەم یاساو ڕێنماییو پرەنسیپانەی کە هەیە لە دامەزراوەکان و کارمانکرد بە دڵسۆزی بە خەمخۆری هەوڵمان بۆ دان بەوەی کە ئەو گرێبەستەی کاتی خۆی لە نێوانماندا واژوو کراوە و بەڵێنمان پێداون جێ بەجێی بکەین، ئەوە ئێمە ئەمانەتمان پاراستووە و مافمان داوە بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ هاولاّتی کراوە لە کاتی خۆیدا، ئەگەرنا ئەو بەڵێنەمان پێشێڵکردووە.

بەلاّم ئێستا بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکرێ، کەسێك دەبێ بە سەرۆکی حکومەت، یان دەبێ بە وەزیر، دەبێ بە پەرلەمانتار، مەگەر چۆن، وەك بڵێی خوای گەورە لەوێی داناوە، هەتا هەتایەش دەبێ بمێنێتەوە،و چییش بکا ئازادە.

ئەمە تێڕوانینێکی زۆر هەڵەیە، باشە ئەگەر خەڵك ئێمەی نەوێ، بڵێ تۆمان ناوێ و نامانەوێ سەرپەرشتیمان بکەن، ئایا دروستە خۆت بەسەر خەڵکدا فەرز بەکەی؟! مەگەر بەڕای خەڵك لەسەر ئەم کورسیە دانەنیشتووی؟!

ئایا ئێمە بەرپرسین لەم وڵاتە؟ بەرپرسی چیین؟ باشە لە گوندێك ئەگەر خەڵکەکەی گوتیان ئێمە ئاغا و کوێخامان ناوێ، بۆخۆمان کاروباری خۆمان بەڕێوە دەبەین، پێویستمان بە کەس نیە، خۆ ئاساییە، ئێ باشە خۆ ئەگەر کەسێکیان لەو ئاواییە، وەك برا گەورە دانا، ئەوکات دەبێ بەپێی ئەو گرێبەستە بێ کە دایاننناوە. چونکە بۆ خەڵکەکە دانراوە، خۆ خۆی خۆی دانەناوە بۆیە ئێمە تێڕوانینمان جیاوازە.

ئەوەی پەیوەستیشە بەو نەهج و بەرنامەیەی کە حزبمان تەبەننی کردووە و لەسەری دەڕوات، بێگومان دیدگای خۆی بۆ فەلسەفەی حوکمڕانی و شێوازە تازەکانی رەنگڕێژکردووە بۆ ئەوەی بتوانێت هەرکاتێك جلەوی تەواوی یان بەشێکی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەچوارچێوەی ئەو بەرنامە و پڕۆژەیەی کە گەڵاڵەی دەکات، بە جوانترین شێوە لەلایەن نوێنەرەکانییەوە لە دام و دەزگاکانی حکومەت ئیدارەیەکی سەرکەوتوو و خزمەتێکی چاکی هاوڵاتیان بکات، چونکە دواجار لەلای ئێمە حزب ئامانج نیە، بەڵکو ئامڕازێکە بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی ئامانجێکی گەورەتر. ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە خەڵك بەختەوەر بێ، خەڵك خۆشگوزەران بێ، خەڵك ژیانێکی ئاسوودەو

مرۆڤانەی هەبێ. ئازاد بێ لەسەر ئەو خاکەی کە لەسەری دەژی، واتە ڕێزلێگیراو بێ وەکو مرۆڤێك ئەو داواکارییو پێویستییانەی کە ئاساییو یاساییین بۆی دابین بکرێ.

ئێمەش وەکو تەوژمێکی ئیسلامیی ئامانجەکەمان ڕۆشنە، گوتوومانە بەپێی بەرنامەو شەریعەتی ئیسلام و بە پرۆژەیەکی ئیسلامییانەوە خزمەت بە هاوڵاتیو نیشتیمانی خۆمان دەکەین.

بەرنامەکە بۆ خەڵك ڕۆشن دەبێ، ئەو کاتە خەڵك لەسەر ئەو بەرنامەو پڕۆژەیە، دەنگی پێ دەدا.

جا دەبێ ئەم بەرنامەو پڕۆژەیەی دەیخەیتەڕوو بۆ هاوڵاتیان، تەواو ڕۆشن بێ، دەبێ دوایی پێیەوە پابەند بی، ڕاستگۆییانە ئەوەی بەڵێنت پێیدا بوون جێ بەجێی بکەی، بەتایبەت ئەگەر حزبی ئیسلامیی بێ ئەرکی قورستر دەبێ و بەرپرسیاریەتەکەی گەورەتر دەبێ.

ئەو بەرنامەی کە باسی دەکا بە داخەوە زۆرجار خاڵی یەکجار زۆر ڕیزکراوە بەڵام زۆر بە کەمی لێی جێ بەجێ کراوە. پێم وایە دەبێ ڕاستگۆ و ڕاشکاو بین، ئێمە کە دەتوانین سێ خاڵ بۆ خەڵك جێ بەجێ بکەین، هەر ئەو سێ خاڵەشیان پێ نیشان بدەین و بانگەشەی بۆ بکەین.

کـاتی خـۆی هەڵبـژاردنێك بـوو ئێمـەش کاندیـد بـووین جـا زۆرجـار ڕاگەیاندنەکان دەیانگوت: بەرنامـەو پڕۆژەتـان چـییە بـۆ ئـەم واقیعـە؟ گوتم: دەتوانم دوو شت بڵێم:

١) ڕاستی و خزمەت.

٢) خیانەتیان لێ ناکەین و درۆشیان لەگەڵ ناکەین چییمان پـێ بکـرێ بۆیان دەکەین.

پێویست بە ڕیزکردنی خاڵ و پرۆژە و بەڵێنی خەیاڵی ناکا، بەرنامە هەیە حزب دەیخاتەڕوو لەکاتی هەڵبژاردن ئەوە شتێکی دیکەیـە، بـەڵام کاندید هەبووە، جارجـار لـە کاندیـدانی خۆشمـان، ڕەنگـە (٢٠) بیسـت خاڵی باسکردبێ، گوتوویەتی ئەوانەتان بۆ جێ بەجێ دەکـەم. کـە ئـەم (٢٠) بیسـت خاڵـە ئەگـەر دیراسـەی بکـەین، ڕەنگـە بـە حکومـەتێکی بەهێزیش جێ بەجێ نەکرێ!.

بۆیە دەبێ مرۆڤ واقیعـی و ڕاشـکاو و ڕاسـتگۆیانە لەگـەڵ میللـەتی خۆی مامەڵە بکات.

بەڵام بەداخەوە ئێستا حـزب لـە هـەرێمی کوردسـتان کـاری خـۆی ناکا، بە پێچەوانەوە کۆمـەڵێك کـار دەکـا کـە پەیوەنـدی بـەوەوە نیـە، وەك پەیوەندیـە سیاسـییەکانی دەرەوە و دەسـتوەردان لـە کاروبـاری حکومەت دەکا، دەستوەردان لە کاروباری پەرلەمان دەکا،و دەست لـە کاروبـاری دادگـاوە وەردەدات. لــە هــەمان کاتــدا ئــەو دامەزراوانــەی

دیکەش. هەڵبەت دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە حکومەتیش کاری خۆی ناکات و بۆتە ئامرازێك بەدەست حزبەوە و ئامانج و بەرژەوەندی حزب و شەخس جێبەجێدەکات.

داواکاری هاوڵاتی لە حکومەت چییە؟ دەڵێ من پێویستم بە ژیانێکی سەربەرزانەو خۆشگوزەرانانە هەیە، پێویستم بەوە هەیە کە جێگەو ڕێگەم هەبێ، پێویستم بەوەیە کە خزمەتگوزارییە ئاساییەکانم: ئاو، کارەبا، ڕێگاو بان، نەخۆشخانە و بیمەی تەندروستی و دەرفەتی کار و ئەوانەمان بۆ دابین بکرێ. بەڵام ئایا حکومەت ئەمانەی بۆ هاوڵاتیان دابین کردووە؟! وەك کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی پێداون ؟!

پاشان ئەی پەرلەمانتار بۆچی هەڵبژێردراوە؟ پەرلەمانتار کە خۆی کاندید دەکات لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵك دەڵێت: دەنگم پێ بدەن، بەرگری لە مافەکانتان دەکەم، دەبمە نوێنەرتان لەم سەکۆیەوە بەرگریتان لێ دەکەم، ئەو پڕۆژە یاسایانە دێنمە پێشەوە کە لە قازانجی ئێوەن.

دواتر نەك پەرلەمانتار بەڵکو پەرلەمانیش نەیتوانیوە کاری خۆی بکات. پەرلەمانتاریش بەشێکیان وەك ئەوەی بەرپرسی ئۆرگانێکی حزبەکەی بێت، هەندێکیان وەك بێژەر یان ڕۆژنامەنووس کار دەکا، ژمارەیەکیان هەر دەنگو ڕەنگی نیە و هەر کە دەرچووە ئیتر کەس هەڵوێستێکی لێ نابینێ تا ئەو کاتەی خانەنشین دەبێت ! واتە پەرلەمان بە ئەرکی چاودێری و یاسادانان و نوێنەرایەتی کردنی خەڵك خۆی هەڵنەستاوە.

بەڕاستی ئەم واقیعەی ئێمە ئاوا ئاڵۆز بووەو تێکچووە و لەسەر سکەی خۆی لای داوە، هیچی بە ئاسایی ناڕوا نە حیزب، حیزبایەتییەکی چاكو ڕێكو پێك دەكات، نە حكومەت، حوكمڕانییەكی باش دەكا، نە پەڕلەمانیش توانیویەتی بە ئەركی نوێنەرایەتی خۆی هەستێ كە هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵكە و نە دادگاش توانیوییەتی لە هەموو كەیسەكان دادگەرانە بڕیار بدات.

## باسی دووەم

# دیداری هاوڵاتیان

لـەم باسـی دووەمەشـدا قسـە لەسـەر سـازکردنی ئـەو کـەش و هەوایـە دەکەین کە لە نێویدا هاوڵاتیان چۆن بتوانن بە بەبێ کێشە و سەرئێشـە کۆنتاکت لەگەڵ ئەو دامەزراوە و کەسی یەکەمەکەی بکەن کـە ئیشـیان پـێ دەبـێ و رێیـان تـێ دەکـەوێت، جـا بـۆ دروسـتکردنی ئـەم پـردی پەیوەندیەش لـە نێـوان دامـەزراوەی حکومـەت و فەرمانبـەرانی خـودی دەزگاکە لەلایەك و هاوڵاتیان لەلایەکی دیکەوە، واتە ئاسـانکاری کـردن لـە چـۆنییەتی گەیشـتنی فەرمانبـەر یـان هـاوڵاتی بـە کەسـی یەکـەمی دامەزراوەکـە دوور لـە رۆتینیـات و دروسـتکردنی تەگـەرە و کوسـپ، بێگومان پێویستی بە میکانیزم و رێوشوێنی تایبەت بە خۆی هەیە و لە خـۆوە ئـەم جـۆرە پەیوەنـدیی و بەیەکگەیشـتنانە دروسـت نـابن و پێویستە بەرنامەڕێژی بۆ بکرێ.

پەیوەنـدی نێـوان هـاوڵاتیو ئـەو سـێکتەرەی کـە پەیوەنـدی پێـوە هەیـە، بـۆ نمونـە ئـەو هاوڵاتیانـەی کـە پەیوەنـدییان بـە وەزارەتـی (کشـتوکاڵو سەرچـاوەکانی ئـاو)ەوە هەیـە، یـان ئـەو هاوڵاتییانـەی پەیوەنـدییان بـە وەزارەتـی تەندروسـتی دەبـێ یـان هـەر وەزارەتێکـی

دیکە. بوونی پەیوەندی نێوان ئەوان و ئەو وەزارەتە، یان وەزیر زۆر گرنگە.

ئەگەر لە وڵاتێکی رۆژئاوایی بژین وەك ئەڵمانیا یان رِوسیا بەریتانیا رِەنگە پێویست نەکا هەمیشە ئەم جۆرە پەیوەندییە پتەوە لەنێوان هاوڵاتیو بەرپرسەکە هەبێ، چونکە ئەو کات هەر دامەزراوەیەك هەر فەرمانبەرێك کارەکانی خۆی بەپێی ئەو رِێنمایی و سیستمە کارگێرِییەی کە هەیە جێ بەجێ ی دەکات، بەڵام وڵاتی ئێمە بەو شێوەیە نیە چونکە لە بنەرِەتدا خاوەنی هیچ سیستمێکی کارگێرِی رێك و پێك نیە و کەسەکان رِۆڵی گرنگ و سەرەکی تێدا دەبینن، بۆیە ناچار دەبین بە دۆزینەوەی میکانیزمێکی دیکە.

هاوڵاتی وا هەبووە کە هاتۆتە لامان زیاتر لە(٤٠) چل ساڵ پێش ئێستا کێشەیەکی پەیوەندیدار بە زەوی و زارەوە هەبووە، بەپێی یاساش ماف بەدەستەوە بووە بەڵام هەر دەستی دەستی پێکراوە و کێشەکەی هەر بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی ئێمە وەزارەتی کشتوکاڵمان وەرگرت، تەنانەت نەیانهێشتبوو نەك وەزیر بەڵکو رِاستەوخۆ چاوی بە بەرِێوەبەرێکی گشتیشی بکەوێت! بەڵام ئێمە بۆمان چارەسەرکرد.

لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە دەست بەکاربووین، تەماشادەکەین ئەم پەیوەندییە نییە و بگرە کۆمەڵێك دیوارو بەربەستی ئەستور لەرِێگەی هاوڵاتی و لەنێوان هاوڵاتی و وەزارەت دروست کراوە، ئەمە وایکردووە کە نەتوانێ بەرپرسەکانی خۆی ببینێ.

بۆ نمونە: ئەگەر ڕێگەی پێدرابوایە وەزیر ببینێ ئەوا دەبوو بە سێ پرسگەدا تێپەڕێ بۆیە ئێمە ئەم پرسگانەمان لابرد، جگە لە یەك پرسگەی گشتی وەزارەت، کە لە هەموو ئەو جۆرە دامەزراوانەدا پێویستە هەبێ.

گوتیان لابردنی ئەو پرسگانە ڕەنگە مەترسی ئەمنیی هەبێو ئەمە باش نیە. گوتم: ئێمە لەگەڵ خەڵك تێکەڵین، دەچینە بازاڕ بە شەقامەکاندا دەڕۆین، سەردانی خەڵك دەکەین ئەگەر کەسێك بیەوێ شتێك بەرامبەر بە ئێمە بکا بۆ لەسەر شەقامەکان نایکا؟! بۆ دێت لەناو وەزارەت دەمانکوژێ ؟ جا هەرچی ڕووبدا بەرپرسیارییەتەکە دەخەمە ئەستۆی خۆم !.

هەر چۆنێك بێ ئەم دەرگایانەمان کردەوە ئەمە وای کرد ئەو پەیوەندییەی نێوان ئێمە و هاوڵاتی بچێتە قۆناغی ئاسایی خۆی و پەیوەندی توندوتۆڵ دروست بێ لەگەڵ هاوڵاتی، ئەو هاڵاتییانەی کە پەیوەندییان بە وەزارەتی ئێمەوە هەبوو، جا بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی بووە، جوتیارێك بووە، نوێنەری کۆمپانیایەکی کشتوکاڵ بووە، ئەم پەیوەندییە ئاساییو ئیجابییە دروست بوو، سوپاس بۆ خوا.

پاشان ئەمە وایکرد، کە بەڕێوبەرو بەڕێوبەرە گشتییەکانیش دەرگاکانیان بکەنەوەو کاروباری هاوڵاتیان بە باشی بەڕێوە ببەن و لەناوچەکانی خۆیان هاوڵاتی بیانبینێ.

لـەلای ئێمـە دواتـر نـەك پرسـگەی وەزیـرو بەڕێوبـەرو بەڕێوبـەری گشتی نەما، بـەڵكو لێـرەوە وەك ڕێزێـك باسـی دەكـەم كـە بەڕێوبـەری گشتی نەك پرسگەی نـەماوە، بـەڵكو خـودی خـۆی هـاتووەو مامەڵـەی هاوڵاتیان ئەو ژوور و ئەم ژووری پێ كردووە و بۆی تەواو كردووە.

ئەمە وای كرد ئەم سیستەم و شێوازە لە كـاركردن و حـوكمكردنو بەڕێوەبردنی كاروباری خەڵكە، پەیڕەو بێ لە وەزارەت بـە گشـتی و لـە لای بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەرەكانیش لە فەرمانگەكانی خۆیان.

## باسی سێیەم

# کاریگەری سەردان و بەسەرکردنەوە

هەر لە چوارچێوەی دیدگامان بۆ حوکمڕانی لەم باسەدا بنەمایەکی گرنگ دەخەینە بەرباس کە ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێ لە سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دامەرزاروەی حکومەت و کاریگەربوونی لە پێشخستنی، ئەویش بریتییە لە سەردانی کردن و بەسەرکردنەوەی فەرمانبەرانی خودی دامەزاوەکە.

بەداخەوە پێشتر بەڕێوبەری گشتی هەبووە شەش مانگ نەیتوانیوە وەزیر ببینێ نەك وەزیر سەردانی نەکردووە ! .

من بڕوام بەوە هەیە کە ئەم وڵاتەی ئێمە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا گرنگن وکاریگەری خۆی هەیە، جاری وایە زۆر کێشە بەهۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، چارەسەر بووە، پێشموایە ئەمە کاریگەرییەکی باشی دەبێ لەسەر ڕایی کردنی کاروباری هاوڵاتیان و دڵخۆش کردنیان و باشتر چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

وێڕای ئەوەی کە ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، دەبێتە هۆی دروست بوونی پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و زیاتر یەکتر ناسین و جار جاریش لەڕێگەی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بابەتی کشتوکاڵیی و پڕۆژەو

بڕیارو ڕێگە چارەو زۆر شتی ترمان بۆ دەرکەوتووە و گەیشتووین بە دەرەنجامی زۆر گرنگ.

ئەوەی پێمان کرابێ بەبێ جیاوازی سەردانی بەڕێوبەری گشتی و سەردانی فەرمانبەری ئاساییمان کردووە، ئێستاش خەڵك دەزانێ (پوورە فاتم)ێکمان هەبووەو لە خزمەتی دابووین کە کەوتوو لاقی شکا، چەند جارێك سەردانیمان کرد بۆ ماڵەوە و لە نزیکەوە هەواڵپرسینمان کردوە.

جا فەرمانبەرێك کە نەخۆش بووبێ یان پرسەیەکیان بووبێ یان کێشەو گرفتێکیان هەبووبێ هەوڵم داوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان پێوە بکەم، ئەوەندەی کە فریای کەوتین، داوای لێبووردنیش لەوانە دەکەم کە فریایان نەکەوتین.

گومانی تێدانییە سەردانیکردن و بەسەرکردنەوانەی فەرمانبەران بێ کاریگەری نیە، بەڵکوشوێنەوار و کاریگەری زۆری دەبێت لە بەرەوپێشبردنی کاروبارەکان، وەك باسم کرد ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە عورف و کلتور لەناوماندا، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە کاریگەری خۆی لەسەر ڕایی کردنی کاروبارو چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە. بە ئەزموونی خۆم پێی گەیشتووم ئەوەندەی کە ئەو پەیوەندییە شەخسییو کۆمەڵایەتییە بەهێزانەی کە دروست دەبن، بۆ نمونە لەنێوان بەرپرسو فەرمانبەرێك یان بەڕێوبەرێك، ئەوەندەی ئەوە

کاریگـەری هەیـە لەسـەر باشـتر کـارکردنو چارەسـەرکردنی کێشـە و هەوڵدانی زیاتر و دڵسۆزی زیـاتر، ڕەنگـە کـارە یاسـاییو ئیدارییـەکانی ئەوەنـدە کاریگـەرییان نـەبووبێ، بـە حـوکمی ئـەوەی کـە ئێمـە کۆمەڵگایـەکی ڕۆژهـەڵاتی و کۆمەڵایـەتین. بـۆ نمونـە کاتێـك دوو کـەس بەشـەڕ هـاتوونو یـەکێکیان ئـەوی دیکـەی کوشـتووە، کـە حەقیشـی نەبووە بیکوژێ، لەسـەر بنچینەی ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتیو ئـەو لێبوردنە جوانەی کە لەنێو ئێمەدا هەیە ئەو کەسەیان بەخشیوە کە بـە ناهەقیش کوشتوویەتی. جا ئەمە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوا نابینین لەوێ دادگا و یاسا هەیەو، بەپێی یاساکان حوکم دەکرێ، کەس نیە عـەفووی بکاو لێی خۆشبێ مەگەر چۆن. لەگەڵ ئـەوەش لای خۆشمـان دەرفـەت هەیە کە بەپێی یاسا و شەرع داوای مافی خۆی بکا.

لەسەر بابەتی دیداری هاوڵاتیـان، ڕۆژێـك لـە ئەنجومـەنی وەزیـران مشـتومڕێك دروسـت بـوو، سـەرۆکی حکومـەتو جێگـری سـەرۆکی حکومەت گوتیان: ئەم دیدارەی هاوڵاتیان پێویست ناکا و دەبێ هـەموو کەس وەزیر و بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەر و فەرمانبـەر کـاری خۆیـان بکەن.

گوتم: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەم وڵاتەی ئێمـە وەکـو وڵاتـانی فلەنـداو سویسـڕاو ئـەڵمانیاو سـوید نییـە. ئایـا دەزانـن هـاوڵاتیی هـەبووە کـە کێشەیەکی (٤٠) چل ساڵ پێش ئێستای هـەبووەو چارەسـەر نـەکراوە، تا بە ئێمە گەیشـتووە، ئێمـەش بەدواداچـوونمان بـۆ کـردووە، تەماشـا دەکەین کە مافی هەبووەو بۆشمان چارەسەر کردووە.

دەی چی بکا ؟ کاتێك کێشـەکەی لـە رابـردوو چارەسـەر نـەبووە، بەڵام ئێستا کە دەرگات کردۆتـەوە، دێـت باسـی کێشـەی خـۆی دەکـا. نەك هەر بۆ خۆم، پـێم باشـە، ئێـوەش، ئەگـەر لـە هەفتـەی ڕۆژێکـیش پێتان نەکرێ، لە مانگێ جارێکیش بێ ڕۆژێـك دیـاری بکـەن بـۆ بینینـی خەڵك و با لە نزیکەوە بتانبینن.

پێم وایە سیاسی سەرکەوتوو لەم وڵاتەدا، ئەوەیە کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووی هەبێ، پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی پتـەو بـێ،و بە هی خۆی بزانێ و خۆیان لێ جیا نەکاتەوە.

لـە ئـەنجامی ئـەم لێکدابڕانـەدا کـە ئێسـتا هـاوڵاتی لـە دەسـەڵات دابڕاوە و دیوارێکی ئەسـتوری چـینایەتی کەوتۆتـە نێوانیـان، بەشـێکی هاوڵاتیان ئەم دەسەڵاتو حکومەتو دامەزراوانە بە هی خۆیانی نـازانن، لە ئەنجامی ئـەوەدا کـە هـاوڵاتی ئەمـە هەڵوێسـتییەتی، هۆکارەکەشـی ئەوەیە ئەم حکومەت و دەسەڵاتەش بە گشتی، لە ئەنجامی ئەوەدا کـە باکی نییە بە هاوڵاتییان تا بزانێ کێشەیان چییە و چی بەسـەر دێ بـێ بـاك بـووە و لـە ئەنجامـدا هـاوڵاتی وای لێ هـاتووە ئـەم حکومـەت و دەسەڵات و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش بە هی خۆی نەزانێ چـونکە نە هەست بـە بەرپرسـیارێتی بەرپرسـەکانی دەکـات، نـە هـیچ خـەون و خولیایەکی لەناو ئەم هەرێمـەدا دێتـەدی، نـە هـیچ مـافێکی سـەرەتایی ژیانیشی بۆ دابینکراوە !. بۆیە بە تەواوی بێ متمانە و دڕدۆنگ بووە.

# باسی چوارەم

# پەیوەندی بەردەوام

پەیوەندی بەردەوام لەگەل هاولآتیان و خۆ جیانەکردنـەوە لێیـان، یـەکێکی دیکەیـە لـەو بنەمایانـەی کـە حوکمڕانییـەکی تەندروسـت و سەرکەوتوو بەدی دەهێنێت، چونکە دەتوانرێت بە هۆیەوە لە نزیکـەوە لە کێشەو خواست و داواکارییەکانیان بگەی و چارەسەرێکی ریشـەییان بۆ بدۆزیتەوە.

دوای کردنـــەوەی دەرگـــای وەزارەتـــی کشـــتوکاڵ لیژنەیـــەکمان پێکهێنـا، لیژنـەی: (بەدواداچـوونی داواکارییـەکانی هاولاتیـان) مانگێـك دوای ٢٠١٤/٦/١٨ کە دەست بەکار بووم ئەو لیژنەیەمان دروست کـرد، تـا ٢٠١٧/١٢/٢٦ بـەردەوام بـوو، لـەو ماوەیـەدا هاولاتیـان لـە هـەموو شـوێنەکانی کوردسـتانەوە هـاتوون ئەوانـەی کێشـە یـان داواکاریـان هەبووە . جاری وا هەبووە هاولاتی تەنیا پێشـنیاری کـردووە، هـەبووە ڕەخنـەی لێ گرتـووین، سـوودمان لـە هـەمووی بینیـوە،و یـەکێك لـەو هۆکارانە بووە کە بەرچـاومان ڕۆشـنتر بـووە سـەبارەت بـە کشـتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو،و کارمان بەرەو پێشتر چووە.

لـەو ماوەیـەدا تـەنها لـە دیـداری هاولاتیـان لـە ڕۆژانـی سێشـەممەدا، (٣١٩٤) سێ هەزارو سەدو نەوەدو چوار کـەسمان بینیـوە. وەك باسـم

کرد، هەبووە تەنها بۆ پێشنیارێك هـاتووە، یـان ڕەخنەیـەکی هـەبووە، بەڵام لەمانە (٢٣٠٤) دوو هەزارو سێ سەدو چوار کەس بەدواداچوون بۆ کاروبارەکـانی کـراوە، واتــە وەڵامــی وەرگرتۆتــەوە، کـە کێشـە یـان داواکاری هەبووە،و لیژنەکە نووسراوی بۆ کردووە. هەموو ئەمانـە، ئـەم (٣١٩٤) سێ هەزارو سەدو نەوەدو چوار کەسە، هـەمووی، تـا ئێسـتاش دۆسـیەیەکی تایبـەتی بـۆ کراوەتـەوە، نـاوی خـۆیی‌و ژمـارە مۆبـایلی‌و لەکوێ وە هاتووە و گرفتەکـەی چـییە و ژمـارەی دۆسـییەکەی هـەموو پارێزراوە، هەر کاتێك بتەوێ بچییە سەر ئەم دۆسییە، هـەمووی هەیـە. هەشــبووە داواکارییەکــەی یاســایی نــەبووە، بۆیــە لــەوێ وەڵامــی دراوەتەوەو دۆسیەکەی داخراوە.

وێڕای ئەمە، لە نوسینگەی وەزیریش جگە لە دیداری هاوڵاتیان، ئەویش هەر بە نووسـین کـە درەنگـیش دەسـتمان بـە تۆمـارکردنی کـرد، جگـە لــەوەی کــە تۆمــار نــەکرا، (٢٦١٢) دوو هــەزارو شــەش ســەدو دوازدە کەسیش لە نوسینگە بینراون، کە کۆی گشـتی دەکاتـە: (٥٨٠٦) پێـنج هەزارو هەشت سەدو شەش کەس بەوانەی دیداری هاوڵاتیانیشەوە.

واتە لەماوەی ئەو سێ ساڵو نیوەدا (٥٨٠٦) پێنج هەزارو هەشت سەدو شـەش کـەس بینـراون لـە بەرهـەمهێنی کشـتوکاڵ لـە کۆمپانیاکـان لـە جوتیاران بە هەموو جۆرەکانیەوە. جگە لەمانەش ئـەوەی کـە نـەشمان نووسیوە، بۆ نمونە دوای دەوامی فەرمیش زۆرجار پێشوازیم لـە خـەڵك کردووەو، خەڵکی هاتووە بۆ نوسینگەی تایبەتیم و داواکـاری هـەبووە. تەنانــەت لــە ماڵــەوەش دەرگــام بـۆ هــەموو کـەس کراوەبـووە، ئەمــە

بێجگەلــە بینینــی ســەدان هــاولآتی لــەکاتی ســەردان کردنــی شــارو شارۆچکەکان.

ڕۆژێك هەندێك لە دراوسێکانم هاتن بۆ لام، دوای ئەوانیش خـەڵك هـاتن‌و لـە دەرگایـان دا، جـا زۆرجـار ئـاوا خـەڵکێکی تایبـەت کـە بـە مەوعیـد هاتووە بۆ لام، خەڵکی دیکەش لە دەرگایان داوە، دراوسـێکانم گوتیـان بەبیّ مەوعید ئـاوا پێشـوازی لـە خـەڵك دەکـەن؟! گـوتم: لێـرەش هـەر دەرگام کراوەتەوە و هەر کەس بیّ لە خزمەتیان دەبم و نـاکریّ دەسـت بە ڕوویانەوە بنێم، بەلآم ئەگەر بە مەوعید بیّ باشترە.

زۆر جــاریش پەیوەنــدییان کــردووە بــە تەلــەفۆن، یــان لــە ڕێگــەی کەسێکەوە.

# باسی پێنجەم

# بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵ هەموولایەك کردوە

شتێکی دیکەی گرنگ کە دەمەوێ باسی بکەم ئەویش ئەوەیە، بەیەك چاو تەماشای هەموو لایەکمان کردووە هیچ کات ڕۆژێك لە ڕۆژان نەك هەر لەگەڵ هاوڵاتیان، لەگەڵ بەڕێوبەرە گشتییەکان و لەگەڵ بەڕێوبەرەکان و هەموو فەرمانبەرەکان، هەر کەسێك کە هاتووە بە یەك چاو تەماشامان کردوون لە ژیانمدا نەمپرسیوە ئەم بەڕێوبەرە گشتییە یا ئەم بەڕێوبەرە ئەم فەرمانبەرە، یا ئەم هاوڵاتیە کێیەو سەر بە چ حزبێکە.

بەڕێوبەر هەبووە لامان داوە کەسێکی دیکەمان لە جێگەی داناوە، بەپێی (C.V) ئەم کارەمان کردووە، پرسیارم نەکردووە کێ یە، چ حزبێکە، (C.V) هەبووەو لەنێوان چەند کەسێك کێ برِکێ کراوە، کێ پلەی زیاتری هێنا بێ ئەومان داناوە، کە لاشمان بردووە بە هەمان شێوە بووە هەرگیز نەمپرسیوە ئەم کابرایە سەر بە چ حیزبێك بووەو چ حیزبێك دایناوە. بۆیە لە بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکان جاری وابووە حیزبێك هاتۆتە سەر خەت بەرپرسەکان پەیوەندییان کردووە، یان هاتوون گوتوومانە: ئەم بابەتە کە بەم شێوەیە برِیارمان لێ داوە، هیچ پەیوەندی بە بابەتی حیزبایەتییەوە نییە و لەوانەشە جاری وا هەبوبێ

ئەندامانی کۆمەڵ کە ناسیویشمە وەك خەڵکێکی تری ئاسایی تەوقەم لەگەڵ کردوون‌و بەخێرم هێناون، دوایی کە چۆتە دەرێ تەلەفۆنی کردووە، گوتویەتی: وابزانم منت نەناسییەوە من فلان کەسم. گوتم: با، با باش تۆم ناسییەوە. گوتی: ئەی بۆ سارد بووی لەگەڵم، گوتم سارد نەبووم، ئەوە دیداری هاوڵاتیانە، من بە یەك چاو تەماشای هەمووان دەکەم، وەك چۆن بەخێرهاتنێکی مام حاجییەك دەکەم، کە نایناسم، هی جەنابیشت بەهەمان شێوە، بەڵام وەرە ماڵەوە با خزمەتت بکەم.

جا کە وەزیرم، وەزیری هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانم، تەنانەت ئەو هاوڵاتیانەی لە دەرەوەش دێن، لە هەر جۆرە ڕەگەزێك بن، یان هەر جۆرە ئایینێکیان هەبێ، بەبێ جیاوازی دەبێ کارییان بۆ ڕایی بکەم‌و داواکارییان بۆ جێ بەجێ بکەم.

## (بابای جولەکە):

جارێك کە دیداری هاوڵاتیان تەواو بوو گوتیان کۆمپانیاییەك هاتووە پێ ڕانەگەیشتووە، گوتم: با بێن‌و هاتنە نوسینگە سێ کەس بوون، یەکێکیان خەڵکی زاخۆ بوو یەکێکی دیکەش بیانی بوو لەگەڵ کوردێکی بەتەمەنیش. دیار بوو کۆمپانیاکە هی کەسێکی جوولەکە بوو لەگەڵ ئەو برادەرەی زاخۆ گرێبەستێکیان هەبووە بۆ پڕۆژەیەك، پێش کابینەی ئێمە بووە واتە پێش ساڵی (٢٠١٤)، بەڵام دواتر کە قەیرانی دارایی بەسەردا هاتووە، پڕۆژەکەیان ڕاگیراوەو کێشەی داراییان بۆ

دروست بوو بوو. منیش ئەوەندەی کە کرا قسەم لەگەڵ کردنو ڕێزم گرتن و خوێندنەوەم بۆ هیچ شتێك نەبوو، جگە لەوەی کە ئەوانە هاتوونو کێشەیان هەیە، چۆن بکرێ کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەم، ئەوەندەی کە پێم کرا هەوڵمدا کە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەم،و نووسراویشم بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ کردن.

یەکێکیان لەگەڵ هاتبوو کە پیاوێکی بەتەمەن بوو، گوتی: من لە تەلئەبیب دادەنیشم گوتم: یاخوا بەخێر بێی، چۆن لەوێ دادەنیشی؟ گوتی: (٥٧) پەنجاو حەوت ساڵ پێش ئێستا لە دەڤەری دهۆك بووم و چووم بۆ ئەوێ و هەندێ گفتوگۆمان کرد.

کابرای دیکە بە جوولەکەکەی گوت: کاکە تۆ بۆ قسەی خۆشو وێنەگرتن نەهاتووی لێی گەڕێ با کێشەکەمان چارەسەر بکا.

جوولەکەکەش گوتی: زۆر خۆشحاڵم، بۆ یەکەمجارە دەبینم وەزیرێکی کورد ئاوا مامەڵە بکا، ئاوا ڕێز لە خەڵك بگرێ، ئاوا بەدوای کێشەی خەڵکەوە بێ،و گوتی: هەندێك وێنە دەگرمو هیچ داوایەکی دیکەم نییە بە ئامانجو ئاواتی خۆم گەیشتووم.

گوتی: هیچ کارێکت نییە؟ گوتم: نەخێر بەڵام یەك قسەم هەیە، مادام لە تەلئەبیب دادەنیشی، ستەم لە فەڵەستینییەکان مەکەن، بەپێی توانای خۆت ڕێگری لەستەم لێ کردنیان بکە. گوتی: جەنابی وەزیر ئەوان زوڵم دەکەن، گوتم: ئێوە وڵاتتان داگیر کردوون دەیانگرن، دەیانکوژن، هەموو جۆرە ئیهانەیەکیان پێ دەکەن، ئەوانیش لەبەر ئەو

هەموو ئازارە، ناچار پەلاماریان داونەوەو دەستی کردۆتەوە کەی ئەوان زوڵمییان کردووە؟!

بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە ئێمە بۆ ئەوجولەکە و بۆ غەیری ئەویش، هەر کەسێك هاتبێتە لامان بە یەك چاو مامەڵەمان لەگەڵی کردووە و ئەمە بنەمای شەریعەتیشە: ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ ﴾المائدة: ٨

جا ئەم تێگەیشتنانە ئەوەی کە من باسییان دەکەم، هەمووی بناغەو بنچینەی قورئانی هەیە کە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دەکەی، کاتێك کە مسوڵمانو غەیرە مسوڵمان کێشەیەکی هەیە، گرفتێکی هەیە، دەبێ وەك یەك بە دەمیانەوە بچیت. کاتێك کە مامەڵەیەك دەکەی خزمەتی خەڵك دەکەی لە وڵاتێکدا، بەتایبەتی کە ناوێکی (ئیسلامیی)یت هەڵگرتبێ، بێگومان دەبێ بە یەك چاو تەماشای هاوڵاتیان بکەی،و لە ناخەوە پێت خۆش بێ خزمەتی بکەی، پێت خۆش بێ گرفتی چارەسەر بکەی، بەبێ جیاوازی کردن لەنێوانیان.

## باسی شەشەم

# هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی دیکە

دوایـین بـاس لـە هەڵسـوکەوتی سـەرکەوتووانە لەگـەڵ فەرمانبـەران و هاولاتیـان بـە گشـتی، بریتییـە لـە هەماهـەنگی و بەسـەرکردنەوە و بـە دواداچوون و سەرپەرشتی کردنی تەواوی فەرمانگەکانی سەر بە هەمان دامەزراوەی حکومەت لە سنووری هەموو قـەزاو ناحیـەکانی هـەر چـوار پارێزگاکـانی هـەرێم، سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان و بەدەمەوەچوونی داواکاریی و پێویستییەکانیان.

ئێمە چـەند جارێك لـە دوای دەسـتبەکاربوونمان وەکـو وەزیـر لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو، سـەردانی هـەر (٤) چـوار پارێزگاکەمان کـردووە،و سـەردانی کەرکووکیشـمان کـرد بـۆ مەبەسـتی بایەخی کشتوکاڵ و ئەو بابەتانەی کە لە خوارەوە دەهاتن یان لێـرەوە دەچوون بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق.

وێـڕای ئەمـەش، ئـەوەی کـە بەبیرمـە هـیچ قەزایـەك نییـە لـە هـەرێمی کوردسـتان سـەردانمان نـەکردبێ، سـەرەڕای ناحییـەکانیش جـاری وا هەبووە سەردانی گوندەکانیشمان کردووە.

ئەمەش جگە لە بەسەرکردنەوەی فەرمانگەکانی سـەر بـە وەزارەت، لـە شارو شارۆچـکەکان و سـەردانی یەکـە ئیدارییـەکانو بەسـەرکردنەوەی

یەکە ئیدارییەکانیشمان کردووە،و هەر لەوێش زۆر جار نالێم هەموو جار، دیداری هاولاتیانییش ڕێکخراوە، لە هۆڵی فەرمانگەی کشتوکاڵی ئەو شوێنە، ئەویش دیسان دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە، بەلام جگە لەمانە کە ژمارەیەکی زۆرە کە لە هەر شوێنێك چووبین، خەڵکێك کۆبۆتەوە و داواکاریو گرفتو کێشەی خۆی باس کردووە.

نەك هەر بۆ فەرمانگەکانی خۆمان چیمان پێ کرابێ ئەوەمان کردووە، بەڵکو بۆ یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانەش، زۆر جار کێشە و گرفت و داواکارییان هەبووە، ئەوەی کە پێم کرابێ دەستبەجێ لەوێ بۆم جێ بەجێ کردوون، ئەوەی تریش بەلایەنی کەم هەوڵمدا بۆخۆشییان دەزانن کە داواکارییەکانم گەیاندۆتە وەزارەتەکەی خۆی یان سەرۆکی حکومەت یان جێگری سەرۆکی حکومەت.

ئەوەی شایانی باسە ئەو هەماهەنگی و سەردانییانەی فەرمانگەکان تەنها لە سنووری وەزارەتەکەمان کورت هەڵنەهاتووە، بەڵکو پەلی هاوێشتووە بۆ فەرمانگە و دامەزراوەکانی دەرەوەی وەزارەتیش، بۆ وێنە: قائیمقامێك بەڕێوبەری ناحییەیەك پەیوەندی بە منەوە نییە، نە هاوکاری بکەم نە کێشەشی بۆ ببەمە لای وەزارەتەکەی خۆی یان بۆ لای سەرۆکی حکومەت، بەلام تەماشام کردووە پێویستەو گرفتی هەیە لای لێ نەکراوەتەوە، بە ئەرکێکی ئەخلاقیو ئاییینیشم زانیوە کە چیم پێ بکرێ بۆ ئەم دەڤەرە بەشێکی بۆ هاولاتییان بووە یان بەشێکیشی لەوانەیە جوتیارانی ئەو ناوچەیەش سوودیان لێ بینیوە ئەنجامی بدەم.

کەناڵ یاخود میکانیزمێکی دیکە بۆ ئەوەی هەم خەڵك بەرچاوڕوون بکەین لە کاروچالاکی و پڕۆژەکانمان و هەمیش بـە ئاسـانی بگـەین بە داواکاری و کێشەکانی هـاولاتی و فەرمانبـەران، بریتیـی بـوو لـە هۆکارەکــانی گەیانــدن و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و دەزگاکــانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی، کە یەکێك بوو لەو هۆکارانـەی کـە توانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایـەتی بـەهێز دروسـت بکـات لـە نێـوان هاولاتیان و دامەزراوەی حکومەت.

هەر لـە دەسـتپێکی کارەکانمـان دەسـتمان بـە ڕووی دەزگاکـانی ڕاگەیاندن نەناوە، هەر کات پرسیارییان بـووبێ داوای ڕوونکردنـەوەیان کردبێ، لەگەڵیان کراوەبـووین و مامەڵـەمان لەگـەڵیان ئیجـابی بـووە، و لێرەشەوە پێویست دەکا سوپاسیان بکـەم، کـە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بەبێ جیاوازی و تـا ڕاددەیـەکی بـاش، پـەیامو چـالاکییەکانی ئێمـەیان گەیاندووە، جیاوازیش هەبووە لە نێوانیانـدا کـە بەداخـەوە هەنـدێکیان زۆر حزبییانە بیریان کردۆتەوە ڕەنگە ئەو کارو چـالاکیو پڕۆژانـەی کـە گــرنگیش بــووە بــۆ هاولاتیــان، پێویســت بــووە بیگەیــەنن بــەڵام نەیانکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی سوپاسیان دەکـەمو پێزانینم بۆیان هەیە.

پاشان ئەوەی کە پەیوەندی بە ژمـارەی تەلەفۆنـەوە هـەبێ کـاتی خۆی ژمارە تەلەفۆنی خۆم لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیجی تایبـەتی خــۆم لــە پــەیجی وەزارەت بلاوکــردەوەو خــەڵکێکی زۆری هــەرێمی

کوردستان ئەم ژمارەیان لەلایە. ڕاستە لەم ڕووەوە لەوانەیە زۆر ماندوو بووبم و تەلەفۆنی زۆرم بۆ کراوە، لە هەموو کاتە جیاجیاکانیش کاتی خەوتن بووە کاتی نان خواردن بووە لەکاتی نوێژکردن، لە هەموو کاتەکان تەلەفۆنم بۆ کراوە. ڕەنگە ئەندازەیەکی باش ماندووی کردبم، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامم داوەتەوە چونکە لەوانەیەکەسێك کێشەیەکی هەبووبێ، ئاواتی ئەوە بووە کێشەکە بگاتە شوێنی خۆی.

جاری وا هەبووە، بە وەڵامدانەوەیەکی من بۆ هاوڵاتییەك کە وەڵامێکی ئیجابیش نەبووە بۆ ئەو، لەوانەیە کارەکەشی بەپێی ڕێنماییو یاساکانی ئێمە بۆ جێ بەجێ نەکرابێ، بەڵام گوتویەتی ئەگەرچی کارەکەشم جێ بەجێ نەکراوە، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم کە تەلەفۆنت وەڵام داومەتەوە.

جا ئەوەی فەیسبووکە، ئیمەیلە، هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، هەموو ئەو کەناڵانە کرابوونەوە بۆ هاوڵاتیان جا کێشەیان هەبووبێ یان داواکارییان ناردبێ یان ڕەخنەیان گرتبێ یان پێشنیارییان کردبێ. ئەمەش کەناڵێکی دیکە بووە، کە هەم من زیاتر لێی بەهرەمەند بووم، کە بتوانم سەرکەوتوو بم تێیدا، هەم بۆ ئەوانەیش کە لە شوێنێکی دوور بوون هی وا هەبووە لە پێنجوێن لە زاخۆ بووە کە بە تەلەفۆن داواکارییەکەی گەیاندووە و نەمانهێشتووە ئەم ڕێگا دوورە ببڕێ و مەسروف زۆر بکات.

هەروەك ئاماژەمان پێدا کە هەماهەنگی ئێمە تەنها لەگەڵ فەرمانگەکانی خودی وەزارەکەمانەوە نەبووە، بەڵکو چووەتە

دەرەوەی وەزارەت و لەگەڵ سێکتەرەکانی دیکەش ئەو پەیوەندی و هاوکاری و هەماهەنگییە هەبووە، کە ئەمەش بێگومان پێویستی بە ئالێیەت و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەوەی لەو پەیوەندییە سەرکەوتوو بێت.

هەڵبەت دیارە هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە، یەکێکی دیکەیە لە هەنگاوەکانی حوکمڕانی سەرکەوتوو، کە پێم وایە ئەگەر یەکێك بیەوێ لە سێکتەرەکەی خۆی سەرکەوتوو بێ دەبێ هەماهەنگیو پەیوەندی لەگەڵ سێکتەرەکانی دیکە، بەتایبەت کە پەیوەندی بەو هەبێ لەیەك نزیك بن و توندو تۆڵ بێ.

وەك باسم کرد پەیوەندییمان لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان کە هەمیشە پێویستمان بەوان دەبێ ئەو بڕیارانەی کە دەری دەکەین جێ بەجێ کردنەکە دەکەوێتە سەر فەرمانگەکانی خۆمان، یان فەرمانگەی یەکە ئیدارییەکان، بۆیە ئێمە پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ ئەوانە دروست کردبوو، بە سوپاسیشەوە دەڵێم، بەرانبەر بە ئێمە کەمتەرخەم نەبوون.

لەگەڵ وەزارەتەکان بە گشتیو وەزارەتی ناوخۆ بە تایبەتی پەیوەندی باشمان هەبوو و پێویستمان بەیەکتر دەبوو، بۆ نمونە: کاتێك ئێمە ڕێگری لە بەرهەمێك دەکەین بەشێکی زۆری پەیوەندی بەوانەوە هەبووە کە بڕیاری ڕێگرییەکە جێ بەجێ بکەن.

پەیوەندییمان بە وەزارەتی شارەوانییشەوە هەبوو، بۆ نمونە: ئـەو زەوییانـەی کـە کوژانـەوەیان بـۆ دەکـرێن، زەوییـەکی زۆر کـاتی خـۆی کوژاندنەوەیان بۆ کـراوە، کـە مـن زۆر جـار باسـم کـردووە، بەداخـەوە نزیکـەی (١,٦٠٠,٠٠٠) ملیۆنێـکو شـەش سـەد هـەزار دۆنم لـە باشـترین زەوی کشـتوکاڵی بـۆ پـڕۆژەی غـەیری کشـتوکاڵی بـردراوە، لەگـەڵ وەزارەتـی شـارەوانی ڕێـك کـەوتین لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو زەوییـە کشتوکاڵییانەی کە بردراوە ئەگەر سیفەتی کشتوکاڵی لەدەست نـەدابێ بیگێڕینەوە وە فیعلەن زەوییەکی زۆرمان گێڕایەوە بۆ جوتیارەکان.

ئێمە باشترین پەیوەندییمان هەبووە لەگـەڵ وەزارەتـەکان، لەگـەڵ یەکـە ئیدارییـەکانی ناوچـە جیاجیاکـان، تـا بتـوانین ئـەم سـێکتەرە سەربخەین، هیچ وەزارەتێك هیچ بەرپرسێك لە سـێکتەرەکەی خـۆی بـە تاقی تـەنیا نـاتوانێ بڵـێ سـەردەکەوم و گـوێ بـە سـێکتەرەکانی دیکـە نـادەم و پێویسـتیم بـە هەماهەنگییـەکی بـاش وپەیوەندییـەکی بـاش لەگەڵیان نیە.

# تەوەری دووەم

# چاکسازیی و بە گژداچوونەوەی گەندەڵی

# دەروازەی تەوەری دووەم

تـــەوەری دووەمـــی ئـــەم باســـەمان بریتییـــە لـــە (چاکســـازی و بەگژداچـوونەوەی گەنـدەڵی) کـە حـەوت باسـی سـەرەکی لـە خـۆ دەگرێـت، هـەر باسـێکیش لـەو حـەوت باسـە بۆخـۆی دیراسـەکەیە لەسەر چەمکی چاکسازیی و گەندەڵی و خسـتنەڕووی شـێوازەکانی پرۆســەی چاکســازی و رووبەرووبوونــەوەی گەندەڵییــە بــە هــەموو جۆرەکانییــەوە، بـۆ ئــەوەی لــە دەرەنجامەکەیـدا دامــەزراوەکان دابماڵدرێن لە هەر دیاردەیەکی گەنـدەڵی و بـوونی گەنـدەڵکاران، و سیســتمێکی حــوکمڕانی تەندروســت و ئیدارەیــەکی ســەرکەوتوو بێتەدی، بەشەکانی ئەم تەوەرەیەش ئەم ناوونیشانانەی خـوارەوە لە خۆ دەگرێ:

باسی یەکەم: چاکسازیی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

باسی دووەم: کێ دەتوانێ رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە؟

باسی سێیەم: هۆکارەکانی هەڵخلیسکانی مرۆڤ

باسی چوارەم: چاکسازیی کارگێڕی

**باسی پێنجەم: شێوازی دانان و لابردنی بەڕێوەبەرەکان**

**باسی شەشەم: خول و شاندەکانی دەرەوەی وڵات**

**باسی حەوتەم: ڕێگری کردن لە قۆرخکاری**

**بێگومان بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی چاکسازیی و بەگژداچوونی گەندەڵی، دەتوانین زۆر بە خێرا و ئاسانی و بەبێ هیچ گرفتێك هەنگاو بەرەو حوکمڕانییەکی تەندروست و سەرڕاست و سەرکەوتوو بنێین کە جێ ی ئومێدی هاوڵاتیان و زامنی گەشەکردنی وڵاتەکەمان بێت.**

# باسی یەکەم

# چاکسازیی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

بۆ ئەوەی قسە لە چەمکی چاکسازیی و چۆنییەتی بە گژداچوونەوەی گەندەڵی و پەیوەندی نێوانیان بکەین بە تایبەتی لە کاری دامەزراوەیی و ئیداریی و حوکمڕانیدا، دەتوانین بڵێین چاکسازیی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، پەیوەندیی پتەویان بە یەکەوە هەیە. هەر کاتێك چاکسازیی هەبێ نابێ گەندەڵی هەبێ. ئەگەر گەندەڵیش هەبوو دیارە چاکسازی نیە. لەوانەیە ئەندازەیەکی کەم چاکسازیی هەبێ، لە هەمان کاتدا ئەندازەیەکیش گەندەڵی هەبێ. بەڵام چاکسازیی بنەڕەتیو ڕیشەیی هەبێ، نابێ گەندەڵی هەبێ و دوو شتی دژ بەیەکن.

هەر کاتێك کەسێك لە دامەزراوەیەك دەست بەکار دەبێ، ئەو دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی باڵا بێ، سەرۆکایەتی حکومەت بێ، سەرۆکایەتی پەڕلەمان بێ، دەزگای دادوەری بێ، وەزارەتێك بێ، بێگومان ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبێتەوە، لە ئێستادا کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەکانی پێشووتریش کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە یەکەم کابینە پێك هێنراوە، تا ئێستا کە ئێمە لە (٢٠١٨)ین، دەکا (٢٦) ساڵە حکومەتمان هەیە.

گەندەڵی ئیدارییمان هەیە، گەنـدەڵی ئـابووریی‌و داراییمـان هەیـە، وە گەنــدەڵی سیاسییشــمان. بۆیــە پێویســت دەکــا ئــەوەی کــە سەرپەرشتی یەکێك لەم دامەزراوانە بکا، ڕووبـەڕووی ئـەم گەندەڵییانـە ببێتەوەو بە گژییاندا بچێتەوە.

## باسی دووەم

# کێ دەتوانێ رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە؟

بۆ ئەوەی بزانین چۆن و بە چ رێگایەك دەتوانین رووبەڕووی گەندەڵی ببینەو، و پاشانیش کێن ئەوانەی کە دەتوانن بە جیددی چاکسازیی بکەن و دژ بە گەندەڵی بووەستنەوە، جا ئەوەی لە میشواری چوار ساڵەی ئەزموونی حوکمڕانی و ئیدارەی دامەزراوەدا وەرمگرتووە و تێبینیم کردووە، ئەوەیە کە چاکسازیی‌و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە (٢) دوو ڕێگا دەکرێ:

**ڕێگای یەکەم:** بە دەرکردنی یاسا کە پەرلەمان دەری دەکات، یان پەیڕەو کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات و ڕێنماییەکان (تعليمات) وەزیر دەری دەکات، بڕیاریش هەم ئەنجومەنیش دەری دەکات، هەم وەزارەتیش دەتوانێ دەری بکا و هەروەها پەرلەمانیش دەتوانێ بڕیار دەربکات.

کەواتە دەبێ لەڕێگەی یاساو ڕێنماییەکان ڕێگە لە گەندەڵی بگیرێ و لە هەرێمی کوردستان جاری وا هەیە بڕیار و یاسا و ڕێنماییشمان هەیە، بەڵام ئەم یاساو ڕێنماییانە یان کاریان پێ ناکرێ،و پشتگوێ خراون. بۆ نمونە دەسەڵاتی حیزب کەسێکی دکتاتۆر ڕێگر بووە لەوەی

که ئەم یاساو ڕێنماییانە دەربکرێن. پاشان ئەگەر دەریش بکرێن دەبێ بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنیشەوە.

ئەم ڕێگایە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە پێویستی بە دروستکردنی لیژنە هەیە بۆ بەئەنجام گەیاندنی. واتە ئەو کەسەی کە گەندەڵی دەکا، یەکێك لەو گەندەڵییانەی کە باسم کرد، ڕەنگە پێویست بکا کە لیژنەی (تحقیق)ی بۆ دروست بکەی یان لەوانەیە پێویست بکا بیدەی بە دادگا ئەمانەش ڕێکاری خۆی هەیە.

**ڕێگای دووەم:** ئەوەیە کە ئەو کەسە خۆی کەسێکی چاك و پاك بێ و خاوەن ویژدانێکی زیندوو بێ.

ئەگەر بەراوردێ بکەین لەنێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا کە خواناسییان نییە یان کەمە، وەك ئێمە نین کە خوایەکی تاكو تەنیا بناسنو، لەسەر ڕێگەو ڕێبازێکی خوا بەیەکگرتن بن. بەڵام گەندەڵی ناکەن، چونکە یاسا هەیەو ڕێنمایی هەیەو، لێپرسینەوە هەیە. ئەمە بەشێکیانە، بەشێکی دیکەی ئەگەر ئەو یاساو ڕێنماییە ئاگای لەو کەسە نەبوو بێگومان ئەو کاتە گەندەڵی دەست پێ دەکات، جا ئەگەر دزییە، پارە خواردنە، ستەم کردنە لە خەڵك، یان قۆرغکارییە.

**<u>بەسەرهاتێك:</u>**

جارێکیان لە ساڵی (٢٠٠١) لە شاری (لایبزیگ)ی ئەڵمانیا بووم لە دوکانی برادەرێك کە (گەص فرۆش) بوو،و ساردەمەنی وەکو: بیبسیو

کۆلاو ئەوانەشی دانابوو. کۆمەڵێك قوتابی هاتن. کامیرەیەکی چاودێری لە ژوورەکەی خۆی دانابوو. ئەوەی کە کڕیارەکان داوایان کردبوو، ئەویش پێی دان. دواتر لە سەلاجەکە یەکێکیان هەندێك بیبسیو کۆلای خستە ناو جانتایەکەیەوە.

دواتر کە هاتنو پێش ئەوەی حیساباتەکە بکەن، هەستمان کرد کە یەکێکیان بە ئاماژە بەوانی دیکەی گوت: ئەها ئەوە کامیرەی چاودێرییە، دەنا شتی بردنو دزین دیارە، کە ئەوە هەندێك شتی خستبووە ناو جانتایەکەیەوە. جا کە حیسابات دەستی پێ کرد، یەکێکیان گوتی (٣–٤) سێ–چوار قوتوو (بیبسی)یشم لەناو جانتاکەم داناوە. خاوەنەکەی گوتی: نا کێشە نیە با ئەوە دیاری بێو پارەت لێ وەرناگرم.

جا مەبەستم ئەوەیە، ئەوە بەهۆی چاودێری کردنو لێپرسینەوەیە، بەڵام ئەگەر یاسا دیار نەبوو، ئەگەر ڕێنمایی دیار نەبوو، ئەگەر دادگا دیار نەبوو، ئەو کاتە ویژدانی زیندوو و ئیمان ڕێگر دەبێ لە هەر جۆرە گەندەڵییەك. ئەسڵەن ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە لەسەر ئەساسی ئیمانو ئیسلامو تەقوا پەروەردە بکرێ، ئەمەیان بەهێزتریشە لە یاساو ڕێنماییەکان. بەڵام ئەم یاساو ڕێنماییو دادگایە بۆ کەسێکە کە پابەند نابێ و لە گەندەڵی و حەرام و خراپە ناسڵمێتەوە، ناچار دەبێ یاساییەك دابنێیو ڕێنماییەك بۆ ئەو کەسە دەربکەی و دادگاییەکت هەبێ بۆ لێپرسینەوەو سزادانی.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر بمانەوێ گەندەڵی و گەندەڵکار نەمێنێ یان تارادەیەکی باش کەمبکرێتەوە، پێویستە رەچاوی هەردوو بواری یاسایی و هۆشیاری تاك بکەین لە رووی تێگەیاندن و پێگەیاندنییەوە، چونکە ئەگەر هەر بەشی یەکەم بێ واتە لە رووی یاساییەوە بێت، هەموو کەس بایی ئەوە بە پەنهانی مەجالی دەبێ کە گەندەڵی بکا، بۆ ئەوەی کاری کەسێك پێش بخات یان کارێکی نایاسایی و ناشەرعیی بۆ بکا دەکرێ لە بەرانبەر ئەوەدا پاداشتێك یان پارە وەربگرێ، بەبێ ئەوەی کە هیچ کەس ئاگای لێ بێ و کەسیش پێی بزانێ غەیری خوا، بەڵام ئەگەر بەشی دووەممان وەرگرت لە هۆشیاری و پێگەیاندنی تاکەکان بە تایبەتی لە رووی پەروەردەی ئیمانییەوە، ئەو کاتە تەقوا و لە خواترسان کاریگەری خۆی دەبێ لە دەستهەڵگرتن یان خۆ دوورگرتن لە تێوەگلان لە کاری گەندەڵی و پیسخۆری.

# باسی سێیەم

# هۆکارەکانی هەڵخلیسکانی مرۆڤ

هەڵخلیسکانی مرۆڤ و تێوەگلانی لە گەندەڵی بە بێ هۆ نییە، بەڵکو هۆکارگەلێك هەن کە رۆڵ دەبینن لەوەی مرۆڤەکان تەماعگیری دونیابن و فریوبدرێن و لە خشتەبچن.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەگەر کەسێك بۆخۆی چاك نەبێ، دڵنیام ناتوانێ چاکسازی بکات، خۆی چاك نەبێ قەت ناتوانێ چاکسازیی وپاکسازی و گۆڕانکاری بکا، یان خەڵك پاك بکاتەوە. چونکە وەك گوتراوە: ئەگەر دار خوار بێ قەت سێبەر ڕاست نابێ. ئەگەر کابرا خۆی چاك نەبێ قەت ناتوانێ چاکە پەخش بکات.

واتە چاکسازییو پاکسازیی گۆڕانکاری بە کەسێك دەکرێ کە لە ڕەگ و ڕیشەوە خۆی گۆڕی بێ، بەڵێ دەبێ سیستم هەبێ یاساو ڕێنمایی هەبێ بۆ ڕێگریی کردن لە گەندەڵی و خراپەکاری و بۆ لێپرسینەوەو سەرزەنشت کردن. بۆیە ئەم جۆرە پەروەردەیە زۆر پێویستە.

دیارە کە باسی وڵاتانی دەرەوە دەکەین، نالێین ئەوان پەروەردەییان نیە ئەوانیش بەپێی سیستمو عورفی خۆیان پەروەردە کردنیان هەیە، هەر لە گچکەییەوە تا گەورە دەبن، بۆ نمونە پەروەردەیان هەیە بۆ منداڵ کە سەرەتا دەچێتە قوتابخانە، یان

باخچەی ساوایان، دەیبەنە دەرەوە کە چۆن لە شەقام دەپەڕێتەوە نیشانەکانی ترافیك چۆنن چۆن شت بکڕن و لەسەرە بوەستن و خۆڵ و خاشاك فڕێ نەدەنە سەر شەقام...هتد. بە کرداریی فێریان دەکەن.

ئەو هۆکارانە زۆرن، کە مرۆڤ لە خشتە دەبەن و تووشی گەندەڵی دەکەن و وای لێ دەکەن بە کەڵکی ئەوە نەیەت کە کاروباری خەڵك بەڕێوە بەرێ و ئەم سێ هۆکارە سەرەکیین:

١) پارە، ٢) پۆستو پلە، ٣) ئافرەت.

کە ئەو سێ شتانە ئەگەر بە ناشەرعیی دەستی بۆ ببرێ ئەوا مرۆڤ بە گشتی و بەتایبەت بەرپرس و کاربەدەستان لە خشتە دەباو بە کەڵکی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك نایەن.

کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەماعی مرۆڤ تەواو نابێ، مەبەستم ئەو شتانەیە کە مرۆڤ بە ناشەرعیی بەدەستی دێنێ، دەنا خۆ ئینسان دەکرێ تمووحی گەورە گەورەشی هەبێ ئامانجی گەورەی هەبێ بۆ خزمەتکردنی خەڵك.

ڕاستە ئەگەر کەسێك وەزیر بێ ئەوە بەرزترین پۆستی هەیە پاش سەرۆکایەتی حکومەت، بەڵام مرۆڤ ڕەنگە هەر ئاواتی زیاتر هەبێ ئەگەر بڵێی لە خشتەی نابا بێگومان لەم ڕووەوە لەخشتە بردن هەر دەمێنێ، بۆ نمونە ڕەنگە بەڵێنی پێ بدرێ و لەو ڕێگایە لابدا ئەگەر قەناعەتی بگۆڕێو وەکو ئەوان حوکمڕانی بکا، لەوانەیە بەڵێنی شتی دیکەی پێ

بدەن، یان بەلایەنی کەم لە پۆستەکەی دەیهێڵنەوە، ئەوەش هەر دیسان ڕێگایەکی زەفەر پێ بردنی ئەو خەڵکەیە، بۆ ئەوەی کە لە ڕێگا دروستو تەندروستەکەی خۆی لای بدەن.

بۆ نمونە ئافرەت، کە ئەویش هەندێ جار بۆ مەرامی خراپ بەکاردەهێنرێ، هەڵبەتە کەمتر لە کۆمەڵگای کوردەواریی، بەڵام بە دوو جۆر بەکار دەهێنرێ، ڕەنگە هەبێ هەر ڕەغبەتی هەبێ ئەگەر ئەو کەسە وریا نەبێ لەم ڕێگایەدا تووشی هەڵەو تووشی خلیسکانێك دەبێ کە زیانی زۆر بە کارەکەی خۆیو بە خۆشی دەگەیەنێو سەرکەوتووش نابێ.

یاخود ئەگەر باسی لایەنی کرداریی بکەین، بۆ نمونە: پارە لە سەرەتادا کە دەست بەکاربووین (٣٠,٠٠٠ $) سی هەزار دۆلاریان پێدان گوتیان: ئەوە بۆ هەموو وەزیرەکان دانراوە بۆ کڕینی کەلو پەلەکانی ناوماڵ چونکە میوانی دێتو پێویستە ناو ماڵێکی ڕێك و پێکی هەبێ.

من سەرەتا نەمزانی بۆ چییە؟ کە پارەکەیان هێنا شەوەکەی بردمەوە ماڵەوە، و بەدڵنیاییەوە منیش وەك هەرکەسێك پێداویستیم هەیە پێشم خۆشە ماڵێکی ڕێكو پێکم هەبێ. شەو زۆر بیرم کردەوەو دوودڵ بووم، کە ئایا ئەو پارەیە دروستە بۆ من یان نا؟! لە بەرانبەر چییە؟ ئایا من بایی ئەوەندە خزمەتم کردووە، ئایا ئەمە پارەی خەڵك نییە؟!

بەیانی پارەکەم بردەوە بۆ وەزارەت، بانگی بەڕێوبەری نوسینگەی خۆمم کرد گوتم پێیان بڵێ ئەگەر من دەستکراوە دەبم، بیدەم بە هەر کەسێك بە هەر پڕۆژەیەك، ئەوە سوپاسییان دەکەمو لەسەر ئەو بنەمایە وەری دەگرم و وەسڵەکانیان بۆ دەنێرمەوە،و ئەگەر تەنها بۆخۆم بێتو مێزو کورسیو تەلەفزیۆنو کەلوپەلی ناو ماڵی پێ بکڕم ئەوە من نامەوێ!

هەندێك برادەر بەدڵسۆزی گوتیان جا کێشە چییە وەری گرەو، ئاوا بەکاری بێنە، گوتم: ئەوەش بە دروست نازانم کە بەناوی شتێکەوە وەری بگرمو بۆ شتێکی دیکە بەکاری بێنم.

گوتیان: نەخێر ئەوە بۆ کەلو پەلی ناوماڵە منیش گوتم: دەنا من نامەوێ،و پارەکەم ڕەت کردەوە.

جا لەم ڕێگایەوە زۆر شتی دیکە دێتە پێش، کۆمپانیایەك هاتبووە وەزارەت دەیانویست جوجکەی یەك ڕۆژەو دوو ڕۆژە لە ئێرانەوە بێنن. پارەیەکی زۆرییان دەدا، داوایان لە پارێزگاری (سلێمانی)یش کردبوو کە ئەگەر هاوکارییەك ببێ پارە بدەنە پارێزگا بەناوی ئەوەی کە سلێمانی پێویستی پێیەتیو قەیرانی داراییەو کێشەی پێ چارەسەر بکەن و بەناوی ئەوەی کە برێك پارەش بدەنە ئێمە بۆ وەزارەت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك قبوڵم نەکردوو و بە دروستیشم نەزانیوەو ڕێگەشم نەدان بێنە لای من.

چونکە ئەو برە پارەیە بۆ نمونە کە (یەك ملیۆن دۆلار) دێنێ ئەم پارەیە لە بری چییە؟! لە بەرامبەر هێنانی جوجکەی یەك ڕۆژی. لەکاتێکدا ئێمە لێرە (مفقص)مان هەیە ئەو هەموو دەواجینەمان هەیە نابێ منیش

حیسابێك بۆ ئەم سێکتەرانە بکەم کە هەموویان تووشی زیان دەبن و ئـەو سێکتەرە بە تەواوی وێران دەبێ و بەسەدەها خانەوادەشی بێ کار دەبێ.

بۆیە گوتومە: بەهیچ شێوەیەك وەرگرتنی ئـەم جـۆرە پارانـە بـە دروسـت نازانم،و گەورەترین گەندەڵییە چونکە:

١) بەهیچ شێوەیەك ئەم پارەیە نە بۆ ئێمـە وەك وەزارەت نـە بـۆ پارێزگـا دروست نییە.

٢) من نایەم سێکتەرێك وێران بکەم بۆ قازانجی چەند کۆمپانیایەك.

یـاخود جـاری وا هــەبووە کـابرا هاتۆتــە ماڵــەوە کـارێکی هــەبووە، گوتوویەتی: دەکرێ تۆش هاوکاریمان بکەی ئـەوە پڕۆژەیـەکی گەورەیـەو بۆ کوردستانیش قازانجە، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکە باشـتر بـڕوا، بـرادەران دەڵێن: با تۆش سەهمێکت هەبێ.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـەردەوام هەوڵـدراوە کـە پـارە و دەسـتکەوتی ماددیم بخرێتە پـێش لـە بەرامبـەر ئـەو کارانـەی بۆیـان دەکـەم، نمونـەی ئەمەش زۆرن لەڕێگەی کەسیی لەڕێگەی کۆمپانیا لەڕێگەی دۆسـت جـاری وا هەبووە خزمییان بەگژدا کردووم گوتوومە ئـەوە مـاڵی خۆمـە، لـەڕووی عورفــەوە نــاتوانم هــیچ بڵــێم دەنــا ئەگــەر لــە نوســینگەکەم بــان، ئــەوە نەمدەهێشــت ئــەو چــایەی بەردەمیشــت بخۆیتــەوەو دەرم دەکردیتــە دەرەوە.

ئەوە بۆ من دروسـت نییـە و ئـەو پێشـنیارو ئـەو پڕۆژانـەش مـەهێنن. لـە بەرانبەر ئەوەدا بە هەموو ئەوانەم گوتووە، کە هیچ هەڵوێستێکی سەلبییم

بەرامبـەرتان نـابێ، ئەگـەر کـارێکی یاسـاییتان هـەبێو بـەپێی ڕێنمـایی و یاسا، هەر کارێکتان هەبێ من کار ئاسانییتان بۆ دەکەم.

بۆ نمونـە، بـۆ هێنـانی بەرهـەمێك لـە دەرەوە کـە ئێمـە قەدەغـەمان کردووە، وەك: دوگی مەڕ ئێمە لەبـەر ئـەوەی کـە لـە خـەڵکی پسـپۆڕمان پرسیوە دوگ نەخۆشیی پێوەیـەو نەخۆشـیش دەگوازێتـەوە، بۆیـە ئێمـە قەدەغەمان کردووە. جا خـەڵکێك لەڕێگـەی هەنـدێك بـرادەری خۆمانـەوە گوتوویانە: ئێمە بەشی (کۆمەڵی ئیسلامیی)یشی لێ دەدەین.

گوتومــە بــەهیچ شــێوەیەك بەدروســتی نــازانم، ئەگــەر هــەموو قازانجەکەش بدەن بە(کۆمەڵی ئیسلامیی)، هەر نایکەم، چـونکە ئەمـە لـە بنەڕەتدا قەدەغەیە و شتێکیش کە لەڕووی یاساوە، یـان بـەپێی ڕێنمـایی خۆمــان قەدەغــەمان کــرد بــێ ئــەوا ڕێگــەی پــێ نــادەین و لــە ڕووی شەرعیشـەوە ئـەو کاتـە ڕێگەپێـدانی هـەر قەدەغەیـە و ئـەو هاوکاریـەش حەڕام دەبێ.

جا مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی ئەوەی کە بەرپرسە ڕووبەڕووی هەموو ئـەو خەڵەتانـدنو هەڵخلیسـکانە دەبێتـەوە. پـێم وایـە هـەرکاتێکیش ئینسـان یەکێك لەمانە یان زیاتر لە یەکێك لەمانە و شتی دیکەش، زەفـەرییان پـێ برد و مێشكو دڵییان داگیر کرد، دڵنییاین ئەو کەسە ناتوانێ لە کارەکـەی خۆی سەرکەوتوو بێ.

# باسی چوارەم

# چاکسازیی کارگێڕی

ئەنجامدانی چاکسازیی لە رووی ئیداری و کارگێڕییەوە بەتایبەتی لە پرسی (بن دیوار) کە بوەتە بابەتێکی گەرمی نێو پڕۆسەی چاکسازیی و بارێکی قورس بەسەر جەستەی حکومەت و بە فیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لەسەر حیسابی فەرمانبەرانی راستەقینە و بێ بەش بوونیان لە مافە یاساییەکانی خۆیان.

جا لەم رووەوە هەوڵی بێ وچانی خۆمان داوە بۆ ئەوەی ئەم دیاردە قێزەونە و ئەو گەندەڵییە بێ رەزایە ئەگەر لە وەزارەتەکەی ئێمە هەبێت بنەبڕبکەین و لە لیستی پاکی فەرمانبەرانی راستەقینە بژاریان بکەین و نەیانهێڵین، بۆ نمونە لەو کاتەی وەزیری کشتوکاڵ بووم باسی بابەتی (بن دیوار) کرا، زۆر کەس نامەی بۆ ناردووم تەلەفۆنیان بۆ کردووم لە دانیشتن پێیان گوتووم، گوتوومە: سێکتەری کشتوکاڵ فراوانە، من ئەو کاتەی دەست بەکاربووم (١٤,٠٠٠) چواردە هەزار فەرمانبەرمان هەبوو، بەڵام دواتر بەهۆی خانەنشینو مۆڵەتی بێ مووچەو ئەو شتانە، ئێستا ماوەتەوە (١٢,٠٠٠) دوازدە هەزار فەرمانبەر.

پێم گوتوون: كە شوێنەكەم بۆ دیاری بكەن، یان ناوەكەیم بدەنێ، بەدواداچوون دەكەم، جا (١–٢) یەك– دوو شوێنیان پێ گوتم، منیش لیژنەیەكی تایبەتم ناردووە بۆ ئەم شوێنە،و لەناكاویش ناردوومە،و هەتا جاری وا هەبووە، بە لیژنەكەشم نەگوتووە، یەكسەر بەیانییەكەی كە چوومەتە دەوام، پێم گوتوون، ئێستا بڕۆنە ئەو فەرمانگەیە، بزانن چەند فەرمانبەری لێ یە،و ئەوەی كە لەوێ نیە، یەكسەر بانگێشتی بكەن‌و بزانن بابەتەكە چیە؟

جا وەكو بندیوار بەدواداچوونمان كردووە، ئەوەی بۆم دەركەوتووە بندیوار نەبووە، بەڵام (تناوب) بەنۆبەت دەوامكردن و كەم دەوام كردن هەبووە، لەبەر ئەوەی كە قەیران بووە، لە هەندێك شوێن قەبوڵمان كردووە، چونكە مووچە نەبووە، چارەگە مووچە، یان نیو مووچە هەبووە، لەوانەیە ئەو فەرمانبەرە نەتوانێ هەموو ڕۆژێ بێ بۆ دەوام یاخود پێویستی بە كاری دیكە هەبووە. فەرمانبەر هەبووە كە بەڕێوبەریش بووە هاتۆتە لام گوتوویەتی: كە خانووم كرێ یە، شەش منداڵم هەیە، سەیارەم هەبووە بەهۆی كێشەی دارایی و ژیان فرۆشتومە، ئێستا ناتوانم بەبێ مووچەیی بێمە دەوام.

لەم ڕووەوە بووە، كە لەوانەیە مۆڵەتمان پێ دابن، كە نەیانتوانیبێ دەوامی تەواو بكەن.

پـێم وایـە هـەر بەرپرسـێك لـە هـەر دامەزراوەیـەك ئەگـەر تـوانی خـۆی بپارێزێ لە گەندەڵییەکان بە گشتیی، دەشتوانێ ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

بەر لەوەی باسی ئەوە بکەم کـاتی خـۆی کـە دەسـت بـەکاربووم گـوتم ئەگەر بۆخۆم چاوم لە پارەی حەرام نـەبێ، ئـەو کـات دەتـوانم ڕێگـری لەوانە بکەم کە پارەی خـەڵك بـەفیڕۆ دەدەن، کۆمپانیایـەکی ئـەڵمانی، بەناوی (Land berrger ) کە پێشتر گرێ بەستییان لەگەڵ کردبوو، گـرێ بەسـتەکە بـایی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیـۆن دۆلار بـوو، لـە گـرێ بەستەکە (٣) سێ ئەرکیان پێ سپێردرابوو:

١) پلان بۆ وەزارەت دابنێ.

٢) هەیکەلێکی نوێ بۆ وەزارەت.

٣) هەندێ بنەما دابنێ کە بەهۆیەوە بەرهەم زیاد بکرێ.

نزیکـەی سـاڵێك تێپـەڕیبوو بەسـەر ئـەم گـرێ بەسـتە، بـەڵام ئـەم کۆمپانیایـە هـیچ کامێـك لـەو ئەرکانـەی کـە بـەپێی گرێبەسـتەکە پێـی سپێردرابوو ئەنجامی نەدابوو و وردە وردە ئـەو پـارەی کـە تـەرخانیش کرابوو دەیانبردو دەیانخوارد.

گوتم خۆ ئەوانە کارەکـانی خۆیـان جـێ بـەجێ نـەکردووە، ئەگـەر یـەك ئەرکیشیان جێ بـەجێ کردبـا، لـە سـاڵێکدا دەبـوو کارەکـانی کـە لـەم گرێبەستەدا هاتبوو تەواویان کردبا.

گـوتم: ئـەم گرێبەسـتە هەڵدەوەشـێنمەوە گوتیـان ئـەوە حکومـەت هێناویەتیو لەگەڵ ئەڵمانیایـە. گـوتم لەگـەڵ هـەر کەسێك بێـت، ئـەوە پارەی هەژار و نەدارانە، بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دۆلار بڕێکی کەم نیە، سـەرەتای پەیـدابوونی قـەیرانی دارایـی بـوو هەنـدێکیان گوتیـان: لەڕوی یاساییەوە دروست نیە هەڵبوەشێنرێتەوە، گوتم: ئـەدی لـەڕووی یاسـاییەوە دروسـتە ئـەم دوو ملیـۆن دۆلارە لـە هـیچو خـۆڕایی بدەنـە ئەوانە؟

پارێزەرێکیان گرتبـوو ڕۆژێکیـان هاتـە لام و پـێم گـوت: دروسـتە ئـەو پارەیەی لە هـیچو خـۆڕایی بخـۆنو هـیچ کـارێکی گـرێ بەستەکەشـیان نەکردووە. گوتم من بەپرسیار دەبمو دێمە بەردەم دادگاش. دواتر گـرێ بەستەکەم هەڵوەشاندەوە. هەرچـەندە پارەیـەکی باشـیان بـرد، بـەڵام تۆزێکمان هەر گێڕایەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

لەلایـەنی دارایـی، مینحەیـەکی بەردەسـت هـەبوو پێشـی ئێمـە مـانگێ (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پـازدە ملیـۆن دینـار بـوو کـاتی کـە مـن هـاتم کرایـە (٧,٥٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینـار، ئـەو مینحەیـە لـە دەسـەڵاتی وەزیـرە، چـاودێری دارایـی و لیژنـەکانیش نـاتوانن لێپرسـینەوەو بەدواداچـوون بـۆ ئـەو پارەیـە بکـەن، تـەنها دەسـەڵاتی وەزیرەو وەزیر ئازادە بۆ هەر شتێك حەرجی بکات.

کاتێك کە من هاتم گوتم: با ئەو پارەیە لای من نەبێ، لە بەشی ژمێریاری وەزارەت، لیژنەیەکمان داناو پارەکەم تەسلیمی ئەو لیژنەیە کردەوە و گوتم: بەپێی ئەو نووسراوانەی کە بۆتان دەنێرم، دەیدەن بە کەسەکان، کەسی هەژار و نەدار، پێشمەرگە، نەخۆش، یان فەرمانگەکانی خۆمان کە پێویستیان پێ بووبێ، یان فەرمانبەرەکانی خۆمان، هەتا یەکە ئیدارییەکان کە پێویستیان بووبێ‌و لە توانای من دابووبێ لەو پارەیە بۆم جێ بەجێ کردوون،و هەموو بەڵگەنامەکان ئێستاش ماوە و لەکاتی خۆشیدا من هەموو ئەو ژمارانە بۆ ڕای گشتی دەیخەمە ڕوو.

ڕۆژێکیان لیژنەیەك هات لە (چاودێری دارایی)، دا پێشتر من بەم لیژنەیەم گوتبوو هەر کەسێك من ڕەوانەم کردووە بۆ ئەم پارەیە، بۆمن جوان نیە بەڵام ئێوە کۆپییەکی ناسنامەو ژمارە تەلەفۆن‌و ئەو شتانەی لێ وەرگرن‌و لەلای خۆتان بیهێڵنەوە.

ئەو لیژنەیەی کە هاتبوو دەیانگوت واباشە ئەو بڕە پارەیە بۆ کێ سەرف دەکرێ کۆپی ناسنامەی لێ وەربگیرێ لەگەڵ ژمارە تەلەفۆن‌و ڕاپۆرتی پزیشکی ئەگەر نەخۆشە منیش گوتم: من ئەوەم بە لیژنەکە گوتووە بەڵام بۆ بڕێکی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری حەز ناکەم نەخۆشێك ئەوەندە ماندوو بکەم‌و شعوری بریندار بکەم.

بەو لیژنەیەم گوت: ئێوە چوون بۆ لای هیچ وەزیرێکی دیکە؟ دەتوانن ڕاپۆرتی دوو وەزیری دیکەم بۆ بێنن کە ئەم پارەیە چی بەسەردێ؟ بڕۆن ئەمە بکەن جا دوایی وەرنەوە و هی منیش لای من نیە لای ژمێرپارییە بڕۆن با هەموو وردەکاریەکەتان بدەنێ.

ماوەیەکی پێ چوو ئەم لیژنەیە پێشنیازیان کردبوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە ئەم پارەیە ببڕدرێ هی هەموو وەزارەتەکان. من پێم وابوو ئەم پارەیەی ئێمە چونکە بۆ خەڵکی هەژارو نەخۆشو پەککەوتەو فەرمانبەر بوو کە پێویستیان پێ بوو و لێی سوودمەند بوون بۆیە ویستوویانە بیبڕن. بۆیە ئەو ئایەتەم بە پێش چاوداهات کە خوا دەفەرمویێ: (**أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ**) الأعراف: ٨٢.

واتە: دەریان بکەن لە ئاواییەکانو ناوخۆتان چونکە ئەوانە خەڵکێکن خۆیان بە پاك دەگرن.

بەداخەوە لە بەرامبەر ئەو هەوڵە چاکسازیی و کارە دروستانەی کردوومانە لە رووی کارگێڕییەوە کە بڕەپارەیەکی زۆرمان بۆ خەزێنەی حکومەت و وەزراەت گەڕاندووەتەوە، کەچی لێرەو لەوێ بە بێ بەڵگە و هەر لە خۆڕا تۆمەت و بوختانی ناڕەوایان بۆ هەڵبەستووین کە گوایە تەنها ئەندامانی (کۆمەڵی ئیسلامیی) سوودمەندی ئەم بڕە پارانەیە! کەچی بە پێچەوانەوە ئەوەی کەمترین سوودمەند بووبێت لەم بڕە پارەیەو لە شتی دیکەشدا ئەندامو لایەنگرانی (کۆمەڵی ئیسلامیی)

بـوون. چـونكه بـەبێ جیـاوازی خـەڵك بـە گشـتی هـاتووە،و لەوانەیـە هەشبێ، كە هاتبێ ئەندامی (كۆمـەڵی ئیسـلامیی)ش بـووە، لـە هـەژارو نەخۆش. بەڵام من نەمزانیوە و قەت لەبەرچاوم نەگرتووە، كە ئەوە كێ یەو كێ نیە. ڕەنگە ئێستا ئەم حیسابە بكرێو بەدواداچوونی بۆ بكرێ، دەركەوێ كە زۆرترین سوودمەند لەنێو خەڵكی حیزبێكی دیكە بووبێ.

زۆرجار خەڵكی نێو (كۆمەڵی ئیسلامیی) گلەیی كردوە كـە ڕەنگـە بـاش بەدەمیانەوە نەچووبم یا چاوەڕوانی زیاتریـان كردبـێ حـەقی خۆشـیانە چونكە من لەسەر پشكی ئەوانم بەڵام سەرەنجام وەزیـر دەبـێ وەزیـری هەموو لایەك بێ و بەبێ جیاوازی.

# باسی پێنجەم

# شێوازی دانان و لابردنی بەڕێوەبەرەکان

لەگـەڵ پێکهێنـان و دەسـتبەکاربوونی هـەر کابینەیـەکی تـازە وەکـو ئـــەوەی کـــە بـــاوە و بـــەردەوام دووبـــارە دەبێتـــەوە، وەزیرەکـــان دەستدەکەن بە گۆڕینی زۆربـەی بەڕێوەبـەرەکان و لـە جیـاتی ئـەمان بەڕێوەبەری تازە دادەنـێن، جـا بـۆ ئـەوەی خوێنـەرانی بـەڕێز بـزانن و بەرچاوڕوون بن کە ئێمـە چـۆن مامەڵـەمان لەگـەڵ ئـەم پرسـە کـردووە لەوکاتـەی دەسـتبەکاربووین، حەقیقـەتێك هەیـە کـە دەبـێ ڕاشـکاوانە بیڵێم ئەویش ئەوەیە کە بەڕێوبەرەکان پێشتر لابردنو دانانیان لەلایـەن حیزبەوە بوو، واتـە حیـزب بەڕێوبـەرەکانی دانـاون، هـەر حیـزبیش لای دەبردن.

کە دەستبەکاربووم سیستمێکم دانا، چـۆن دەسـتی حـزب لـەم بابەتـە ببڕم هەموو حیزبێك و بەحیزبیەکەی خۆشمەوە لەم ڕووەوە بـە قسـەی ناکەم، هەرچەند حزبی ئێمە سـەرەتایە، ئەگـەرنا (پـارتیو یـەکێتی)ین کە هەموو کارێکیان کـردووە لـەم ڕووەوە، هـەتا فەرمانبـەرەکانیش لـە دەڤەری سەوز زۆربەیان یەکێتین لە دەڤەری زەرد زۆربەیان پارتین. بە هەرحاڵ ئەوە ستەمێکە، بەڵام دەبێ ئەوە لە شوێنێك ڕابگیرێ دەبێ لە

شوێنێك ئەم چاكسازییە بكرێ، چونكە ئەوە گەندەڵییەكی گەورەیەو پێویستە كۆتایی پێ بێ.

بۆ ئەم بابەتە هەڵساین فۆڕمێكیمان دروست كرد، لیژنەیەكی پسپۆڕیشم دروست كرد خۆشم ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیم دەكرد كە لە هەر شوێنێك بەڕێوبەرێك لا ببەین، یان خانەنشین بێ یان بیگوازینەوە ئەوەی دیكە چۆن دادەنێین. كە ئەوەیان گرنگە. ئەوەی یەكەمیش، لابردن و گواستنەوە لە دەسەلاَتی وەزیرە،و هۆكاریش دەبێ هەبێ، بۆ دانانیش فۆڕمی هەڵسەنگاندن هەیە و پلە دیاری كراوە، هەر كەسێك لەوێ یان لە شوێنی دیكە بۆ ماوەی هەفتەیەك ڕادەگەیەنرێ بۆ نمونە كە پۆستی بەڕێوبەری باغداری لە فلاَن شوێن ئێستا بەتاڵە، كێ ئارەزووی بۆ ئەم پۆستە هەیە بەپێی فۆڕمو پلەبەندی لیژنەمان هەبووەو كێ بڕكێ یان كردووە.

ئەوانەی كە فۆڕم پڕ دەكەنەوە هیچ كات نەمپرسیوە ئایا ئەوانە كێن و سەر بە چ حیزبێكن بەپێی فۆڕمو بنەمایەكان كامەیان پلەی یەكەمی هێنا بێ، ئەوا ئەومان كردوە بە بەڕێوبەر، لێرەدا حیزب هاتۆتە سەر خەت ئەوەی كە پێشتر بەڕێوبەری داناوەو لایبردووە. گوتویانە: با فلاَن كەس ببێتە بەڕێوبەر گوتومە: نەخێر ئەوە هەڵسەنگاندن و كێبڕكێ ی ئێمەیەو ئەوە دەبێتە بەڕێوبەر، گوتویانە: با فلاَن كەس لانەچێ گوتوومە نەخێر دەبێ لابچێ بۆ نمونە بەڕێوبەر هەبووە لە قەزایەك

گەنــدەڵی کــردووە بەدواداچوونیشــمان کــردووەو بەڵگــەمان دەســت کـەوتووە کـە گەنـدەڵی کـردووە. منـیش بڕیـارم داوەو لامـبردووە جـا حیــزب بــە گــەورەو گچــکەیەوە هاتۆتــە ســەر خــەتو ســەروگوێ ی بەڕێوبـەری گشـتی ئـەو پارێزگایـەی گرتـووە کـە نـابێ ئـەوە لا بچـێ، گوتومە چ قسەیەکیان هەیە با ڕووبەڕووی منی بکەنەوە. یان گوتویانـە ئەوە تاکە مەسیحییەکە بەڕێوبـەرەو بـا هـەبێ گوتومـە نـەخێر، ئەگـەر ئــەوە کێشــەیە بــا مەســیحییەکی تــر بــێو ئــەو مەرجانــەی هــەبێتو دەیکەینە بەڕێوبەر. ئـەو کەسـە گەنـدەڵی کـردووەو نـابێ لـەو پۆسـتە بمێنێتەوە.

سەرەتا ئەو کێشانەمان هەبوو بەڵام دواتر کە زانییان ئێمە سیستمێکی دادپەروەرانەمان هەیەو گوێ بەهیچ کەسـێکیش نـادەین، لـەم ڕووەوە گوێ لە هیچ کەسێکیش ناگرین، ئیدی وازیان هێنا.

من پـێم وایـە وەزیـر دەسـەڵاتی هەیـە بۆیـە دەبـێ دەسـەڵاتەکەی بەکاربێنێ، ئەگەر وەزیر نـەیتوانی کارەکـەی خـۆی جـێ بـەجێ بکـات، ئەوە دوو حاڵەت هەیە، یان خۆی بێ توانایە، یان ڕێگری لێ کراوە.

ئەگەر خۆی بێ توانایە ئەوا پێویستـە دەسـت لـە کاربکێشـێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕێگری لێ کراوە، دەبێ ڕایبگەیەنێ بۆ ڕای گشـتی، کـە مـن وەزیــرێکم لــەو ســێکتەرە دانــراوم، ڕێگــەم پــێ نــادرێ کــار بکــەمو، بڕیارەکانم جێ بەجێ ناکرێو ئەگەر بگاتە ئەو ئاستەی حەقی خۆیـەتی

بڵێ: ئەوە دەستیشم لەکار کێشایەوە. چونکە ئەگەر وەك پێویست کارەکەی پێ نەکرێ، بۆچی خۆی عەیبدار بکاو، حیزبەکەشی عەیبدار بکاو، خەڵکیش تووشی گرفتاری بکات.

ئەوەی کە باسم کرد پەیوەندی بە بەڕێوەبەرەکانەوە هەبوو، بەڵام سەبارەت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە لە رووی پلەی وەزیفییەوە لەسەرووی بەڕێوەبەرەکانەوەن، جا بۆ ئەوەی بزانین چۆن مامەڵەمان لەگەڵ ئەوان کردووە کاتێك دەستبەکاربووین، پێم وایە پێش بەڕێوبەرەکان، بەڕێوبەرە گشتییەکان دەبێ لە دەسەڵاتی وەزیر بێ، لایانبداو دایانبنێ، بەڵام دانانی بەڕێوبەرە گشتییەکان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەو، بۆتە (پشك پشكێنە) وەك عورفێك،و لابردنیشیان بە هەمان شێوە، کە پێم وایە ئەوە سیستمێکی زۆر هەڵەیە، بۆیە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش باسم کردووە، کە بەڕێوبەری گشتی لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیرەوە هەیە، کاریان بە یەکەوەیە، بۆیە پێویستە لە دەسەڵاتی وەزیر بێ، کێ دابنێ،و کێ دانەنێ،و کێ لاببات،و هەتا ڕاوێژکارەکانیش بەهەمان شێوە، کە زۆر لە وەزیر نزیکن،و ڕاوێژکاری وەزیرن، پێم وایە دەبێ ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیر بێ، کە کەسی بەتوانا، کەسێك کە پێی وا بێ هاوکارێکی باشی دەبێ لە سێکتەرەکان، ئەوە بکات. هەڵبەت بەپێی میکانیزم و پێوەرو ڕێنمایی و شایستەبوون.

## باسی شەشەم

# خول و شاندەکانی دەرەوەی وڵات

ئەوەی شتێکی روون و ئاشکرایە بەردەوام لە کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم خول و ئیفاد بۆ فەرمانبەران هەبووە لە وەزیرەوە بیگرە تا دەگاتە فەرمانبەرێکی ئاسایی، بەڵام بەداخەوە نادادپەروەرییەکی زۆر بەدی کراوە لە نێوان فەرمانبەران لە ئیفاد کردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ نمونە کاتێك کە وەزیر ئیفاد دەبێ، بەشێوەیەکی فەرمی سەردانی وڵاتان دەکاو، بانگهێشت دەکرێ. وەزیر ئازادە کێ لەگەڵ خۆی دەبات، پێشتر ئەمە سنووردار بووە. من کە تەماشام کرد، دەمزانی ئاوا نابێ، ڕاستە دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام ئایا بەڕێوبەری گشتی، یان بەڕێوبەریش، هەتا فەرمانبەریش، بۆ سوود نەبینێ، بۆ ئەزموونی دەرەوە نەبینێ، بۆ شارەزایی زۆرتر پەیدا نەکا لە بوارەکەی خۆی دا.

دەبینی فەرمانبەرێك، یان بەڕێوبەرێك لە بوارێك شارەزایە، وەزیریش دەزانێ بەرنامەکە لەوێ چییەو باسی چ جۆرە سێکتەرێكو بەشێك دەکرێ، پێویستە ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ خۆی بیبات کە لەو بوارە شارەزان. بۆیە من گۆڕانکاریم بەسەر ئەو بابەتەدا هێنا. هەر

جارێك ئەگەر ئیفادێك بووبێ، بەپێی پێویست، بەڕێوبەرێکی گشتی، یا دوو–سێ بەڕێوبەری گشتی،و جاری وا هەبووە بەڕێوبەریشم بردووە،و جاری وا هەبووە فەرمانبەریشم بردووە، فەرمانبەری وا کە پسپۆڕ بووە لە بوارەکەی خۆی دا. بۆچی تەنها دەبێ پلەی تایبەتی هەبێ، بۆچی بەپێی پسپۆڕی نەبێ؟!! بۆ نمونە:

لە بوارێکی وەکو (سامانی ئاژەڵ)، فەرمانبەر هەیە، (٢٠–٣٠) ساڵ خزمەتو ئەزموونی هەیە، پسپۆڕیشە، ئایا ئەمە زیاتر شایەنە لەگەڵ وەزیر، یان ستافێکی وەزارەت بچێتە دەرەوەی وڵات، یان بەڕێوبەرێکی دوور لە پسپۆڕی و بابەتەکە؟!

سەبارەت بە خولەکانیش، تەماشام کرد بۆ خولەکان کەسەکان زۆر دووبارە ببوونەوە، بۆیە سیستمێکمان دانا، ئەوەی خولی بینیبێ، مەگەر بۆ بەشداری خولێکی تەواوکاری، ئەگەرنا جارێکی دیکە نایینێرینەوە، چونکە فەرمانبەرمان زۆرە، کە پێویست بێ شارەزاتر بێ و سوود ببینێ.

ئنجا بۆ پارێزگاکان، بۆ نمونە (٤) چوار کەس دەچنە کۆریا، یان خولێك لە یابان، بڕیامدا ئەو (٤) چوار کەسە، کە هەر یەکەو لە پارێزگایەك بێ.

لیژنەیـەکی پسـپۆڕمان دانـابوو لـەو بـوارە، جـاری وا هـەبووە دوو کەس پێشکەشی کردووە لـە پارێزگایـەك کـە پلـەیان بـەرزتر بـووە لـە پارێزگاکەی دیکـە، گوتوومـە نـەخێر هـەر نوێنـەری پارێزگاکـەی دیکـە رەوان دەکەین، با پلەشی کەمتر بێ، چونکە حەز دەکەم نوێنەری ئـەو شارەشی لەگەڵدا بێ، بـۆ ئـەوەی ئـەو سـوودەی دەیبینـێ فەرمانبـەرو خەڵکی شارەکانی دی لێی بێ بەش نەبن‌و، بێتەوە بەوانیشی بگەیەنێ.

# باسی حەوتەم

# ڕێگری لە قۆرخکاری

یەکێك لەو دیاردە دزێو و ناشیرینانەی کە لە نێو دامەزراوەکانی حکومەت بوونیان هەبووە ئەویش بریتی بوو لە قۆرخکاری کە ئەمەش پێچەوانەی پرانسیپەکانی حوکمڕانییەکی سەرڕاست و تەندروستە، بۆیە بە پێی توانای خۆم لە چوارچێوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەوڵی زۆرم بۆ بەخەرجدا تەنها لە پێناو ئەوەی ڕێگری تەواو لەو پاوانکردن و قۆرخکارییە بکەم کە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە ئەنجام درابوو بۆ ئەوەی خەڵك و کۆمپانیای دیش لەو پڕۆژانەی وەزارەت ئەنجامیان دەدات تیایدا سوود مەند بن، بۆ نمونە کاتی خۆی گەنمی بنەتۆو لە تورکیا دەهێنرا چەند کۆمپانیایەکی دیاری کراو دەیانهێنا، خەڵکی دیکە نەیدەتوانی. ئێمە ئەم سیستەمەمان گۆڕیوە، هەستاین ئەگەر ساڵانە (٤٠,٠٠٠–٥٠,٠٠٠) چل–پەنجا هەزار تەن، گەنمی بنەتۆو لە تورکیاوە بێ، یان هەر وڵاتێکی دیکەی دەرەوە، هەر کۆمپانیاییەکی کشتوکاڵی بۆی هەیە تا (١٠٠٠) هەزار تەن بێنێ، بەپێی ئەو مەرجانەی کە دامانناوە.

کۆمپانیا هەبووە، گوتوویەتی: فلان کەس سەلامی بۆت هەبووە، لە فلان شوێنەوە هاتووم، بۆم بکە بە (٢٠٠٠) دوو هەزار تەن، گوتوومە: نایکەم.

بەڵام بەداخەوە، هەندێك لەو کۆمپانیایانە، نەك هەمووی، کە من دەرگام کردۆتەوە ئازاد بژی، کە سەربەرزانە کارەکەی خۆیان بکەن، و سوودمەند بن لە شتێك کە بەدەستی ئێمەیە، بەبێ جیاوازی. جا ئەو کۆمپانیایە هەڵساوە بەو مۆڵەتەی کە ئێمە پێمان داوە بۆ هاوردەکردن، بە پارە داویەتی بەو کۆمپانیا زەبەلاحەی کە ساڵانە قۆرخی کردووە، کە ئێمە پێمان زانیوە لێپرسینەوەی توندمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە کردووە،و بڕیاریشمان داوە، قەت جارێکی دیکە مۆڵەتی هێنانی گەنمی بنەتۆی پێ نادەین.بەداخەوە دەڵێم، خەڵك فێری ملشۆڕیو زەلیلیو کۆیلایەتی کراوە، لەکاتێکدا ئێمە ئازادمان کردووەو کۆت و زنجیرمان لەدەست و قاچی کردۆتەوە ئەو هەر دەچێتەوە ژێر باری کۆیلایەتی. پێمان وایە بە یەکسانی دەبێ هەمووان کار بکەن!

خۆشبەختانە ئێمە هەر لەسەر جێ بەجێ کردنی سیستمی خۆمان بەردەوام بووینو، ئێستاش ئەو بابەتە کەوتۆتە سەر ڕێڕەوی خۆی. هەر کۆمپانیایەكو بە پشکی خۆی، خەڵك هەبووە زۆر لەگەڵ دەسەڵات ناتەبا بووە، بەڵام من ڕێگەم پێداوەو بەرگریشم لێ کردووە، بەپێی ئەو

ڕێنماییانـەی کـە دامانناوە،و ئـەو بەرهەمانـەی کـە ئێمـە ڕێگـەی پـێ دەدەین دەتوانێ بیهێنێ.

شتی تریش هەبووە، بۆ نمونە:

هێنـانی گۆشـت لـە دەرەوە، سیسـتمێکمان دانـاوە، بـەپێی ئـەو سیسـتمە هـەر کۆمپانیایـەك، یـان هـەر کەسـێك کـە کۆمپانیایـەکی کشتوکاڵی هەبێ، ئێمە بەپێی ڕێنماییەکان ڕێگـەمان پێـداوە، کـە بچـێ گۆشت لە دەرەوە بێنێ، بەبێ ئـەوەی کـە هـیچ کـەس بتـوانێ قـۆرخی بکات، یان چەند کۆمپانیایەك دەستی بەسەردا بگرێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا زۆرماوە کاری لەسەری بکـرێ، جـا بـۆ پڕۆژەکانیش بەهەمان شێوە، خـەڵکی وا هـەبووە هـاتووە، پڕۆژەکـەی نزیکـەی بـایی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیسـت ملیـۆن دۆلار دەبـێ، پـڕۆژەی (تـەواوکاری دەواجـن)، گوتویـەتی ئامـادەییم هەیـە دایبنـێم، بـەڵام خەڵکێك لە دەسەڵاتدارانی حیزبەکان لەو ناوچەیە ویستوویەتی کێشـەم بۆ دروست بکـات، بـە بەڕێوبـەری گشـتی ئـەو شـوێنەم گوتـووە،و بـە بەرپرسی یەکە ئیدارییـەکانم گوتـووە، کـە ئـەو کەسـە پـڕۆژەی پێیـەو قبوڵم نیە، هیچ کەسێك ڕێگـری لێ بکـاو کێشـەی بـۆ دروسـت بکـات لـە دەرەوەی ڕێنماییو یاساکان،و هەر کەسێك ڕێگری لێ بکـا، خـۆم دێمـە سـەرخەتو ڕووبـەڕووی دەبمـەوە. ئێسـتا کـابرا دەسـت بـەکاربووەو

پڕۆژەیـەكی زۆر گەورەیـە،و زۆر دڵخۆشـم تـەواوی بكـات، كـە بـۆ ئـەو ناوچەیەی ئەوان زۆر باشەو خەڵك زۆر سوودی لێ دەبینێ.[1]

جا لەم ڕووەوە هەوڵمانـداوە چاكسـازیی زۆرو بـاش بكـەین، بـەڵام هێشتا پێویستی بە چاكسازی هەیە، چونكە ئەو ڕەنگـە خراپـەی (٢٦) بیستو شەش ساڵە ڕژاوە ئەم ڕەنگە ئاوا بـە ئاسـانی پـاك نابێتـەوە،و ئەم ئاوە وا زوو ڕوون نابێتەوە.

[1] لە ساڵی (٢٠١٩) خاوەنی ئەو پڕۆژەیەم بینی، گوتی: ئێستا پڕۆژەكەم تەواو بووەو دەستی بەكار كردووە، زۆر دڵخۆش بوومو سوپاسی خوام لەسەر كرد.

# تەوەری سێیەم

# پرسە سیاسی و دیبلۆماسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان

# دەروازەی تەوەری سێیەم

لـــەم تەورەیەشـــدا (پرســـە سیاســـی و دبلۆماســـی و نیشـــتیمانی و نەتەوەییەکان) لە میانەی حەوت باسی سەرەکی تاوتوێ دەکـەین، کـە بێگومان هەر باسـەو بـۆ خـۆی ئـەزموونێکی سـەرکەوتوو بـووە کـە بـە کردەیی لە لەلایەن وەزیرێکی ئیسلامییەوە لە ڕێی ئەو سەردان و دیدار و کۆبوونەوانـە لـە ناونـدە جیـا جیاکـان چ لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و چ لەسەر ئاستی دونیای دەرەوەدا ئەنجامدراون، کە بە هۆیـەوە تـوانراوە کارێکی باش بکرێـت بـۆ وەزارەت و حکومـەت بـە شـێوەیەکی گشـتی، لەلایـــەکی تریشـــەوە ڕووێکـــی جـــوان و سیاســـەتێکی دروســـتی ئیســـلامییەکان بـــە جیهـــانی دەرەوە نیشـــان دەدات، باســـەکانی ئـــەم تەوەرەیەش بریتیین لە مانەی خوارەوە:

باسی یەکەم: ئەم بابەتە چ پەیوەندییـەکی بـە وەزارەتـی کشـتوکاڵەوە هەیە؟

باسی دووەم: مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ وەزیرێکی ئیسلامیی

باسی سێیەم: شوناسی ئیسلامیی

باسی چوارەم: سەرکونسوڵگەری ئەمەریکا لە بازرگانەکانمان نیگەرانن

باسی پێنجەم: وەزیری کشتوکاڵی ئێران و بەرهەمی خۆماڵیمان

باسی شەشەم: بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە تورکیا هەڵکرا

باسی حەوتەم: ڕاگەیاندنی کوردی و هەڵوێستە ناوازەکان

جا هەوڵدەدەین بە تانو پۆی هەر باسێك لەو باسانەدا بچین کە پێکهاتەی ئەم تەوەرەیەن،و پێم وایە ڕۆڵێکی یەکجار پۆزەتیڤ دەگێڕن لە داکووتانی کۆلەگەکانی حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو بە ئاقاری زیاتر بە دامەزراوەیی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت و جوانتر کردنی سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمەکەمان،و هەروەها نیشاندانی ڕوویێکی جوان و گەشی میللەتی کوردی مسوڵمانە کە بەداخەوە پێشتر سیاسییەکانمان نەیاتوانیووە لەم ڕووەوە ئەم ڕۆڵە ببینن و بگرە هەندێ جار دژایەتیشیان کردووە.

# باسی یەکەم

## ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە؟

ڕەنگە سەرەتا ئەو پرسیارە بە مێشکی زۆرێك لە خوێنەران دابێت ئایا بابەتی پرسی سیاسی و دبلۆماسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، چ پەیوەندی بە هەنگاوەکانی حوکمڕانی تەندروستەوە هەیە و لەم ڕووە چ ڕۆڵێك دەبینن لە قووڵکردنەوەی کاری دامەزراوەیی لە نێو دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پێم وایە بابەتی سیاسیو دیبلۆماسی، بەتایبەت لە دنیای ئەمڕۆدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە تایبەتیش بۆ کەسایەتیو، لایەنو بزوتنەوە ئیسلامییەکان، چونکە بەداخەوە لە دنیای ئەمڕۆدا ڕوویەکی گەشو جوان، نەك هەر لە ڕووی دیبلۆماسی و سیاسیی کە زۆر ئاڵۆزو قووڵن، نیشان نەدراوە، بەڵکو لە ڕووی مامەڵەشەوە، لە ڕووی ڕەوشتە بەرزو گەورەو گرنگەکانی ئیسلامیشەوە، نەك نەتوانراوە ڕووی گەشو جوان نیشان بدرێ، بەڵکو هەندێك لەو بزوتنەوەو تەیارو تەوژمانە، بوون بە مایەی سەر ئێشەو عەیبدارکردنی ئیسلامیش، کۆمەڵێك خاڵی ڕەشو عەیبەیان هێناوەتە سەر ئیسلامو مسوڵمانان.

ئێمــە وەك میللــەتی کــوردیش، کــە مســولْمانین، بەداخــەوە سیاسییەکانیشمان، نەیانتوانیوە ڕوویەکی گەش و جوانی ئەم میللەتـە نیشـانی دنیـا بـدەن، بەشـێوەیەکی ڕێـكو پێـك ڕەفتـار بکـەن، کـە میللەتەکەمان میللـەتێکی ستەمدیدەیە، بـەڵام میللـەتێکی سـەربەرزە، نەتوانراوە هەر ئاوا بە سەربەرزی بهێڵرێتەوە، زۆرجـار ئـەو نەهامـەتیو بەدبەختییەی بەسەر میللەتەکـەمان هـاتووە، سـەرکردەکان بەسـەریان هێناوە.

کورد لە شۆڕش و پێشمەرگایەتییەکان زۆر ئازا بووە، لە شـۆڕشو لە بەرەکانی جەنگیشدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە ڕووی دیبلۆماسـیو سیاســییەوە، ســەرکردەکان دۆڕاندوویانــە! وەك ئــەوە وایــە هــیچ نەکرابێ! جاری وا هەبووە، ئەوەی کە چـەند سـاڵە کۆکراوەتـەوە، بـە هەڵوێســتێکی ســەرکردەیەك،و ســووربوونی ســەرکردەیەك لەســەر بڕیارێکی هەڵەی خۆی، هەموو بە ئاوێ دا داوە.

بۆیە بۆ ئێمەی ئیسلامییەکان، زۆر گرنگـە بتـوانین نیشـانی دنیـای بدەین، کە خەڵکی ئیسلامیی لـە ڕووی سیاسـییەوە دەتـوانێ ڕوویـەکی جوان،و سیاسەتێکی دروست ئەنجام بدا، ئەویش لەگەڵ وڵاتانی دیکەو، لەگـەڵ وڵاتــە پێشــکەوتووەکان، دەتـوانێ کـاری دیبلۆماسـی بکـات، دەتوانێ لەڕووی دیبلۆماسییشەوە پێشکەوتوو بێ،و سەرنج ڕاکێشـیش بێ بۆ بەرانبەرەکەی.

کەواتە لە پاڵ پێشمەرگایەتی و ئەو شۆڕش و خەباتە چەکدارییەی کە پێشتر لە شاخەکان کراوە چەندە گرنگ بووە بۆ ناساندنی کورد بە دونیـای دەرەوە و بـۆ بـە دەسـتهێنانی مافـە رەواکـانی گەلەکـەمان، خــەباتی سیاســی و دبلۆماســیش زۆر لــەوە گــرنگترە، چــونکە وەك ئاماژەیـەکم پـێ کـرد، ئێسـتا ئـەم میللەتـەی خۆمـان (کـورد)، وەکـو ستەمدیدەیی، بڕوا ناکەم لە دنیادا میللەتێك ئەوەنـدە سـتەمدیدە بـێ، هــەموو قۆناغــە ناڕەحــەتییو ســەغڵەتەکانی بینیـوە: چەوسـاوەیی، دەربەدەری، وڵاتی دابەش کـراوە، میللـەتی پارچـە پارچـە کـراوە، بـە چەکی کیمیایی لێی دراوە، جینۆساید کراوە، ئەنفال کراوە، ئنجا خێرو بێــری بــردراوە لەڕێگــەی بازرگانــە سیاســییە چاوچــنۆکەکان. ئنجــا بەڕاستی ئەو خەباتو ناڕەحەتیانەی کە بینیویەتی هاتوتـە سـەر ئـەوە کە شتێکی دەستکەوێ، بە هەموو لایەك دژایەتی دەکەن تا بە ئامانجی خۆی نەگات.

ئەمانە هەموو وای کردووە، ئـەم میللەتـە، وێـڕای ئازایەتییەکـەی، وێڕای خۆڕاگریەکەی لە شەڕ، لە نەداریو هەژاری، لەو هەموو سـتەمەی کە لێی کراوە، قەناعەتم وایە هـەر میللـەتێکی دیکـە بوایـە، لـە دنیـادا، ئێسـتا دەتوایـەوە،و نـەدەما. وێـڕای ئەمانـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەم هــەموو خــەباتو ناڕەحــەتی،و ئــەم هــەموو ئازایەتییــە، نــەتوانراوە بەرهەمەکەی بچنرێتەوە،و بە ئاوات و ئامانجی بگەیەنرێ.

## باسی دووەم

# مامەڵەی وڵاتان لەگەڵ وەزیرێکی ئیسلامیی

وەك لە بەشی یەکەم ئاماژەم پێ بدا کە ئێمە وەکو لایەنێکی ئیسلامیی کە وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووین و چەندین جار سەردانی دەرەوەمان کردووە، جا ئەوەی ئێمەی وەکو ئیسلامیی بە دونیای دەرەوە ناساند بە تایبەتیش ئەو وڵات و شوێنانەی کە بۆی چووین وەکو شاندی حکومەت، پێم باشە بەرچاوڕوونییەك بدەین بە خوێنەران کە چۆن وەکو لایەنێکی ئیسلامیی دەناسراین و مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، بێگومان دیارە لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە، کاتێك کە وەزیرێك سەردانێکی فەرمی وڵاتێکی دیکە دەکات، (سی ڤی) ئەو کەسە، ڕەوان دەکرێ بۆ ئەو وڵاتەی کە سەردانی دەکرێ. ئەوە بابەتێکی دیبلۆماسییە، ئەوە پەیوەندی بە پرتۆکۆڵەوە هەیە.

لە هەمان کاتدا ئەو وەزیرەی، کە سەردانی ئێمەش دەکات، پێشتر (سی ڤی)ییەکەمان بۆ رەوان دەکەن، ئەم وەزیرە سەر بە چ حیزبێکی وڵاتەکەی خۆیەتی، ئەم وەزیرە چی خوێندووە، چی تەواو کردووە، جاری وا هەیە بۆچوونو تێڕوانینی دەربارەی هەندێك شتی

گرنگ، کە پێویست دەکات تـۆ بۆچـوونی خۆتـت لەسـەری بـۆ دروسـت بێ، هەروەها وێنەکەشی دەنێردرێ، بۆ ناسین‌و ناسینەوە.

ئەمە بابەتێکی دیبلۆماسـیی‌و ئاسـاییە، کـە دەزانـن لـە حیزبێکـی ئیسلامیی،و هەروەها دەشزانن پێگـەت لـەم حیزبـە ئیسـلامییە چـییە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەر مامەڵەی دروستت لەگەڵ بکات.

مامەڵەی دروست لە چەند ڕوویەکەوە:

یەکـەم: ئەوەیـە، کـە بـەپێی (سـی ڤـی) ئـەو کەسـە، لایـەنی بەرامبەریش خوێندنەوەی خۆی دەبێ.

دووەم: کاتێك کە لایەنی ئیسلامییەکەی تێدا دیارە، بێگومان هـەر بـەبێ ئـەوەش، کاتێـك کـە بـە فـەرمی سـەردانی وڵاتێکمـان کـردووە، هەمیشە باسم کردووە، کە ناچینە ناو ئەو مەجلیسانەی کە مەشـڕووبی لێ بـێ، چـونکە ئـەوان کـە وەزیـر دەعـوەت دەکـەن، وەك چـۆن ئـاو دادەنێن ئاوا مەشـڕوبیش دادەنـێن. ئێمـە هەمیشـە گوتوومانـە ناچـینە سەر مێزێك کە مەشـڕووبی لەسـەر بـێ. بۆخۆشـیان ڕەچـاوی ئـەوەیان کردووە، کاتێك کە زانیویانە وەزیرێك لە حیزبێکی ئیسلامییە، ڕەچـاوی ئەوە کراوە، ئەگـەر نەشـکرابێ ئێمـە پێمـان گوتـوون، کـە لەسـەر ئـەو مێزی خواردنە دانانیشین، کە خواردنەوە (الکهول)ییەکانی لەسەر بێ.

ئەوەی پەیوەستیشە بە گرنگی بوونی ئیسلامییەکان لە دەسەڵات و جومگەکانی حوکمڕانی، ئەوەیە کە بەردەوام لە دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوە و سەردانەکانمان، باسی نیشتیمان دۆستیمان کردوە،و باسی خۆشویستنی نەتەوەمان کردوە،و باسی دادگەریمان کردوە، کە ئیسلام پڕە لە دادگەری. باسی هەقمان کردووە، کە ئیسلام هەمیشە لەگەڵ هەقە. باسی ئەوەمان کردووە، کە ئیسلام دژی ناهەقە، دژی ستەمە. باسی ئەوەمان کردووە، کە هاوکاری خەڵکانی هەژار و ستەملێکراو دەکەین. باسی لێبووردەییمان کردووە، باسی سیفەتە بەرزو پەسندەکانی ئیسلامەتیت کردووە. باشە ئەمانە لەکوێ ڕەنگ بدەنەوە؟! بەتایبەتی هەندێکیان، لەوانەیە لەم کۆمەڵگایە بتوانی بانگەوازی بۆ بکەی، بەڵام ئەویش دیسان هەر قسەیە ئەگەر هەڵوێستی بەدوادا نەیێت، چونکە خەڵك ئەمڕۆ هەژارەو پێویستیی ژیانی زۆرە، دەڵێ: کاکە دەزانم ئەوەی کە تۆ باسی دەکەی لە دادگەری ئیمامی عومەر، لە حەققانەتی ئیمامی عومەر، لە ڕاستگۆیی‌و جورئەتی، ئیمامی ئەبو بەکر، لە عیلم‌و مەعریفەی ئیمامی عەلی. لە ملکەچیی‌و زوهدو لە بەخشین‌و نەرم‌و نیانی‌و لێبووردەیی، ئیمامی عوسمان. ئەو سیفاتانەی دیکەی هاوەڵان‌و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەزانم ئەمانە هەیە. بەڵام تۆ چەندت جێ بەجێ کردووە؟! تۆ ئەگەر خۆت بە نوێنەری ئەوان، بە شوێنکەوتەی ئەوان دادەنێیت، چەندە لە تۆ ڕەنگی داوەتەوە، چۆن دەتوانی، ئەمە ئیسپات بکەی‌و

بیسەلمێنی، مەگەر دەسەڵاتت نەبێ، یان بەشدار نەبی لە دەسەڵات. دەسەڵات بەدەستەوە بوون، جا بەشێوەیەکی گشتی بێ، یان لە سووچێکەوە بێ، ئەوە دەسەلمێنێ، کە تۆ چەندە دادگەری،و چەندە میللەتی خۆت خۆش دەوێ؟! چەندە نیشتیمان پەروەری؟! چەندە سادەی؟! چەندە خاکی لەگەڵ خەڵك؟! ئەوە سەنگی مەحەکە.

بۆیە پێم وایە، بوونی لایەنە ئیسلامییەکان لە دەسەڵات، کە دیارە کار بۆچی دەکەین، خەڵك بۆچی بانگ دەکەین، مەگەر ئەوە نیە دەڵێین: دەمانەوێ ئەو شەریعەتو بەرنامەی کە خوا ناردوویەتی بۆ بەختەوەرکردنی خەڵك، ببێتە چەترو سێبەرو لەبەری بحەسێینەوە،و بەختەوەر بین. ئەی باشە ئەمە چۆن دەکرێ؟! مەگەر یان دەسەڵاتت بەدەست بێ، یان بەشێك لە دەسەڵاتت بەدەست بێ، بەڵام بە کردەیی دەسەڵاتت هەبێ لە شوێنی خۆتدا. پێم وایە، ئەوە کارێکی پێویستە بۆ کەسێك بتوانێ، ئەم دەنگو ڕەنگی ئیسلامەتیو مسوڵمانەتییە، لەوێ بچەسپێنێ،و باسی بکاو پیادەی بکات. بەڵام ئەگەر هەر بۆ ئەوە بێ، لەگەڵی بڕۆی و کات بەڕێ بکەی، نەخێر پێم وایە هەر نەبێ باشترە، چونکە لە قۆناغی ڕابردوو، هەندێ جار ئەم گلەییەمان لێکراوە، گوتوویانە: وەزیری ئیسلامیی هەبووە جیانەکراوەتەوە لە وەزیرە عەلمانییەکە. دەبێ هەمیشە خەڵکی ئیسلامی، مادام بەڕاستی ئەو ناوەمان بەدوای خۆماندا خستووە، مادام بڕیارمان داوە لەسەر ئەم

ڕێبازە بین، دەبێ ئـەوەی کـە ئیسـلام دەیـەوێت زۆر ڕوون‌و بـە زەقـی لێمـان ببینـرێ، کـە ئـەویش بریتییـە لـە  پابەنـدبوون بـە ئیسـلام، پابەندبوون بە بنەما نەگۆڕەکان‌و دروشمەکانی ئیسلام.

جا ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیـە کـە ئێمـە وەکـو لایـەنێکی ئیسلامیی جگە لەوەی ئەرکی ڕاپەڕاندنی وەزارەتێکمان لە ئەستۆ بوو، کەچی لـە پـاڵ ئەمەشـدا دەبـوو ئـەرکێکی تـریش ئـەدا بکـەین ئـەویش وەرگێڕانـی ئـەو قسـەو و تـار و بەرنامـە و پڕۆژانـەبوو کـە دەمـانکرد و راماندەگەیاند بۆ سەر ئەرزی واقیع و جێ بـەجێ کردنیـان، بـۆ ئـەوەی نیەتپاکی و راستگۆیی ئیسلامییەکان بۆ خەڵکی دەرکەون و بیسەلمێنن کە ئەوان قسە و کردار بەیەکەوە گرێ دەدەن.

ئێمـە لـە بنەڕەتـدا کـار بۆچـی دەکـەین، وتارمـان، بەرنامـەمان، پڕۆژەکانمان لە چوارچێوەیەکە، کە تێڕوانینمان بۆ پرسی نیشتیمانی،و نەتەوەیی،و سیستمی حوکمڕانی، و بەڕێوەبردنی کاروبـاری خـەڵك لـەم کۆمەڵگایەدا بـە پێـی پـڕۆژەی ئیسـلامییە و دەمانـەوێت لـە واقیعێکـدا پڕاکتیزەی  بکەین؟!

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ  ئاماژە بـەوە بـدەم کـە وەکـو پێشتر باسم کرد ئێمە لە رێی ئەو سـی ڤییـەوە دەناسـراین کـە پێشـتر ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرا، دیـارە ئەمـە شـتێکی پڕۆتۆکـۆڵی‌و

دیبلۆماسییه، ئێمه ڕاسته هەرێمێکین لە وڵاتێك، کە پێی دەگوترێ: (عێراق)،و هەمیشە مامەڵەی وڵاتانیش لەگەڵ هەرێمەکان، جیاوازە لەوەی کە لەگەڵ وڵاتەکان دەیکەن. ئەوەش مافێکی ئاساییو دەستووری هەموو وڵاتێکە. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێمە، لەبەر ئەوەی کە:

١) وەك باسم کرد، ئەم میللەتە میللەتێکی ستەمدیدەیە، گەلانی دنیا بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەم میللەتە بەدرێژایی مێژوو ستەمی لێکراوە، خاکی پارچە پارچە کراوە، میللەتەکەی بەسەر وڵاتاندا، وەك گۆشتی خێرێ دابەشکراوەو بەشراوەتەوە. بۆیە ڕێزێکی تایبەتی لە نوێنەرانی ئەم میللەتە گیراوە. ئەگەر نوێنەرەکان ئەم ڕێزەیان هەڵگرتبێ،و پاراستبێتیان.

٢) کورد، ناوی بەوە دەرکردووە کە میللەتێکی ئازایە، لەو شەڕانەی کە هاتۆتە پێش، چ لە شەڕەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانیو نەتەوەییمان بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس، چ ئەوەی لە پارچەکانی دیکەی بەشە کوردستانییەکانی دیکە: کوردستانی باکوور،و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا،و شەڕ دژ بە داعش، ئەمانە هەمووی سەلماندوویەتی، کە کورد میللەتێکی ئازایە. ئەمەش پێگەیەکی تایبەتتری به کورد داوە.

لەم هەلو مەرجەی ئێستای دنیاشدا لە ڕووە سیاسیو دیبلۆماسییەکەشەوە، بەڕاستی کورد لایەکی لێکراوەتەوە. یانی

پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا بوو، بەداخەوە هەرچەند بەهۆی ڕیفراندۆمەوە زۆرمان لەدەستدا. یانی ئەم پشتیوانیو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی زۆر بەهێز بوو بۆ کورد، ئێمە بەهۆی ڕیفراندۆمەوە بەشێکی زۆرمان لەدەستدا. ئەمانە وای کرد، کە کورد نەك هەر وەك هەرێمێك، بەڵکو نوێنەرەکانی وەك وڵاتێك پێشوازی لێ بکرێت. ئەو وڵاتانەی کە سەردانیمان کردوون، بۆ نموونە: چووین بۆ وڵاتی چیك، بەریتانیا، کۆماری ئیسلامی ئێران، تورکیا، وەك وەزیرێکی وڵاتێك پێشوازییمان لێکراوە،و لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە پێشوازییمان لێکراوە،و ڕێزێکی تایبەتی لە وەفدەکانمان گیراوە.

## باسی سێیەم

# گەیاندنی شوناسی ئیسلامیی

بە حوکمی ئەوەی پاشخانێکی ئیسلامییمان هەیە و لە حزبێکی ئیسلامیشین، بۆیە پێویستە وێڕای راپەراندنی ئەرکی وەزارەت و بەرنامەی حکومەت چ لە ناوخۆی هەرێم و چ لە دەرەوەش لە رووی کارگێڕی و سیاسی و دبلۆماسییەوە، دەبێ بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ئەو شوناسە ئیسلامییەشدا بین کە بووتە پێناسەمان و لەسەری پەروەردەبووین.

دیار ئەم بابەتە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کاتێك هەندێك هەڵوێست هاتبێتە پێشەوە، بە تایبەت لە ڕووی دیبلۆماسیی و سیاسییەوە هەڵوێستی تایبەتی خۆمان هەبووە لە بەرامبەری، بەشێوەیەك ئەو بنەمایانەی کە سیاسەتی دروست دەیخوازێ،و ئەوەی کە لە ئەرکەکانی،و بنەماکانی دیبلۆماسی باسکراوە، هەوڵمان داوە بەوردی پەیڕەوی لێ بکەین،و نمونەیەکی جوان نیشان بدەین.

نەك هەر لە ئاستی وەزیرەکان پێشوازیمان لێکراوە، بەڵکو جاری وا هەبووە، بۆ نمونە لە وڵاتی (بلا ڕوسیا) وەزیری کشتوکاڵمان بینیوە،و وەزیری دەرەوەشمان بینیوە،و پێشوازیمان لێ کراوە،

بانگهێشتیشی کردووین. له وڵاتی (کۆماری ئیسلامی ئێران) وێڕای وەزیری کشتوکاڵ، ئێمە جێگیری سەرۆککۆماری ئێرانیشمان بینیوە، لە وڵاتی (لوبنان) بێجگە لە وەزیری کشتوکاڵ، سەرۆك کۆماریشمان بینی وەکو پێشوازی تایبەت، واتە زیاد لە هاوئاستەکەی خۆمان پێشوازیمان لێکراوەو ڕێزمان لێ گیراوە.

بەڵام هەر کاتێك شتێك کرابێ بەرامبەرمان، پێچەوانەی ئەتەکێتی دیبلۆماسییەت بووبێ، ئێمە قبوڵمان نەکردووە، بۆ نمونە ئەوکاتەی وەفدێکی فەرمی بووین بۆ وڵاتی (چیك)، کە لەلایەن وەزیری کشتوکاڵی ئەو وڵاتە (کۆماری چیك) بانگهێشت کرابووین، وادەکەش دیار بوو، ڕۆژی پێشتر گەیشتینە کۆماری چیك، بەیانییەکەی کاتژمێر (١٠) چووین بۆ وەزارەتەکەیان، بۆ کۆبوونەوە، تەماشامان کرد وەزیری کشتوکاڵ نەهاتووە، جێگری وەزیری کشتوکاڵ و ستافێکی ئامادەبوون، گوتم: بڕیار بوو وەزیری کشتوکاڵتان ئامادە بێ، بۆچی ئامادە نیە؟ گوتیان: چونکە وەزیرێکمان دەستی لەکار کێشاوەتەوە، سەرۆك وەزیران کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی داناوە، ناچار بوو بچێتە ئەم کۆبوونەوەیە، کێشەیەکە پەیدا بووە، لە ئەنجومەنی وەزیران.

گوتم: دەکرا شەو بە ئێمەتان ڕاگەیاندبا ئەو کۆبوونەوەیەتان دواخستبا، تا ئەویش بۆی دەکرا، چونکە بەو ناوەوە هاتووین، بۆیە من ئامادە نیم کۆبوونەوە بکەم.

هەندێك لەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی لەگەڵم بوون، گوتیان: نابێو جوان نیە. گوتم: نەخێر، زۆر جوانە. ئەگەر ئەوان پێشتر بە ئێمەیان ڕاگەیاندبا، لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی گشتیش بێ ئاساییە کۆ دەبووینەوە. نە لە خۆباییین و نە خۆمان بە زل دەزانین، بەڵام ئەوە شتێکی پرۆتۆکۆڵیو دیبلۆماسیە. دیار بوو جێگری وەزیر پەشۆکابوو، دەستی دایە تەلەفۆنو هاتوچۆی دەکرد، کە زانی کۆبوونەوەکە ناکەم. دوای نیو کاتژمێر، وەزیری کشتوکاڵی چیك هات، گوتم: ئێمە ئەگەر لەبەر بابەتی پرۆتۆکۆڵی و، لەبەر ئەم بانگهێشتە لە کوردستانەوە هاتووین، دەنا ئەگەر بڕیار بێ لەگەڵ بەڕێوبەرێکی گشتی دانیشین، بە فەرمی دادەنیشین، مادام قازانجی هەرێمی کوردستانو هاوڵاتیانی هەرێمی تێدا ببینم. هەتا پێم گوت، ئەگەر لەگەڵ خزمەتگوزارێکی ئێوە، بە فەرمی دابنیشم ئاساییە، بەڵام مادام ئێمە بە فەرمی بانگێشت کراوین، ئەوا پێویستە ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ.

مەبەستم ئەوەیە، ئێمە وێڕای نیشاندانی ڕوویەکی گەشو جوان و سادەیی، و خاکیی بوون، دەبێ لەسەر بنەما دیبلۆماسییەکانیش هەنگاو بنێین و لەم ڕووەشەوە لە ئاستێکی بەرز بین.

چونکە بەداخەوە پێشتر و ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو نوێنەرانەی هەرێمی کوردستان کە دەچنە دەرەوەی وڵات بە هۆی ئەو ڕەفتارە نارێکانەی ئەنجامی دەدەن دەبنە مایەی ناشیرین کردنی رووی ئەم

میللەتــە ســتەمدیدەیە و لاوازکردنــی پێگــەی هــەرێم لــە ناوەنــدە جیهانییەکان، بێگومان هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە پێم وایە کەسێك، کە نوێنــەری میللــەتێکی چــل ملیــۆنی بێــت، ڕاســتە ئێمــە لــە هــەرێمی کوردستانین، نزیکـەی شـەش ملیـۆن کەسـین، بـەڵام بەڕاسـتی ئـەمڕۆ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانم بڵێم: نوێنەرایەتی هـەموو کـورد دەکـا، ئەگــەر خــۆی بــە نوێنــەری هــەموو ئــەو خەڵکــە زانــی، ئــەوە ئەمانەتێکە لەسەرشـانی، کـە پێویسـتە بـە دروسـتی نوێنەرایەتییـەکی ســەربەرزانەی میللەتەکــەی خــۆی بکــات، قەناعــەتم وایــە، ئــەو کاتــە هەمیشە هەڵوێستی گـەورەو بـەرزی دەبـێ، باسـی ئـەوەش ناکـەم کـە نوێنــەرەکانی حکومــەتی هــەرێم، لــە ئاســتێکی لاواز دان، نــاڵێم لەســەر شتی زۆر بچـووك شـەڕی زۆر گـەورە دروسـت بکـە، بـەڵام خـۆ دنیـاش خراپ نابێ، ئەگـەر هەنـدێك هەڵوێسـتت هـەبێ، کـە بیکـەی بـە مایـەی سـەربەرزکردنەوەی میللەتەکـەی خـۆت، کـە دیـارە ئەمـەش لەوانەیـە، باســی ئــەوە بێتــە پێشــەوە، کــە بــۆ نمونــە: وەزیرێــك، وەزیــری تەندروســتییە، وەزیــری کشــتوکاڵە، وەزیــری خوێنــدنی باڵایــە، خــۆ لەوانەیە بپرسی کە چ پەیوەندی بـە پرسـی نیشـتیمانیو نەتەوەییـەوە هەیە.

ڕەنگـە دیسـان ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵبداتەوە ئـاخۆ دەبـێ پرسـی دبلۆماســی و نەتــەوەیی و نیشــتیمانی چ پەیوەندییــەکیان هــەبێت بــە

وەزارەتــی کشــتوکاڵەوە، پــێم وایــە نــەك هــەر وەزارەتــی کشــتوکاڵ، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی تەندروستی، هەر وەزارەتێکی دیکە بگرە، جاری وا هەیە، بێجگە لـەوەی کـە وەك وەزارەتێـك نوێنەرایـەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەی، نوێنەرایەتی کـوردیش دەکـەی، بـۆ نمونـە لـە پرسـێکی دیبلۆماسـی، یـا سیاسـی، یـا پەیوەندیـدار بـە وەزارەتەکەی خۆتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە سـێکتەرەکەی خـۆت بەرپرسیاری، نوێنەرایەتی حکومـەتێكو میللـەتێکیش دەکـەیت، دەبـێ هەمیشە هەوڵبدەی، ئەم میللەتە بە سەربەرزی بهێڵێتەوە،و نابێ کارێك بکەی، –دوور لە هەموو لایەك– میللـەتو خەڵکەکـەت پێـی سـەر شـۆڕ ببێ، دەبێ ئامادە بیت سەری خۆت لەسەر دابنێـی بـەڵام میللەتەکـەت سەر شۆڕنەکەی.

جاری وایـە ئـەم پرسـە نەتـەوەییو نیشـتیمانییانە، خـۆی دێنێتـە پێشەوە، ناچار دەبی کە هەڵوەستەو هەڵوێستت لەبەرامبەریـدا هـەبێ، یــانی بەرامبــەرت لەوانەیــە بیــوروژێنێ، بەشــێوەیەك باســی بکــا، کــە پێویستە لەسەری بوەستیو هەڵوێستت هەبێ. ئێمـە لـە سـاڵی (٢٠١٤) سەردانی (کۆمـاری تورکیا)مـان کـرد، ئـەو کاتـەی کـە باجمـان لەسـەر بەرهەمی هاوردە دانابوو، لەگەڵ وەزیـری کشـتوکاڵ،و لەگـەڵ وەزیـری ئابووری دانیشتبووین. وەزیری ئابووریان پەیوەنـدی بـە باسەکەشـەوە نەبوو، بـەڵام هاتـە نـاو باسـی مەسـەلەی کـورد ، کـە کـورد نـابێ جیـا

بێتەوە، پێویستە هەر لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە،و جیا بوونەوە شتێکی خراپە، بەو شێوەیە چووە ناو بابەتەکە. گوتم: جاری ئەو بابەتە هیچ پەیوەندی بە کۆبوونەوەکەی ئێمەوە نەبوو، بەڵام بۆچی کورد مافی ئەوەی نییە لە وڵاتی خۆی سەربەخۆ بێ؟! ئەویش وەکو باقی میللەتانی دونیا مافی خۆیەتی کە خاوەنی کیانو قەوارەی سەربەخۆی خۆی بێ. بۆ تورك وڵاتی هەبێ؟! بۆ عەرەب وڵاتی هەبێ؟! بۆ فارس وڵاتی هەبێ؟! بۆ ئینگلیز وڵاتی هەبێ؟! بۆ لە کورد قەدەغەیە؟! ئێوە خۆتان بە مسوڵمان دەزانن، لە شەرعدا شتێك هەیە بۆ جەنابت ڕەوا بێ، بەڵام بۆ ئێمە حەڕام بێ؟!

گوتم: لە ڕووی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و، جاڕنامەی مافی مرۆڤ و،و برگەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی گەلان، هیچ برگەیەك هەیە، بڵێ تورك ماف خۆیەتی وڵاتی هەبێ، بەڵام کورد ماف نیە؟! فارس ماف هەیە وڵاتی هەبێ، بەڵام کورد ماف نیە. ئێمەش بە مافێکی ئاساییو یاسایی خۆمانی دەزانین کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بکەین. هەڵبەت ئەمەش بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە، بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ وڵاتانی دیکەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەمە مافێکە،و هەوڵیشی بۆ دەدەین و بە ماف ڕەوای خۆشمانی دەزانین.

گوتی: وەکو وڵاتانی مسوڵمان پێویستە یەك وڵات بین.

گوتم: جا کەی خەلافەتێکی ئیسلامیی دروست بوو لە سەرتاسەری وڵاتانی مسوڵمانان، کە هەموو گەلانی ئیسلامیی لەخۆ گرت،و مافی پێدان،و ئەو کاتە هەر یەك خاوەنی ویلایەتی خۆی دەبێ، سەربەخۆ دەبێ،و نیمچە کیانو قەوارەیەکی ڕاستەقینەی خۆی دەبێ، ئەو کاتە ئێمەش کێشەمان نیە. بەڵام نە خەلافەتی ئیسلامیی هەیە، ئێوە (تورك) وڵاتانی خۆتان هەیە، عەڕەب (٢٢) دەوڵەتی هەیە، ئەی باشە بۆ کورد وڵاتێکی نەبێ؟!

مەبەستم ئەوەیە ئەم پرسانە دێتە پێشەوە، پێم وایە دەبێ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەم میللەتە بکات، لە هەر ئاستێك بێ، دەبێ لەسەر ئەم پرسانە بوەستێ، قسەی خۆی بکات، هەڵوێستی هەبێ، ببێتە مایەی سەربەرزی میللەتەکەی خۆی.

سەبارەت بەوەی کە ئێمە وەکو وەزیرێکی ئیسلامیی و نوێنەری لایەنێکی ئیسلامیی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵەیەکی دروستمان کردووە لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە وەزیر، وەزارەتێکی بەدەستەوەیە، کە دامەزراوە (مؤسسة)یەکە، ئەم دامەزراوەیە بەرپرسیارە لە پاراستنی ئەوانەی پەیوەندییان بەم دامەزراوەیەوە هەیە، قازانجیان، بەرژەوەندییان،و سەربەرزییان. لەم ڕووەوە بڕیارماندا، کە وەزارەتی (کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو) دامەزراوەیەك بێ، بەرگری بکات لە جوتیار،و بەرهەمهێنی کشتوکاڵی،و کۆمپانیای

کشـــتوکاڵی،و کەســـە بازرگانـــەکانی کـــە لـــەم بـــوارە کـــار دەکـــەن. نایشـــارمەوە، هـــەر لـــەو پێنـــاوەدا، زۆر مشـــتومڕو کێشـــەمان لەگـــەڵ کۆماری تورکیا بۆ دروست بوو، کێشەمان لەگەڵ ئێران بۆ دروست بوو، لەگـەڵ عێـراق بۆمـان دروسـت بـوو هـەر لەسـەر بەرهـەمی کشـتوکاڵی خۆمان، چونکە پێم وابوو دەبێ بەرژەوەندی ئەو خەڵکەی خۆمان

## باسی چوارەم

# سەرکونسوڵگەری ئەمەریکا لە بازرگانەکانمان نیگەرانن

زۆر جار باسم کردووە، ئەم وڵاتانە هەمیشە چاویان لەوەیە، کە خۆیان قازانج بکەن،و ئێمەش چیمان بەسەردێ کێشەیان نیە. هەمیشە کاڵای خۆیان لە وڵاتی ئێمە ساغ کردۆتەوە، جوتیاری ئێمەش هەر کڕوزاوەتەوە، زیانی پێکەوتووە، نەیتوانیوە سەرمایەی خۆی پەیدا بکاتەوە.

هەوڵدانەکانمان هەمووی بۆ ئەوە بوو ئەم قۆناغە تێپەڕێنین و گۆڕنکاری تیایدا بەرپا بکەین، بۆ نمونە باجمان لەسەر کشتوکاڵی وڵاتان دانا، کە دێتە هەرێمی کوردستان، لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی، لێشی نەهاتینە خوارێ، سەرەتا قورسیش بوو، کونسوڵی ئەمەریکا، دوو جار سەردانی ئێمەی کرد لەسەر ئەم بابەتانە، گوتیان: پێمان باشە چاو بەم بابەتەدا بگێڕینەوە. گوتمان: چاوپێداگێڕانەوە دەکەینەوە،و دوایی وەڵامتان دەدەینەوە.

دیارە خەمی قونسوڵی ئەمریکا بۆ بەرهەمەکانی خۆیان بووە، نەك بۆ پشتگیری کردنی دەوڵەتانی تر، چونکە قونسوڵی ئەمەریکا سەرەتا کە هات گوتی: بازرگانەکانی ئێمە دوودڵن، لەم بڕیارەی ئێوە. منیش

گـوتم: جوتیارەکـانی ئێمـە دوو دڵ نـین بـەڵکو لــە زەرەردان لەگــەڵ مامەڵەی وڵاتانی ئێوە و دەوروبەرمان.

دواتر لـە ئەنجومـەنی ڕاوێـژکاری وەزارەت دانیشـتین، هـەر سـوور بووین لەسەر ئەوەی کە دەبێ باج وەربگیرێ، لە هەر کەسێك بابەتێکی کشتوکاڵ بێنێتە ئەم وڵاتەی ئێمە.

## باسی پێنجەم

# وەزیری کشتوکاڵی ئێران و بەرهەمی خۆماڵیمان

لەگــەڵ وەزیــری کشــتوکاڵی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــرانیش کــە کۆبووینەوە، باسی ئەوەمان کـرد، ئێـوە بەرهـەمتان دێـت بـۆ هـەرێمی ئێمە، دەبێ بەرهەمی پاکو تەندروست بێ. جارێکیان سێوی گەنیوییان نارد، ئێمـەش ڕێگریمـان لێ کـردو ڕامـان گـرت. سـاڵێك سـێوی سـووری ئێرانیمـان قەدەغـە کـرد، لـە پێنـاو پاراسـتنی تەندروسـتیو گیـانی هاوڵاتیانمان، واتە مەرج نیە بابەتەکە هەر کێشەی ماددی بێ.

کاتێك بیستم، کە کۆمپانیاکانی ئێمە ویستوویانە هەندێك بەرهەمی خۆماڵی ببەن بـۆ ئێـران، بـەڵام لـە سـنوور لەلایـەن ئێرانـەوە ڕێگـەیان پێنەدابوون. منیش بـە وەزیـری کشـتوکاڵی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـرانم گوت: هـەرێمی کوردسـتان پـڕە لـە بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانی ئێـران، بەڵام سەیرە کۆمپانیایـەکی ئێمـە بیـەوێ بەرهـەمی کشـتوکاڵی ببـا بـۆ وڵاتی ئێوە، بەپێی مەرجە تەندروستییەکان،و ڕێنماییەکانی خۆتان، بۆ ڕێگەی پێ نادەن؟!

گوتـی: چونکە ئێمە بە خـود دابینکـاری گەیشـتووین لـە بەرهـەمی کشتوکاڵی، گوتم: ئێمەش لـەکاتی پێگەیشـتنی بەرهـەمی خۆمـاڵی، بـە

خــود دابینکــاری گەیشــتووین. کەواتــە: ئێمــەش لێ ناگــەڕێین هــیچ بەرهەمێکی ئێوە بێ بۆ وڵاتی ئێمە. بەڵام ئێمـە بـە ئیعتیبـاری ئـەوەی کە بڕوامان بە بازاڕی ئازاد هەیـە، ئێـوە یـان هـەر وڵاتێکـی دیکـە بـۆی هەیە بەرهەمی خۆی هەناردەی وڵاتی ئێمە بکات.

گوتم: لەمەودوا، ئەگەر بازرگـانێکی ئێمـە، بیـەوێ تەماتـە، یـاخود خەیار، بیهێنێـت بـۆ ئێـران ئێـوە ڕێگـەی پـێ نـەدەن، ئێمـەش هـەمان بەرهەمی ئێوە قەدەغە دەکەین.

دیار بوو، فەرمانی کرد بە ئەوانەی کە لەوێ بوون، گوتی: بنووسن بـۆ سـنوورەکان، ئەگـەر ئـەوان بەرهـەمیان هێنـا، بـەپێی مەرجـەکانی ئێمە، ڕێگەیان پێ بدەن.

جـا مەبەسـتم ئەوەیـە، ئـەو سـێکتەرانە، ئـەم وەزارەتانـە، بەرپرسیارن لە پاراستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانی خۆیان.

# باسی شەشەم

## بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە تورکیا هەڵکرا

سەبارەت بە باسکردن لە پرسی نەتەوەیی، لە ساڵی (٢٠١٤) سەردانێکی (کۆماری تورکیا)مان کرد، لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی ئەو وڵاتە، کە ناوی (محمد مهدی ئەکار) بوو، کۆبووینەوە. لەسەر مێزەکەیان ئاڵایەکی تورکیا هەبوو، منیش گوتم ڕوخسەت هەیە، ئێمەش ئاڵایەکی کوردستان دابنێین، گوتی: بەڵێ، بەڵام ئاڵای عێراقیش بێنن. گوتم: ئەویش دێنین.

ئاڵای عێراق‌و تورکیای لەملاولا داناو ئاڵای هەرێمی کوردستانیشی خستە ناوەندی هەردووکیان، ئێمەش پێمان ئاسایی بوو، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو، ئاڵای کوردستان، لە بۆنەیەکی فەرمی لە کۆماری تورکیا دابندرێ.

دوای ساڵ‌و نیوێك، هەندێك بەرپرسی هەرێمی کوردستان چوون بۆ تورکیاو، ئاڵای کوردستانیان بۆ دانان، کە پێشتر بۆیان دانەدانان. لەڕووی ڕاگەیاندنەوە هەڵایەکی زۆریان بۆ کرد.

## باسی حەوتەم

# ڕاگەیاندنی کوردی و هەڵوێستە ناوازەکان

بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردیش وەکو سەرجەم سێکتەر و کایەکانی دی لە هەرێمی کوردستان لە قەیران و کێشەیەکی گەورەدایە و ناتوانێ یان نایەوێت مامەڵەیەکی ئەخلاقی و تەندروست لەگەڵ ڕووداو و حەقیقەتەکان بکات، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە ئەم سێکتەرەش نەتوانێت بە ڕۆڵ و پیشەی سەرەکی خۆی هەڵسێ و پێچەوانەی پەیامەکانی خۆی ڕەفتار نەکات.

دیسان دەڵێم بەداخەوە ! لەبەر ئەوەی کە ڕاگەیاندنەکان حیزبین، ڕاگەیاندنی پرۆفیشنالْ نیە،و ڕاگەیاندنی ئەهلیو بێ لایەنیش نیە، هەمووی سەر بە حیزبن، بۆیە ئەو کار و چالاکییانەی کە ئەنجاممان داون، ئەگەر کەسێك لەبەر ویژدانی خۆی بڵاوی کردبێتەوە، بەڵام بەشێوەیەك کە نەك هەر بە لاوازی باسکراوە، بەڵکو هەر پەردەپۆش کراوە. کە وەك باسمکرد، ئەوەی ئێمە یەکەمجار بوو، با یەکێك بڵێ پێش (٢٠١٤) ئاڵای کوردستان لە تورکیا هەڵکراوە، لە بۆنەیەکی فەرمی، لە ڕووی دیبلۆماسییەوە:

### ١- رێگە نەدرا بە کوردی وتە پێشکەش بکەین:

بێجگە لەوەش بۆ ئـەوەی ئـەو بابەتـە باشـتر ڕوون بکەمـەوە، لـە پێشـانگایەکی گـەورەی جیهـانیی، لـە شـاری (قۆنیـا)ی تورکیـا، کـە پێشانگایەکی کشـتوکاڵی بـوو، ئێمـەش بـە فـەرمی داوەت کرابـووین،و وتەیەکیشمان بۆ دانرابوو. وتەکەی من، پێش وتـەی وەزیـری ئـابووریی ئـەوان بـوو، واتـە وەزیـری ئـابووریی ئـەوان کۆتـایی بـە ڕێوڕەسمەکـە دەهێنا.

پـێش ئـەوەی کـە کـاتی وتەکـەی مـن بـێ، یـەکێك هـات، گـوتی: بـەڕێزتان بـە ئینگلیـزی وتەکـە دەخوێننـەوە، یـان بـە تـورکی؟ گـوتم: تورکی نازانم، بە ئینگلیزیش ناخوێنمەوە.

گوتی: وەرگێڕمان نیە بۆ کوردی. گـوتم: ئێمـە وەرگێڕمـان هەیـە، وەرگێڕمان لەگەڵەو بە تورکیەکی جوان تەرجومەی دەکات.

ڕۆیشتو دیسان هاتەوە، گوتی: دەڵـێن: یـان دەبـێ بـە ئینگلیـزی بیخوێنێتەوە، یانیش بە تورکی. گوتم: من تورکی هەر نازانم، جا من بە شێوەیەکی فەرمی هاتوومەتەوە ئەو وڵاتە، کاتێکیش بە فەرمی دەچـی بۆ هەر وڵاتێك ماف خۆتە بە زمانی خـۆت وتـە پێشـکەش بکـەی، ئـەوە پڕەنسیپێکی پرۆتۆکۆڵیە.و بە ئینگلیـزیش ناخوێنمـەوە، هەرچـەند بـە

ئینگلیـزیش دەتـوانم بیخوێنمـەوە، بـەڵام بڕیـارم داوەو بـە کـوردی دەیخوێنمەوە. گوتی: با بزانم! ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

دواتر من بانگهێشت نەکرام، وەزیـری ئـابووریش وتارەکـەی خـۆی خوێندەوەو کۆتایی بە موناسەبەتەکە هێنرا.

دواتر ڕاگەیاندنەکانی ئەویٚ هاتن‌و پرسیاریان کرد، گوتیـان: ئـەوە چـی بـووە؟ گـوتم: ئـەوە ئـەو دەوڵەتـە ، کـە بـەڕێز ئـەردوگان باسـی دەکات، کە خەلافەتێکی ئیسلامیی دەبوژێنێتەوە،و خزمەت بـە هـەموو گـەلانی مسـوڵمان دەکـاو بـە یـەك چـاو تەماشـایان دەکـات، ئـەوە بنەمایەکانی ئەو دەوڵەتە خەلافەتەیە، کە ڕێگە نادەن وەزیرێکی کورد، بە زمانی کوردی وتاری خۆی بخوێنێتەوە. جا چ دڵمان بـەو خەلافـەتی ئیسلامییە خۆش بیٚ کە ئێوە باسی دەکەن.

ئەوە لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بوو، دواتـر ئەمـە گواسـترایەوە بـۆ کوردستانیش لە ڕێی ڕاگەیاندنێك کە بەحیساب پڕۆفیشـناڵ و ئـەهلی و بـیٚ لایەنـە، کـە ئێسـتا دەرکـەوتووە نـەك هـەر حیزبییـە، بـەڵکو هـەر شەخسـییە، بەدواداچـوونێکی بڵاوکردبـووەوە، گوتبـووی ڕێگـە بـە وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان نەدرا، کە وتار پێشکەش بکـات. تەواوی ڕاستی هەواڵەکەیان شێواند، من وتارم هەبووە، ڕێگەشـم پێـدرا کە بیخوێنمـەوە. بـەڵام بـۆ نـاڵێی لەبـەر ئـەوەی کـە ئامـادە نـەبوو بـە غەیری زمانی کوردی وتارەکە بخوێنێتەوە، بۆیە ڕێگەی پێنەدرا!!

## ٢- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بە بێ ئاڵای کوردستان:

لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، بە شاندێکی فەرمی سەردانی بەغدامان کرد، تایبەت بە هەندێك کێشەی تەندروستی،و نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە، هەروەها سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئەنفلەوەنزای باڵندە، بە گشتی لەگەڵ وەفدی وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی کشتوکاڵ کۆبووینەوە. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرا، بۆ ئەوەی قسەی تێدا بکەین.

کە چووینە شوێنەکە، دیار بوو دیوارێك بوو، نەخشەی عێراقی لەسەر بوو،و ئاڵایەکی عێراقیش دانرابوو، منیش گوتم، ئەی ئاڵای کوردستان؟! گوتیان پێویست ناکا، لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە هەر ئەوەیە.

گوتم: نەخێر، نابێ، ئێمەش هەرێمێکین لەم وڵاتە،و ئاڵای خۆمان هەیە، بەشێوەیەکی فەرمی ئاڵای هەرێمی کوردستان هەمیشە لە پاڵ ئاڵای عێراقە. گوتیان: ئەمە ئاوایە. منیش: گوتم لەوێ قسە ناکەم. زۆر تەکلیفیان کرد. گوتیان ئەدی لەکوێ، گوتم: لەملاوە (لا دیوارێك بوو، کە هیچ ئاڵای لێ نەبوو)، لەوێ کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەمان جێ بەجێ کرد.

## ٣- كورسیەكەم لە پەرلەمانی عێراق:

یاخود كە چووین بۆ پەرلەمانی عێـراق، لەگـەڵ لیژنـەی كشـتوكاڵ دانیشتین، مێزێكی بازنەیی بوو، كورسـییەكەی مـن كورسـییێكی جـێگیر بوو، واتە جوڵەی پێ نەدەكرا، بەرزو نزم نەدەكرایەوە. ئەوانی دیكەش هەموو جوڵەپێكراو بوون،و بـەرزیش بـوون، بـە جۆرێـك لـەخوار شـانی ئەوان بووم.

گوتم، ئەوە چیە؟ بۆچی ئەوە ئاوایە؟ گوتیان: نازانین، گوتم: ئەو كورسیە لێرە لابەن، ڕاگەیاندنەكانیش هەموو لەوێ بوون. گـوتم: لەبـەر ئەوەی ئێمەی كورد، لە كاتێكدا كـە بـێ دەسـەڵاتیش بـووین، هـەر بـە سـەربەرزی مـردووین‌و لـە سـێدارە دراویـن، سـەرمان هـەر بـەرز بـووە، جینۆساید كراوین، سەرمان هـەر بـەرز بـووە. كیمیـایی بـاران كـراوین، سەرمان بەرز بووە. دەربەدەری ئێران‌و توركیا كـراوین، سـەرمان بـەرز بووە. ئێستا بۆچی لێرە كورسیەكەی ئێمە لە هی ئێوە نزمتر بێ؟!.

دواتر كورسییەكەیان گۆڕی. گوتیان: شـتێكی وا نـەبووە، ئاسـایی بووەو ئەنقەسـت نـەبووە. گـوتم: مـن نـاڵێم ئەنقەسـتە، گـرنگ ئەوەیـە لەسەر ئەم كورسییە دانانیشم‌و، گفتوگۆ لەسەر ئەم كورسییە ناكەم.

بێگومـان بـەم هەڵوێسـت و هـەنگاوەشمان توانیمـان تـەواوی ئـەو گومانانە بڕەوێنینەوە كە لەسەر لایەنی ئیسلامیی دروست ببـوو لەمـەڕ

پرســه نیشــتمانی و نەتەوەییــەکان، چــونکە دڵســۆزبوون بــۆ پرســی نەتەوەیی، بۆ پرسی نیشتیمانی، خەمخۆری بۆ گەلو نیشتیمانو وڵات، تەنها دروشم نیە. من پێم وایە هەڵوێستە، لـە کـویَ هەڵوێسـتێکی ئـاوا پێویسـت بـوو، جـا وەزیـرە، یـان سـەرکردەیەکی سیاسـییە، سـەرۆکی حکومەتە، هەڵوێستی هەبوو، بەڕاستی ئەو کەسە، کەسێکی نیشـتیمان پــەروەرە،و کەســێکە کــە بــەرگری لــە نەتەوەکــەی خــۆی دەکــات،و ئامادەیی هەیە خۆی قوربـانی پرسـە نیشـتیمانیو نەتـەوەو ئاینەکـەی خۆی بکات.

### ٤- قسەیەکی خۆش:

با شتێکی خـۆش بگێڕمـەوە، لـەو بابەتانـە کـە هاتۆتـە پێشـەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە کێشە دروست بوو، لەسـەر بـاج دانـان لەگـەڵ وڵاتانی دەوروبەرمان، قونسـوڵی ئەمـەریکی هـات. هەنـدێك بـرادەر کـە نزیکن لە وەزارەت، خەڵکی دڵسـۆزو بـە خزمەتیشـن، هەیانـە (٣٠-٤٠) ساڵە لەم سێکتەرە خزمەت دەکات. گوتبوویان: تا ئێستا فـلان کـەس باشـی هێنـاوە، بـەڵام لەمـەودوا سـەرکەوتوو نـابیَ،و کارەکـەی لیَ تێـك دەدەن، چونکە شەڕی ئەم هەموو وڵاتانە ناکریَ.

خۆ شەڕ بە مانای ئەوە نیە، کەمن چووبم تەحەددای ئەم وڵاتانـەم کردبیَ، هەرئەوەندە ویستبووم مافی ئەو خەڵکە بپارێزم، ویسـتوومانە چی دیکە جوتیارو هەژاری خۆمان زەرەر نەکەن، هەر لـە چوارچـێوەی

ئەوە بووە، وێڕای هەندێك پرسی نیشتیمانیی‌و نەتـەوەیی، کـە بـە ڕای من شتی سادەن، شتی یاسایی‌و ئاسایین کە پێویستە ئینسان لەسەری بوەستیێ، دەنا خۆمن نەچـوومە شـەڕ لەگـەڵ وڵاتـان بکـەم،و شـەڕ بـە وڵاتان بفرۆشم،و زیان لە میللەتەکەی خۆم بدەم.

هەتا گوتبوویان: لەمەودوا ڕەنگە قەت ڕێگەی پـێ نـەدەن، بچـێتە دەرەوەش. منیش گوتم: بەم شێوەیە نیە، مرۆڤ ئەگـەر دڵسـۆز بـێ بـۆ میللەتەکەی خۆی،و خەمخۆری بێ، لـە کۆتـایی دا، وڵاتـانیش ڕێـزی لێ دەگـرن. سـوپاس بـۆ خـوا پـاش ئـەم ڕووداوانـەش، ئنجـا جارێکیـان قونسوڵیەی ئەمەریکا هات، گوتی: ئەگەر لە ئەمەریکا داوەتـت بکـەین، ئامـادەی بچـی، گـوتم: بـەڵێ. ئـەوەبوو بانگهێشتیشـیان کـردین لـە گەورەترین زانکۆی ئەوێ: جون هـۆپکنز (JOHNS HOPKINS) سیمینارێك هەبوو، و وتەیەکیشیان بۆ دانابووین،و زۆریش هانیان داین‌و پشتگیریشیان کردین.

٥- هۆکارەکانی سەرکەوتن:

ڕەنگـە دوای ئـەو هـەموو ئەزموونـە لـە پرسـە نیشـتیمانی و نەتەوەییەی کە بـە ئـەنجاممان گەیانـد، پرسـیارێك لـە هـزر و مێشـکی خوێنەران دروست بێت کە وەزیرێك بەو بێ ئەزموونەییەی لـە پرۆسـەی حـوکمڕانی و یـەکمجاربوونی لـە وەرگرتنـی پۆسـتێکی وەزاری، چـۆن توانی بەرنامە و چوارچێوەیەکی وا بۆخۆی دابڕێژێ.

پێم وایە، هەنگاوی یەکەم بەوە دەست پێ دەکات، کە تۆ هیچ ئامانجو ئاواتێکی خۆت نەبێ لەم سێکتەرەی کە بەدەستەوەیە، لە کاتی خۆی کە هەندێك نیگەرانی هەبوو و خەڵکێك باسیان کرد گوتیان ئەمە پسپۆڕییەتی لەم بوارەدا نیە،و شت زۆر گوترا.

منیش نێوانی خۆمو خوا، گوتم خوایە من تەنیا ئامانجم خزمەتکردنی ئەم خەڵکەیە،و داوام لە خوای گەورە کرد پشتیوانیم بکات کە لەم ئەرکەی خۆمدا سەرکەوتوو بم،و سەری برادەرو دۆستەکانی خۆشم بەرز بکەمەوە. دیارە سەرکەوتنیش لەو کارە پێویستی بەم خەسڵەتانەی خوارەوە هەیە:

<u>یەکەم</u>: دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ ئەم خەڵکە، هەر کاتێك هەر سەرکردەیەك ئامانجێکی نەبوو بە کۆشكو تەلار بگات، بە پۆستو پلەو پایە بگات، بە پارە بگات، یانی: ئەو ئامانجە کەسیی و بچووکانە نەبوو، ئامانجەکەی گەلەکەی بوو، وڵاتەکەی بوو، ئەوە قەناعەتم وایە ئەو کەسە لە سێکتەرەکەی خۆی سەرکەوتوو دەبێ.

<u>دووەم</u>: گوێ گرتن، بەدرێژایی ئەو سێ ساڵو نیوەی کە لە وەزارەت بووم، گوێم گرتووە، تەنانەت گوێم لە جوتیارێکیش گرتووە، سوودم لە ڕەخنەو پێشنیاری جووتیارێك بینیوە، کە شارەزا بووە لە بوارەکەی خۆی، گوێم لە کەسێك گرتووە کە دکتۆرای هەبووە،

پرۆفیسۆر بووە لە بواری کشتوکاڵدا، گوێم لە هەموو چین‌و توێژەکان گرتووە، و سوودم لێ بینیون.

<u>سێیەم</u>: هەمیشە ڕاوێژیشم کردووە، ئێمە ئەنجومەنی ڕاوێژکارییمان هەیە، خۆی ئەم ئەنجومەنە تەنها ڕاوێژکارییە، هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، لە سیستەمی حوکمڕانی هەرێم بەم شێوەیەیە، بەڵام من هەمیشە بەبێ ڕاوێژی ئەوان، بابەتە گەورەکانم تێ نەپەڕاندووە، چونکە خەڵکی شارەزان، وەك باسم کرد خەڵکی وا هەیە (٤٠) ساڵ خزمەتی هەیە، لە بوارە جیاجیاکانی وەکو بواری کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، بەنداو، خاك، نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ، سامانی ئاژەڵ.

یانی من دڵنیام مرۆڤ بە تەنیا ناتوانێ سەرکەوتوو بێ، ئەگەر پشتگیری‌و پشتیوانی هەموو لایەکی لەگەڵ نەبێ، بەتایبەت ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکات.

# تەوەری چوارەم

# کارە ستراتیژ و داتاکان لە وەزارەتی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# دەروازەی تەوەری چوارەم

(کارە ستراتیژ و داتاکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان) دەچێتە چوارچێوەی تەوەری چوارەم و لە پازدە باس پێکدێت،و یەکێك دەبێت لەو هەنگاوانەی کە بەگرتنەبەری و پیادەکردنی گومانی تێدانییە کە ئاراستەکەی بەرەو بەرپاکردنی حوکمڕنییەکی تەندروست و سەرکەوتووە،و پایەکانی کاری دامەزراوەییش لە نێو دام و دەزگاکان مەحکەمتر دەکا و زیاتر بەرەوپێشی دەبات. تەورەی چوارەمیش ئەم باسانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**باسی یەکەم:** دیدگامان سەبارەت بە کشتوکاڵ

**باسی دووەم:** سیاسەتی وەزارەت

**باسی سێیەم:** سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو

**باسی چوارەم:** گرنگی خوددابینکاری لە ئاو و خۆراك

**باسی پێنجەم:** توێژینەوەی کشتوکاڵی

**باسی شەشەم:** گرنگی دەرکردنی رێنمایی

**باسی حەوتەم:** پرۆژەی نوێ

**باسی هەشتەم: هاوکاری کردنی جوتیاران**

**باسی نۆیەم:** بواری دارستان و باخ و ڕەزگەری

**باسی دەیەم: هەناردەکردنی بەرهەمی خۆماڵی**

**باسی یازدەم:** پۆند و بەنداوەکان

**باسی دوازدەم:** دەستکەوتی شاندی دەرەوە

**باسی سێزدەم: هاندان و خەلاّتکردن**

**باسی چواردەم:** گرێبەستی کشتوکاڵی

**باسی پازدەم:** ڕێگری و دەستێوەردانی حزبی

هەموو ئەم ناونیشانانەی سەرەوە دەبنە پێکهێنەری ستراتیژییەتی وەزارەت و نەخشە ڕێگای چوار ساڵی ئاینده، بۆ ئەوەی بە جیددی کاریان لەسەر بکرێ و بەرنامەی بۆ دابڕێژرێت، تا لە دەرەنجامدا وەزارەتێکی سەرکەوتوو بێتە بەرهەم و بشبێتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو و نموونەیەکی جوانی حوکمڕانی، تا بەهۆیەوە سەرجەمی وەزارەتەکانی دیش چاوی لێ بکەن و سوود لە ئەزموون و کارە سەرکەوتووەکانی وەربگرن.

## باسی یەکەم

# دیدگامان سەبارەت بە کشتوکاڵ

کەرتی کشتوکاڵ لە ڕابردوودا، دەتوانم بڵێم تا ڕاددەیەکی زۆر فەرامۆش کرابوو، کە پێم وایە ئەم سێکتەرە، سێکتەرێکی گرنگە، بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئابووری،و بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری زۆر بۆ هاولاتیانی هەرێمی کوردستان،و پەیداکردنی بژێوی خۆماڵی بۆ زۆربەی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان، بەلام بەڕاستی پشتگوێ خراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەم وەزارەتە تەماشا دەکەی لە گرنگی پێدان لە ڕیزبەندی، لە کۆتا وەزارەتەکانە، بەتایبەت لە تەرخان کردنی بودجە، لە باشترین حاڵەتدا، ئەو کاتەی کە ئەو بودجە زەبەلاحە لە هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣ هەبووە، تەنها (١,٨)ی بۆ دیاری کراوە، واتە کەمتر (٢٪)ی بودجەی گشتی، ئەمەش بە مانای گرنگی پێ نەدان دێت بۆ ئەم کەرتە.

لە بوارەکانی دیکەش، لە پرۆژەی وەبەرهێنان، هەتا یاساکانی، و ڕێنماییەکانی، گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا لە زۆربەی ولاتان، ئەگەر ولاتەکە کشتوکاڵی بێ، گرنگی یەکەم بە کەرتی کشتوکاڵی دەدەن، ئنجا لەوانەیە ولات هەبێ گرنگی بە کەرتی گەشتو گوزار بدات، ولات هەیە گرنگی بە کەرتی پیشەسازی دەدا، هەیانە

زیاتر گرنگی بە کەرتی بازرگانی دەدات. بەڵام بەداخەوە خۆ ئێمە پیشەسازیمان بەو شێوەیە نیە، هەندێك کارگەمان هەبووە، کە کاتی خۆی، حکومەتی (بەعس) دروستی کردبوون، ئەویشمان وێران کرد، ئەگەر وەك نمونە بیهێنمەوە، لەم هەولێرەی پایتەخت، کاتی خۆی کارگەی ڕستن (نەسیج) هەبوو، قوماشی دروست کردووە، ئێمە ساڵانی هەشتاکان دەچووین و قوماشمان لێی کڕیوە، قوماشی ئەو کاتی هەولێر، پێشبڕکێی کردووە لەگەڵ قوماشی ڕۆمانی، کە قوماشی ڕۆمانی ئەو کات زۆر چاکبوو،و بەناوبانگو بەنرخیش بوو، کەچی رووخاندیان و کردوویانە بە کارگەی بیبسی!!

(کارگەی مافوور)یشمان هەبووە، کە کارگەیەکی گرنگ بووە، سەدان کەس کاری تێدا کردووە،و بەرهەمی دەستچنینی تایبەتی خۆمانمان هەبووە، ئەویشیان وێران کرد.

بە گشتی کەرتی پیشەسازیشمان لاوازە، کەرتی بازرگانیشمان هەر لاوازە، کەرتی کشتوکاڵیشمان هەر گرنگی پێ نەدراوە.

جا دیدگاو تێڕوانینی ئێمە لە (٢) دوو ڕووەوە بووە:

**یەکەمیان:** خوددابینکاری لە بەرهەمی پێویست، خۆراکی پێویست بۆ هاوڵاتیان، واتە: ئەو خواردنانەی کە پێویستن، بەڵام ناتوانین بڵێین ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی هەرچی خۆراك هەیە لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ هاوڵاتیانی دابین یکەین. چونکە هەندێکی هەر لەم وڵاتە نیە، بۆ

نمونه (مۆز) هەر نیە. بۆیـە تـەنها ئـەوەی کـە پێویسـتە بـۆ هاولاتیـان دەتوانین دابینی بکەین.

**دووەمیـــان:** دابینکردنـــی ئـــاوی پێویســـت بـــۆ هاولاتیـــان، بـــۆ خواردنەوە، بۆ پیشەسازی، بۆ کشتوکاڵ، بۆ گەشتو گوزار... هتد.

ئەمـە تێڕوانینـی ئێمـە بـووە بـۆ سـێکتەری کشـتوکاڵ، کـە هـەم کشتوکاڵەکەیەتی، هەم ئاوەکەیەتی.

بۆچی پێویستە ئێمە جار جار ئەم بابەتـە ڕوون بکەینـەوە، ئەگـەر باسی دیدگاو تێڕوانینمان بکرێ، بۆ ئەوەی کە خەڵك بەرچاوڕۆشن بـن، کە گرنگی ئەم کەرتە چـەندە،و پاشـانیش بـا خـەڵك بزانـێ کـە چـیمان کردووە لەم کەرتەدا، لە کوێ بووە و گەیاندوومانە بە کوێ.

ئێمە لەدواوە بووین لە کەرتی کشتوکاڵ، بەڵام تواندراوە بە هەوڵی هەموو لایەك، لە ستافی وەزارەت، لە فەرمانبەرەکان، لە کۆمپانیاکـان، لە جووتیاران، ئەم کەرتە بخرێتە سەر ڕێگە ڕاستەکەی خۆی.

## باسی دووەم

# سیاسەتی وەزارەت

سەبارەت بەو سیاسەتەی کە پەیڕەوییمان لێ کردووە لە ماوەی وەزیریم لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێم وایە سیاسەتێکی دروست و گونجاوبووە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودا، چونکە ئەو بەرنامەی ئێمە دامنابوو، هەم وەك سیاسەتی کشتوکاڵی، هەم وەك سیاسەتی ئاو، سیاسەتی ڕوون و ئاشکرا بوون. ئەمەش وەڵامی ئەوەیە کە زۆرجار گوتوویانە: سیاسەتی کشتوکاڵتان چییە؟ چونکە ئەم سێکتەرە زۆر فراوانە، زۆر بە زەحمەت دەتوانی پەی بە هەموو بنج و بنەوانەکانی ببەی،و هەموو ڕووەکانی ڕۆشن بکەیەوە، ئەوە کاتی باشی دەوێ.

سیاسەتی ئێمە لە کەرتی کشتوکاڵ:

**یەکەمیان**: بریتی بووە لە هاندانی نرخ، چۆن وابکەین بۆ نموونە گەنم کە خۆراکێکی سەرەکییە، یەکەم خۆراکە لە ڕووی گرنگیو پێویستییەوە بۆ هاوڵاتیان بڕەکەی زۆر بکەین کە پێوستمان پێ یەتی، ئەمەش پێویست دەکات پاڵپشتی هەبێ،و ئەم پشتگیریە هەبووە لە عێراق دا، ساڵانە گەنم بە بڕێکی باش لە جوتیاران کڕاوەتەوە، بۆیە تەماشا دەکەین، ئێمە ساڵ بە ساڵ گەنممان زیادی کردووە،و ئەگەر لە

سـالّی (٢٠١٤) هـەژماری بکـەین تـا ئێسـتا، بەتایبـەتی سـالّی (٢٠١٦) گەیشتین بە (١,٦٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن‌و شەشسەد هەزار تۆن، ئـەوە دوو بەرامبەر ئەوەیە کە کاتی خۆی هەمان بـووە، کەواتـە: زۆر لـەوەی کـە پێویستمان پێیەتی بەرهەم هاتووە.

جا ئەمە نەك هەر بۆ گەنم، بۆ سـەوزەش پالّپشـتمان هـەبووە، بـۆ میوەش هەر هەبووە، بۆ نمونە لە سـالّی ٢٠١٥ بڕیارمانـدا، کـە هەنـدێك بەرهەم کە لە هەرێمی کوردستان هەمانە، وەکو سێو، سـێوی بـەرواری بـالاّ، سـێوێکی باشمـان هەیـە وەکـو تـریّ، وەکـو هـەناری ناوچـەکانی شارەزوور و هەورامان‌و هەڵەبجە، بەلایەنی کەم کرێی ناردنـە بازاڕییـان بدەینەوە،و بۆیان دابین بکەین.

بەرهەمی پەتاتەمان هەبووە، ئێمـە پالّپشـتێکی باشمـان کـردووە، سالّی وا هەبووە سەرەتا بەڕێژەی(٧٥٪) پالّپشتیمان کـردوون، سـالێك بە ٥٠٪ پالّپشتیمان کردووە، سـالّێك بـە ٣٣٪ . بـۆ ئـەوەی هەوڵـدەین ئەم بەرهەمە سەرەکییەی هاولاّتیان زیاد بکەین، ئێمە توانیمان پەتاتـە وا لیّ بکـەین، کـە زیـاد لـە پێداویسـتی هاولاّتیـانی هـەرێمی کوردسـتان بەرهەم بهێندریّ،و ڕەوانەی دەرەوەش بکریّ.

**<u>دووەمیان</u>**: سیاسەتی کشتوکالّ لە وەزارەتەکەمان بریتی بووە لـە وەبەرهێنان، هەوڵمان داوە لەگەڵ کۆمپانیاکان وەبەرهێنانی کشتوکالّی زیاد بکەن، ڕێگەمان بۆ کردوونەوە، لە ڕێنماییەکاندا کار ئاسانیمان بـۆ کردوون، کـە بتـوانن وەبـەرهێنانی کشـتوکالّی زیـاد بکـەن لـە هـەرێمی

کوردستان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵ.

لەم ڕووەوە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی کشتوکاڵ هەبووە، چ ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان بوون،و چ ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتوون. ئێمە نەك هەر لەلای خۆمانەوە، بەڵکو هەوڵمانداوە، ئەگەر کێشەو گرفتیان هەبووبێ لە وەزارەتەکانی دیکەش، بۆیان چارەسەر بکەین.

**سێیەمیان**: سیاسەتێکی دیکەمان بریتی بووە لە بەکارهێنانی زەوی، چۆن وا بکەین، ئەو زەوییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بیپارێزین،و بەشێوەیەکیش بەکاری بێنین، کە بە قازانجی کەرتی کشتوکاڵ تەواو ببێ. لە ڕابردوودا زەوی کشتوکاڵی تا ئەم دواییەش بەداخەوە مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ نەکراوە، بەوەی کە ئەوانەی دەسەڵاتدار بوون، ئەم زەوییە باشەی کشتوکاڵیەی لە هەرێمی کوردستان کڕینو فرۆشتنی پێکراوە، پارچە پارچە کراوە،و دابەش کراوە، وەك شارەوانی کاریان کردوە، شوێن هەبوە کابرا گوتویەتی من ئاویشتان بۆ ڕادەکێشمو جادەشتان بۆ قیر دەکەم، زەویەکەش کشتوکاڵی بووە.

لە وڵاتان هەوڵیان داوە زۆنگاوییان گۆڕیوە بۆ زەوی کشتوکاڵی، کەندو کۆسپیان پڕکردۆتەوەو لایان بردووە، کردوویانە بە زەوی کشتوکاڵی. ئێمە باشترین زەوی کشتوکاڵییمان هەیە، تەخشانو

پەخشـان کـراوە. ئێمـە یـەکێك لـە سیاسـەتەکانمان ئـەوە بـووە، کـە ڕێنمایی تونـد دەربکـەین، ڕێگـری بکـەین کـە زەوی کشـتوکاڵی ئـاوا لێ بکرێ. بەمەش تاڕاددەیەك لە قۆناغی خۆیدا ڕاگیرا،و لیژنەیـەکی بـاڵای بۆ دروست کرا، چەند دەسـتەیەکی بـۆ دروسـت کـرا لـە شـارەکان، کـە تەخشان و پەخشان کردنی زەوی کشتوکاڵی ڕابگیرێ.

__چـوارەمیان:__ لــە ڕووی کــارگێڕیو یاســاییەوە بــووە، کــە ئێمــە هەوڵمان داوە چاوخشاندنەوە بە ڕێنماییـەکانی کشـتوکاڵ بکـەین، لـەم ڕووەوە تێبینییم زۆر بووە، لەسەر هەندێ لـە یاسـاو ڕێنماییـەکانی کـە هەیە ، بۆ نمونـە لـە یاسـای کشـتوکاڵی کـۆن، ئـەوەی کـە کـاتی خـۆی حکومەتی بەعس دەری کردووە، چ وەکو بڕیار، چ وەکو یاسا، کەسـێك کە گرێ بەستی کشتوکاڵی هەبێ، ناتوانێ ئەم زەوییە بفرۆشێ، ئەوەی کە تاپۆی کشتوکاڵیی هەبێ دەتوانێ، بەڵام بەو مەرجەی هەر دەبێ بـۆ کشـتوکاڵ بـەکاربهێنرێ. جـا زۆربـەی هـەرێمی کوردسـتان گرێبەسـتی کشـتوکاڵیە، بۆیـە ئێمـە گوتومانـە بۆچـی ڕێگـری لێ بکـەین، بـا هـەوڵ بدەین یاسـایەك دەربکـەین، ڕێگـری لێ نەکـەین، هەوڵیشـمان زۆردا کـە یاسـایەك دەربکـەین ئەمـە ڕێگـە پـێ بـدەین. بۆچـی؟ ئێمـە جوتیـاری هەژارمان هەیە، ناتوانێ کشتوکاڵ بکا، ١٠٠ دۆنمـی بەدەسـتەوەیە، ٢٠٠ دۆنمی بەدەستەوەیە، ساڵانە لەوانەیە نیوەی بکـا بـە گـەنم، نیوەکـەی دیکـەی بـە بـەیار دەهێڵێتـەوە. گوتوومانـە بـا ڕێگـەی پـێ بـدەین کـە بیفرۆشـێ، بـەڵام ڕێنمـایی تونـد دەربکـەین، کـە تـەنها بـۆ کشـتوکاڵ بەکاربهێنرێتـەوە، وەبەرهێنـەرێکی کشـتوکاڵی بـا بـێ ئـەم زەوییـە

بكرێتەوە، ئەم جوتیارە ڕەنگە پارەیەكی دەست بكەوێ، لە شتێكی دیكەدا هەوڵبدا كاروكەسابەت بكات،و ئەم زەوییەش وەبەردەهێنرێ بۆ كشتوكاڵ، یان پێویستە حكومەت پاڵپشتییەكی باش و بەهێزی ئەو جوتیارە بكات، تا بتوانێ هەموو زەویەكەی بەكاربهێنێ و سوودی لێ ببینێ.

سەبارەت بە یاساكان و ڕێنماییەكان تێبینیمان هەبوو و هەوڵیشماندا بۆ ئەوەی هەموار بكرێتەوە، بەڵام دوایی ئەم دۆخە نائاساییەی بەسەر پەرلەماندا هات، كە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لەكار خرا، یاساش لە پەرلەمان دەردەكرێ و هەموار دەكرێ.

بۆ ئەم مەبەستە لەكاتی خۆیدا لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی پلاندانان دانیشتین، بڕیارماندا لیژنەیەكی پسپۆڕ دابنێین بە هەموو یاساكان دابێتەوە، هەر یاسایەك،و هەر ڕێنماییەكیش، ئەگەر بە ئاڕاستەی گەشەپێكردنو بەرژەوەندی كشتوكاڵو جوتیار نەبێ، هەمواری بكەین، ئەوەشمان كرد، بەڵام بەداخەوە پێمان نەگۆڕا بەهۆی هەندێ بەربەست و ئەقڵیەتی دواكەوتوو و حیزبی.

## باسی سێیەم

# سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو

ئەوەی تایبەتیشە بە سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو، کە ئاویش لە پاڵ کشتوکاڵ دەبوو بە سیاسەتێکی دروست و بەرنامە بۆ داڕێژراو مامەڵەمان لەگەڵی بکردبا، دیارە بۆ سیاسەتی ئاو هەر لە دەستپێکی دەست بەکاربوونمان کۆمەڵێك خاڵمان هەبووە:

- ئاو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەموومان دەزانین ئێستا لە دنیادا شەڕی ئاو لە ئارادایە، شەڕی ئاو مەبەستم ئەوە نیە کە بە تۆپو تەیارە لەسەر ئاو شەڕ بکرێت، بەڵکو سیاسەتی ئاو، لە وڵاتان، بەتایبەتی وڵاتانی دەرو دراوسێ بەشێوەیەکە، کە هەر کەس هەوڵدەدا ئاوی پێویستی خۆی لە وڵاتی خۆی دابین بکا،و لەم وڵاتانەی دەوروبەرمان نە یاسا هەیە، نە مافی مرۆڤ هەیە، بەزەییان پێدا نایەتەوە، ئەگەر بۆیان بکرێ ئاویشت لێ دەبڕن، وەك بینیمان.

بۆیە ئێمە هەوڵمانداوەو، ویستوومانە ئاوی پێویست لە هەرێمی کوردستان گلێ بدەینەوە، ئەویش بە دروستکردنی پۆند،و بەنداوەکان.

- سیاسەتێکی دیکەمان ئەوە بووە، کە ئاو بەپێی پێویست بەکاربهێنین، سیاسەتی ئاومان وابووە کە هەوڵبدەین ئاو بۆ

جوتیار بە خۆڕایی بێ،و تا ئێستاش وایە، ئەوەی کە بیریشی هەیە، ئەوەی کارێزی هەیە، ئەوەی کانی هەیە، ئێمە هیچ ڕسوماتێکمان لەسەر دانەناوە، بەڵام ناشبنێ ئەمەش زێدەڕۆیی تێدا بکرێ،و جار جار لە لایەن جوتیارەکانیش زێدەڕۆیی کراوە لە بەکارهێنانی ئاو.

- سیاسەتێکی دیکەمان ئەوە بووە، کە سیاسەتێکی زۆر توندمان هەیە، بۆ لێدانی بیری نا یاسایی، بەتایبەتی بیری (پایلی سووری) و هاوشێوەکانی، کە قەدەغە کراوە،و دەستیشیان بەسەردا گیراوە، کە ئەمەش هەم دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەرچی کانیاو و کارێز هەیە لەو ناوچانە وشک دەکات،و خۆشی تەمەنی کورت دەبێ،و زەوییەکەش تێک دەداو هەندێ کارلێکی کیمیایی لێ پەیدا دەبێ کە زیان بەدارو درەخت و ژینگەی دەوروبەری دەگەیەنێ.

بۆیە لەم ڕووانەوە، هەتا لە ڕووی یاساییشەوە، پڕۆژە یاسایەکمان ئامادە کرد، بۆ بەڕێوەبردنی ئاو، کە عێراق ئەم یاسایەی نیە، بەم دواییە خەریك بوون، چونکە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان یاسای بەڕێوەبردنی ئاومان هەبێ، ئەو کاتە ئەگەر عێراق دەریشی بکا، هەر ئەوەی ئێمە ئەولەویەتی دەبێ. بەڵام بە هۆی پەکخستنی پەرلەمانەوە، ئەو پڕۆژە یاسایەی ئێمەش ڕاوەستا.

## باسی چوارەم

# گرنگی خوددابینکاری لە ئاو و خۆراک

ئەوەی کە لامانە لە داتا پەیوەست بە ئاستی بەرهەم لە ڕێی خوددابینکاری لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦)یە، چونکە ساڵانە تا مانگی (١٢)، ئنجا تۆ دەتوانی داتاکان ئامادە بکەی، چونکە هەندێك بەرهەم هەیە لەلای ئێمە، کە تا مانگی (١١ و ١٢) هەمانە.

گەنم، لە ساڵی (٢٠١٤) (٩٠٪)مان دابین بووە، واتە (١٠٪)مان لە دەرەوەی بۆ هاتووەو هی خۆمان نەبووە، تا ساڵی (٢٠١٦) گەیشتووین بە (١٨١٪)، واتە (٨١٪)ش زیاتر لە پێداویستی خۆمان، کە (٩١٪) زیادی کرد.

گۆشتی مریشك، لە ساڵی (٢٠١٤)، (٤٦٪)مان هەبووە، لە ساڵی (٢٠١٦)، گەیشتوە بە (٦٧٪)، کە (٢١٪) زیادی کردووە،و ئێستا لە ساڵی (٢٠١٧) زیاتریشی کردووە.

هێلکەی خواردن، (١٠٠٪)مان هەبووە، ئێستا (٣٢٪)ی دیکەش زیادی کردووە.

گۆشتی سوور، (٧٣٪)مان هەبووە، تا ساڵی ٢٠١٦ (٨٠٪) بوو، واتە بەڕێژەی (٧٪) زیادی کردووە.

شیر، (٧٪) زیادی کردووە.

سەوزە بە گشتی (٢٢٪) زیادی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠١٤)، کە پێم وایە ڕێژەیەکی زۆرە بۆ سەوزەی هەرێمی کوردستان.

هەروەها گۆشتی ماسی (١٤٪) زیادی کردووە.

زۆر بەرهەمی دیکەشمان هەبووە، بۆ نمونە (پەتاتەش) بەهەمان شێوە، کە دوو ئەوەندەی پێویستمان پێیەتی لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە.

هەموو ئەو داتایەنەی خستمانەڕوو بەرهەمی ئەو بەرنامە و سیاسەتەیە کە لە وەزارەت دامانڕشتبوو، کەواتە سیاسەتی وەزارەت کاریگەری خۆی هەیە، دەرکردنی ڕێنمایی کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نمونە کاتێك وا بێتە بەرچاو، کە ئەم وەزارەتە وەك دامەزراوەیەك بەرگری لە جوتیاری خۆی دەکات، بەرگری لە کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی دەکا، بەرگری لە وەبەرهێنەرەکانی کشتوکاڵی دەکا، پاڵپشتی بەرهەم دەکا، بەرگری لە بەرهەمی ناوەخۆ دەکا بە دانانی باجو ڕسومات، ئەمانە وا دەکا، کە هاولاتی ئەوەی کە پەیوەندی بەم سێکتەرەوە هەیە، متمانەی بۆ پەیدابێ،و مل لە بەر کشتوکاڵ کردن دەنێ.

ئەوەی پەیوەستیشە بە بودجە و دابین کردنی ماددی بۆ پاڵشتی کردنی ئەو سیاسەتەی پەیڕەویمان لی کردووە، چونکە بێگومان بەرنامە و پرۆژەیەکی ئاوا بۆ هەر دوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاو، بودجە و پارەیەکی زۆر باشی دەوێت تا بتوانین بە سەرکەوتوویی و بێ هیچ کێشە و گرفت لەسەر سیاسەتەکەی خۆمان بەردەوام بین، بەداخەوە هیچ بودجەیەك بۆ وەزارەت نەبووە، نە ساڵی (٢٠١٤)، نە (٢٠١٥)، نە (٢٠١٦)،و نە (٢٠١٧)ش، هیچ بڕە بودجەیەك بۆ وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو دابین نەکراوە، تەنها بودجەیەك هەبووە، پێی

گـوتراوە (بودجـەی پاڵپشـتی کشـتوکاڵی)، کـە سـاڵی ٢٠١٤ تـەنها (٦٥,٢٢٩,٢٧٩,٥٠٠) شەسـت و پێـنج ملیـار و دووسـەد و بیسـت و نـۆ ملیۆن و دوو سەد و حەفتاو نۆ هەزار و پێنج سەد بـووە. سـاڵی دووەم (ساڵی ٢٠١٥) کەمکرایەوە، بوو بە (٣٢,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سیو دوو ملیار و پێـنج سـەد ملیـۆن،و سـاڵی سـێیەم ( سـاڵی ٢٠١٦) کەمکرایـەوە بـۆ (١٩,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نۆزدە ملیار و پێنج سەد ملیۆن، و بڕیـار بـوو سـاڵی (٢٠١٧) بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیاری بۆ تەرخان بکرێ.

دیارە ئەم بڕانەش هیچـی خـەرج نـەکراوە بـە تـەواوی، وەك بڕیـار هــەبووە، بــەڵام خــەرج کــردن نــەبووە، ئێمــە هەوڵمانــداوە لەگــەڵ کۆمپانیاکان، کە بەشی زۆریان بە قەرز کاریان کردووە، گەنمی بنـەتۆو بێنن، هەتا پاڵپشتی پەتاتە بووە. بۆیـە ئێسـتا وەزارەت قـەرزارە لـەم ڕووەوە، قەرزاری هەندێك کۆمپانیایە، قـەرزاری هەنـدێك وەبەرهێنـەری کشـتوکاڵییە، کـە لـەم ماوەیـە یـەکێك لـە پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان گوتبــووی: وەزیــری کشــتوکاڵ، کــە وەزارەتــی بــەجێ هێشــتووە (١٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیار قەرزدارە. خۆ من قـەرزداری شەخصـیی نیم، ئەو بودجەیەیە کە تەرخان کراوە، بەڵام پارەکەی خەرج نەکراوە، یانی: حکومەت، وەزارەتـی دارایـی قـەرزاری کۆمپانیاکانـە، نـەك ئێمـە قەرزاری بین.

ساڵی (٢٠١٧) کە لەگەڵ ئەنجومـەنی وەزیـران دانیشـتم، بڕیـاردرا، کە ئەمجارە گرنگییەکی تایبەتی بە کشتوکاڵ بدرێ،و دوای ئەو هەموو قەیرانە، کـە ڕووبـەڕووی ئێمـە بۆتـەوە، بودجەیـەکی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)

بیست ملیاری، تەرخان بکرێ، بودجەی پاڵپشتی کشتوکاڵی، بڕیاردرا، بەڵام دیسان ئەم بودجەیە تا کۆتایی ساڵیش هیچ بڕە پارەیەك نەخراوەتە سەر هەژماری بانکی کشتوکاڵ لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، کە دەتوانن خەرجی بکەن بۆ پاڵپشتی کشتوکاڵی.

واتە ئەو پاڵپشتیانەی کە کردوومانە، لە بودجەی پاڵپشتی کشتوکاڵی بووە، دەنا هیچ بودجەیەك بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم سێکتەرە دابین نەکراوە.

ئەوەی باسمان کرد لە رووی داراییەوە بوو، کەچی لە رووی کارگێریشەوە پێویستە قسەیەك بکەین کە بێگومان ئەو بوارەش بۆ خۆی بوارێکی یەکجار فراوانە، بۆ ئەم مەبەستە چەند پرەنسیپێکمان دانا، پێشتر ئەم پرەنسیپانە نەبوون، وەك چاکسازییەك لە بواری کارگێڕی دا، بۆ نمونە دانانو لابردنی بەڕێوبەرەکان، بەڕێوبەری کشتوکاڵی، بەڕێوبەری لق بێ، هۆبە بێ، بەش بێ، ئەمانە کاتی خۆی حیزب دیاری کردوونو دایناون،و حیزب لایبردوون. بەڵام ئێمە بڕیارماندا، کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێین، بۆ ئەم مەبەستە سیستەمێکمان دانا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەران، کە ئەمە نەبووە، یانی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، لەڕێگەی لیژنەی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای کراوە، چەند توانیویەتی ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکا، چەند خزمەتی پێشکەش بە هاوڵاتیان کردووە، خزمەتگوزارییەکان بە گشتی.

پێوەرێکی دیکەمان دانا، بۆ نمونە کەسێك لادەبرێ، چۆن کەسێکی لە جێ دادەندرێ، بۆ ئـەم مەبەسـتە لیژنەیـەکمان پێکهێنـاوە و کۆمـەڵێك بنەمامان دانـاوە، بـەپێی ئـەم بنەمایانـە پـێش برِکـێ دەکـرێ، هەرکـەس ئارەزووی هەیە، دەتوانێ لەم پێشبرِکێ یە بەشـدار بـێ،و سـی ڤـی خـۆی پێشکەش بکات،و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ،و دواجار ئەو کەسەی بـەپێی ئەم پرِەنسیپانەی کە داندراوە دەرچوو، دەکرێ بە بەرِێوبەر.

رِاهێنـــان بـــە فەرمانبـــەرانی وەزارەت، بـــۆ بـــەرەوپێش چـــوونی ئاستەکانیان، تواناکانیان، ئێمە بە هاوکاری رِێکخراوەکانو کۆمپانیاکـان، تـا ئێسـتا رِاهێنـان بـە (٢١٤) دوو سـەدو چـواردە فەرمانبـەر کـراوە لـە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، بۆ بوارە پسپۆرِییە جیاجیاکان.

لە بـواری کـارگێرِی مۆڵـەتمان بـە (٨٠) هەشـتا فەرمانبـەر داوە، بـۆ ئەوەی لە خوێندنی باڵا بخوێنێ، بۆ نامەی ماستەرو دکتـۆرا. کـە (٨)یـان بۆ دکتۆرا بووە،و (٧١)یان بۆ ماستەر بووە،و یـەکێکیان بـۆ دبلـۆمی بـاڵا بووە. ئەمە بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانیان، بۆ پەیداکردنی پسپۆرِی لـەو بوارەی کە ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستمان پێی دەبێ.

سیستەمێکی دیکەشمان دانا، کە ئەو بوارە گرنگانە چـین، کـە ئێمـە پێویستمان پێی دەبێ، کە فەرمانبەرەکانمان، بەرِێوبەرەکانمان پسـپۆرِی تێدا پەیدا بکەن.

## باسی پێنجەم

# توێژینەوەی کشتوکاڵی

هەر سێکتەر وکەرتێك پێویستی بەردەوامی بە توێژینەوە و دیراسات هەیە، بۆ ئەوەی لە بەرنجامی ئەو توێژینەوەیەدا چاکتر و گونجاوتر بتوانیت چاکسازی لەو کەرتە بکەی و زیاتر بەرەو پێشی ببەی و خزمەتی باشتری بکەیت.

بەداخەوە لەم رووەوە توێژینەوەش کە یەکێك لەو بەشانەیە فەرامۆش کراوە، چونکە زیاتر بە توێژینەوەی زانستی دەتوانین سێکتەرو بەشەکانی کشتوکاڵ بەرەو پێش ببەین،و بە توێژینەوە دەتوانین بزانین، کە ئایا ئێمە کەمو کوڕیو گرفتەکانمان لەم سێکتەرە، لەم بوارەدا، یان لە بوارە جیاجیاکان چییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی زۆرمان داوە، هەندێکیان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە، هەندێکیان لە ڕێگەی وڵاتانی دەرەوە، کە هاوکار بوونە، هەندێکیان بۆخۆمان هەوڵماندا. بۆ نمونە ئێمە لەم سێ ساڵو شەش مانگەدا:

- (٢٢٩) دوو سەدو بیستو نۆ توێژینەوەی بەرووبوومی کێڵگەیی کراوە، کە ئەمە هەنگاوێکی باشە.
- (٣٥) سیو پێنج توێژینەوەی خاك کرا.
- (١١٠) سەدو دە توێژینەوەی ڕەزگەریو دارستانیو پاوانو ڕووەکی پزیشکی کراوە.

- (٥٦) پەنجاو شەش توێژینەوە سەبارەت بە پاراستنی ڕووەك کراوە.

- (١٨) هەژدە توێژینەوەش لەسەر سامانی ئاژەڵو ئەوەی پەیوەندی بە ئاژەڵەوەیە کراوە.

- (٣٧) سیو حەوت توێژینەوە لەسەر سەوزەو، ئەوانەی لەناو خانووی پلاستیکین، کراوە.

- (٢٠) بیست توێژینەوە سەبارەت بە بەرهەمهێنانی تۆوی تۆمارکراو، کراوە.

- (٤٦) چلو شەش توێژینەوەش دەربارەی، ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەندی بە دەرەوەی پلان هەیە، ئەنجام دراوە.

لەگەڵ ئەوەی کە پاڵپشتی کەم بووە، چونکە توێژینەوە لە هەموو سێکتەرەکانی تر زیاتر پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە، کە توێژینەوەکە ڕێگاکەی خۆی بگرێو ئەنجامیشی هەبێ.

## باسی شەشەم

# گرنگی دەرکردنی ڕێنمایی

بـۆ ڕێکخسـتنی زیـاتری بەرهـەم هێنـان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی جۆری بەرهەمەکان و ساغ کردنەوەیان لە بازاڕ، بەردەوام پێویستی بـە دەرکردنی ڕێنماییە بۆ جوتیارەکـان، جـا بـۆ ئـەم مەبەسـتە یـەکێك لـە ئەرکــەکانی وەزارەتــی کشــتوکاڵو سەرچــاوەکانی ئــاو، بریتیــە لــە دەرکردنی ڕێنمایی. هەمیشـە پێویسـتە هۆبـەی کشـتوکاڵ ڕێنمـایی بـە جوتیارەکان و کۆمپانیـا کشـتوکاڵییەکان و وەبەرهێنـەرانی کشـتوکاڵی بدا، لەم لایەنەوە ئاماژە بە هەندێ ژمارە دەکەین، ئەوەی کە کرابێ لە کارو چالاکی:

لەو سێ ساڵو شـەش مانگـەی ڕابـردوودا، ژمـارەی چـالاکییەکانی خولی جوتیاران (٢٩٥) دووسەدو نەوەدو پێنج خول بـووە، بـە گشـتی، لە سەرتاسەری کوردسـتان، ئـەوەی کـە سـوودمەند بـووە لـەو خولانـە (٢٩٧٥) دوو هەزارو نۆسەدو حەفتاو پێنج کەس بووە.

خولی فەرمانبەران، (٨٢) هەشتاو دوو خول بـووە، (١٠٤٤) هـەزارو چلو چوار کەس تێیدا سوودمەند بووە.

ڕوونکردنەوەی کێڵگەیی (٧٨) حەفتاو هەشت خول بـووە، (٢٨٥) دوو سەدو هەشتاو پێنج کەس سوودمەند بووە.

خولی ئافرەتـان (٣) سـێ خـوول بـووە، (٣١) سـیو یـەك ئـافرەت تێیدا سوودمەند بووە.

سەردانی کێڵگـەیی (٦٥٨٨) شـەش هـەزارو پێـنج سـەدو هەشـتاو هەشت بووە، کە نزیکەی (١٩٠٤٧) نـۆزدە هـەزارو چـلو حـەفت کـەس تێیدا بیندراوەو قسەی لەگەڵ کراوە،و ڕێنمایی پێدراوە.

قوتابخانەی کێڵگەییشمان نەبووە.

سـیمینارو کـۆڕو کۆبوونـەوە (٨٥٤) هەشـت سـەدو پـەنجاو چـوار سیمینار و کۆڕمان هەبووە، بـە گشـتی، (٦٤٩٨) شـەش هـەزارو چـوار سەدو نەوەدو هەشت کەس لێی سوودمەند بووە.

(٢٣٨) دوو سەد و سی و هەشت، بەرنامەی رادیۆو تەلەفزیۆنی بـۆ پەرەپێدان و رێنمایی کشتوکاڵی و روونکردنەوەی بابەتی پێویست.

(٥) پێنج پێشانگای کشتوکاڵییمان کردۆتەوە.

(٣٢٦٩) سـێ هــەزارو دووســەدو شەســتو نــۆ، بڵاوکــراوەی چاپەمەنیمان هەبووە.

لە بواری وۆرکشۆپ، (١٢) دوازدە وۆرکشۆپمان هەبووە، کە نزیکە (١٢٥) سەدو بیستو پێنج کەس لێی سوودمەند بووە.

بواری بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی، کە بە داخەوە پێم وابوو ئێمە دەبێ زۆرمان هەبێ‌و زۆریش گرنگە، بەڵام (٢) دوو دانە بووە، کە نزیکەی (٣٠٠) سێ سەد کەس تێیدا سوودمەند بووە.

کۆی گشتی چالاکییەکان لەم بوارەدا (٦٢٤٦) شەش هەزارو دوو سەدو چلو شەش چالاکی بووە، کە زیاتر لە (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار کەس لێی سوودمەند بووە لەو کارو چالاکییانەی کە پەیوەندی بە ڕێنمایی کشتوکاڵییەوە هەبووە، لە وۆرکشۆپ‌و کۆبونەوەو ڕێنمایی پێدان‌و...

# باسی حەوتەم

# پرۆژەی نوێ

بۆ ئەوەی هەر سێکتەرێك زیاتر گەشەی پێ بدەین و بەرەو پێشتری ببەین، پێویستی بە کردنەوەی پرۆژەی تازە و مۆڵەتدان هەیە، جا یەکێك لە هۆکارەکانی گەشەی هەر کەرتێك، بەتایبەتی سێکتەری (کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو) ژمارەی مۆڵەتە، ئێمە لەو سێ ساڵو شەش مانگەدا، (٧٣٠) حەفت سەدو سێ مۆڵەتمان بە پرۆژەی کشتوکاڵی داوە، پرۆژەی ماسی، باغداری،و سامانی ئاژەڵ، کێڵگەی پەلەوەر، ئەوانەی کە مۆڵەتدراوە، هەست دەکەم پرۆژەکان لەوە زیاترن، بەڵام ئەمانە تەنها ئەوانەن کە مۆڵەتی فەرمییان وەرگرتبێ، چونکە پرۆژەی بێ مۆڵەتیشمان هەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێنماییمان دەرکرد بۆئەوەی چارەسەری ئەو پرۆژە بێ مۆڵەتانەش بکەین.

## باسی هەشتەم

# هاوكاری كردنی جوتیاران

بێگومان هاوكاری كردنی جوتیاران و پاڵپشتی كردنی مادديان، پێويستی به بودجەيەكی زۆر دەكات، كەچی بە داخەوە ديسان لەم رووەوەش بودجەيەكی زۆر كەممان بۆ تەرخان كرابوو لەگەڵ ئەوەشدا توانيمان بە پێی بودجەی بەردەست هاوكارييەكی باشی جوتيارەكانمان بكەين بەتايبەتيش لە دابينكردنی بنەتۆ، لەوەشدا داتاو ژمارەيەكی زۆرم لەلايە، بەڵام من هەر كۆی گشتييەكە دەخەمەڕوو:

ساڵی (٢٠١٤ – ٢٠١٦) هی ئەم سێ ساڵە، گەنمی بنە تۆو:

- لە ساڵی (٢٠١٤)، كە لە هەمووی زياتر بووە، (١٦٠٧٨) شازدە هەزارو حەفتاو هەشت تەن، گەنمی بنەتۆو بەسەر جوتيارانـدا دابەش كراوە. كە جووتياران زۆر سووديان لێ بينی.
- ساڵی (٢٠١٥)، كەمی كرد، بووە (٩٨٩٢) نۆ هەزارو هەشت سەدو نەوەدو دوو تەن.
- ساڵی (٢٠١٦) بووە (٩٩٣٨) نۆ هەزارو نۆ سەدو سیو هەشت تەن بووە.

كە كۆی گشتی ئەم سێ ساڵە (٣٥٩٠٨) سیو پێنج هەزارو نۆسەدو هەشت تەن گەنمی بنە تۆو بەسەر جووتياراندا دابەش كراوە.

# باسی نۆیەم

## بواری دارستان و باخ و ڕەزگەری

سەبارەت بە بواری دارستان و باخ و ڕەزگەری و نەمام، لەو ڕووەشەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی دارستانو ڕەزگەریمان هەیە، کە هەم نەمام، نەمامی بەر،و هەم هی سێبەر، هەم بۆ دارستانەکان بەرهەمیان هێنا، ئەوەی کە لەلای ئێمە هەیە بۆ ئەم سێ ساڵە (٨,٥٦٤,٩٧٨) هەشت ملیۆنو پێنج سەدو شەستو چوار هەزارو نۆسەدو حەفتاو هەشت نەمامی دارستانو ڕەزگەری لە نەمامگەکانی وەزارەت بەرهەم هێنراوە،و بەسەر جووتیاران،و ڕێکخراوەکان، دابەش کراوە بۆ شارەوانییەکان کە پێویستیان بووبێ، یەکە ئیدارییەکان کە پێویستیان بوو بێ هاوکاریمان کردوون.

## باسی دەیەم

# هەناردەکردنی بەرهەمی خۆماڵی

حەقیەقەتێك هەیە پێویستە خوێنەران بیزانن ئەویش ئەوەیە کە لەماوەی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە بە دەگمەن، یاخود دەتوانین بڵێین نەبووە، بەرهەمێکی نێوخۆیی ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کرابێ، زیاتر ئێمە هاوردەمان کردووە سوپاس بۆ خوا ئەوەش هەنگاوێکی دیکە بووە، کاتێك وڵاتێك توانی بەرهەمێك، ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێ، بنێرێت بۆ دەرەوە، واتای ئەوەیە یان زیاد لە پێویستی خۆیەتی، یان پێشکەوتنی ئەو وڵاتەیە لەم بەرهەمە. ئەم بەرهەمانەمان ڕەوانەی وڵاتانی دەرەوە کردووە، ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بووبێ، بەڵام هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە:

- برنجی ئێمە بۆ وڵاتی سوودان ڕەوانە کراوە.
- هەنگوین بۆ ئیماڕات ڕەوانە کراوە.
- جوجکە بۆ لوبنان.
- فستقی کێڵگەییمان هەبووە بۆ ئێران.
- خووری مەڕ بۆ ئەفغانستان.
- پەلەوەر بۆ سووریا.

- ڕیخۆڵـەی (هــەزار ڕۆخانــە)ی پــێ دەگــوترێ، بــۆ لوبنــانو پاکستان.
- (پێستە) بۆ تورکیا و ئێران.
- پەتاتە بۆ سعودیا.
- شۆکە (جۆرێکە لە دۆشاو) بۆ وڵاتی ئێران.

بەرهـەمی دیکـەش هـەبووە، نزیکـەی (١١ تـا ١٢) یـازدە تـا دوازدە بەرهەم هەیە کە ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کراوە.

## باسی یازدەم

# پۆند و بەنداوەکان

لەبەر ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ راستەخۆ پەیوەستە بە ئاو، بۆیە پێویستە بەردەوام لە بیری دانانی بەرنامە و پرۆژەی جیاجیا بیت لە چوارچێوەی ستراتیژییەتێکی دوور مەودا بۆ پێشخستنی کەرتی ئاویش بە تایبەتیش لە رووی ئاودێری و دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاو بۆ ئەو کاتانەی کە ئاو کەم دەکات، کاتی خۆی لە سەردەمی رژێمی بەعس، تەنیا (٣) سێ بەنداو دروست کرا بوو، لە کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش (١٤) چواردە بەنداوی تر دروست کرا، بەڵام بەنداوی گەورە نین وەك ئەوانەی سەردەمی رژێم، تێیدا هەیە لەوانیش گەورەتر بەڵام تەواو نەکراوە.

ئێستا خاوەنی (١٧) حەڤدە بەنداوین، لە هەرێمی کوردستان، ئەم (١٧) حەڤدە بەنداوە، زیاتر لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ م$^{٣}$) دە ملیار مەتر سێ جا، ئاو کۆ دەکاتەوە، ئەمە بەپێی پێوەرەکانی بەردەستمان، بەشی هەرێمی کوردستان دەکا، بۆ هەموو بوارەکانی کشتوکاڵو خواردنەوەو پیشەسازیو گەشتو گوزار، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەش نەبووە.

لە ساڵی (٢٠١٦) پرۆژەیەکم هێنایە پێشەوە،و پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیرانم کرد،و بۆ ڕای گشتیش خستمە ڕوو، کە ئەگەر دەمانەوێ لە کێشەی ئاو ڕزگارمان بێ،و ئەو فشارانەی کە لە وڵاتانی دەوروبەرمان لەسەرمان هەیە، بە گرتنەوەی ئاو لەسەر هەرێمی کوردستان کاریگەریان نەبێ و ببینە خاوەنی ئاوی پێویست بەشێوەیەکی هاوسەنگ بۆ هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژەیەی وەزارەتەکەمانە کە نزیکەی (١٧) حەڤدە بەنداو بوو، کە ئەگەر دروستییان بکەین، بۆ ماوەی (٢-٣) دوو تا سێ ساڵ،و ڕەنگە هەندێکیان تا (٥) پێنج ساڵ بخایەنێ، بەڵام ئەو کات ئێمە لە خەم دەرەخسیین، واتە ئاوی پێویستمان هەیە بۆ کشتوکاڵ، بۆ پیشەسازی، بۆ گەشتو گوزار لە هەرێمی کوردستان بە پێی پێویستو هاوسەنگی بۆ ناوچەکان.

سەرەتا پشتگیری کراین وەك پرۆژە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ نەنرا، کە بتوانین دەست پێ بکەین، بۆ ئەوەی لە مەترسی ئەوەی کە شەڕی ئاو لە ئارادایە ڕزگارمان ببێ، کە ئاو وەك چەکێك بەکاردەهێنرێ بۆ ملکەچ پێ کردنی گەلانو هەندێ وڵاتان.

ئـــەوەی پەیوەندیشـــی بـــە ئەنجامـــدانی پـــڕۆژەی ئـــاودێری لـــە وەزارەتەکەمان هەیە، دەتوانم بڵـێم پـڕۆژە ئاودێرییـەکانمان، بـۆ کـۆی هەموو شارو شارۆچکەکان، (١٢٢,٢٧٠) سەدو بیسـتو دوو هـەزارو دوو سەدو حەفتا پڕۆژەی ئاودێرییمان هەبووە.

هەروەها ئەوەشی پەیوەستە بە ئەنجامـدانی پـڕۆژەی (پۆنـد) کـە بریتییـە لـە دروسـتکردنی بەربەسـتی خـاکیی، ئێمـە پۆنـدمان هەیـە هێندەی بەنداوێك گەورەیە، بەڵکو هەیە لە بەنداویش گەورەترە، بـەڵام سیستەمی دروسـتکردنەکەی جیایـە، ئـەوە بەربەسـتی خاکییـە، واتـە: زیاتر بە خاك دروست دەکرێ، ئەوەی تر بـە شـێوازێکی دیکـە دروسـت دەکرێ.

ئێسـتا سـاڵی (٢٠١٧) خـاوەنی (٩٧) نـەوەدو حـەفت پۆنـدین لـە هەرێمی کوردستان،و ئەوەی کە لەژێر جـێ بـەجێ کردنـە (١٨) هـەژدە پۆندە. ئەو پۆندانەی کە ئێستا دروست کـراوە، (١٧,٠٧٨,٠٠٠,٠٠٠ م$^{٣}$) حەڤدە ملیارو حەفتاو هەشت ملیۆن مەتر سێ جا، ئاوی کۆکردۆتەوە.

## باسی دوازدەم

# دەستکەوتی شاندی دەرەوە

دیارە یەکێك لە کارو چالاکییەکانمان لە وەزارەت بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەوپێشەوە ببەین و گرنگی زیاتر بە بەرهەمە ناوخۆییەکان بدەین، بریتی بووە لەسەردانی کردنی وڵاتانی دەرەوە، سەردانی کۆمەڵێك وڵاتمان کردووە،و هەندێکیان ئەنجامی باشی هەبووە، بۆ نمونە سەردانی وڵاتی ئیتاڵیامان کرد، لەگەڵ وەزارەتی پەرەپێدانی ئەو وڵاتە کۆبووینەوە،و بڕیاریاندا کە هاوکاریمان بکەن بۆ دانانی (گوشینی زەیتون)، کە دانەیەکمان لە هەولێر داناوە، ئێستا ڕەزامەندی دووەمیشیان دەربڕیوە کە بەخۆڕایی بۆمان دابنێن بۆ هەرێمی کوردستان. زەیتون، کە بەرهەمێکی نایابەو پێویستیشەو لە هەرێمی کوردستان وردە وردە ڕوو لە زیادبوونیشدایە، کە ئەمە هاوکارە بۆ زیاتر گەشەکردنی ئەو بوارە.

لەگەڵ وەزارەتی ئابووری هۆڵەندا، (کە ئەوان وەزارەتی کشتوکاڵییان نیە)، کۆبووینەوە، بڕیاریاندا کە دوو پڕۆژەی گەورەمان بۆ ئەنجام بدەن لەسەر بودجەی خۆیان،و بڕیاردرا، کە دەرخستەو پڕۆژەکان وەك (پڕۆپۆزەڵ) بۆیان بنێرین، بەڵام بەداخەوە ئەم

ڕیفراندۆمەی بەدوادا هات، کە دیارە ئەویش بەڕاستی ساردی لێکراوە، پێم وایە ڕیفراندۆم سەری ویشی خوارد.

لە (٢٠١٥/٢/٢) سەردانی وڵاتانی ئێرانمان کرد، یاداشتنامەیەکی لێك تێگەیشتنمان واژۆ کرد، لە بوارە جیا جیاکان، کە (١٩) نۆزدە خاڵ بوو، کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاداشتە دروست کرا لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی ئێران،و بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی کە هەبوون، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندی بە سنوورەکان،و ئەو بەرهەمانەی کە دەهێنرێن بۆ هەرێمی کودرستان، یان بردراون بۆ ئێران، چارەسەر بکات. هیوادارم لەم کابینەیە (کابینەی ٩) وەزارەت بتوانێ ئەم پڕۆژانە زیندوو بکاتەوەو بەدواداچوونی بۆ بکات.

لە ٢٠١٥/١٠/٢٨، یادداشتنامەیەکی لێك تێگەیشتنمان لەگەڵ وڵاتی (بیلاڕوسیا) ئیمزا کرد، بۆ کەرتی کشتوکاڵو بەرهەمهێنەری کشتوکاڵی، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی کشتوکاڵیمان دەرگایان بکرێتەوە و سوود لە یەکتر ببینن.

یادداشتنامەیەکی لێك تێگەیشتنمان لەگەڵ وڵاتی چیك، لەگەڵ وەزارەتەکەیان،و لەگەڵ کۆمپانیای (زی تۆڕ)یش ئیمزا کرد، کە پێم وایە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ بوو، وردە وردە پێویستە هەنگاو بنێین، بۆ ئەوەی ببین بە خاوەنی تراکتۆر لە هەرێمی کوردستان.

قۆناغی یەکەم، بریتی بوو لەوەی کە هەندێك تراکتۆر بنێردرێ بۆ هەرێمی کوردستان، وەك پاڵپشتی بدرێن بە جوتیارەکانی خۆمان.

قۆناغی دووەم بریتی بوو لە (تجمیع)، کۆکردنەوە و لێکدانی پارچەکانی لە هەرێمی کوردستان.

قۆناغی سێیەم بریتی بوو لە دروست کردن (تصنیع)، بەلاّم ئەوە پێویستی بە بودجەیەك هەبوو، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەو کارگەیە دابنێین،و ئەوانیش ئامادەییان هەبوو. بەلاّم بەداخەوە ئەو بودجەیە کە (١٠) ملیۆن دۆلار بوو تەرخان نەکراو، ئەویش بە لە دایك نەبوو، مایەوە.

لەناوەخۆدا رێککەوتنێکمان هەبوو لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالاّ، چونکە پەیوەندییمان بە یەکەوە هەبوو، لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دروست کراوە، بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی هەبوو بە هەردوو لا،و بە ئاڕاستەی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ.

هەموو ئەو بڕیار و کارو پڕۆژانەی کە بە ئەنجامان گەیاندون بێگومان هەر لە خۆوە و بە گۆترە نەکراون، بەڵکو بۆ ئەمە ئەنجومەنێکی راوێژکاریمان هەبوو لەوێوە بڕیارەکان دراون بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ، لەماوەی ئەم سێ ساڵو شەش مانگەدا، (٢١) بیستو یەك کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە،و (٢٢٧) دوو سەدو بیستو حەوت بڕیاری لێ دەرکراوە،و تەنها (١٨) هەژدە بڕیار جێبەجێ نەکراوە، ئەوی دیکە هەمووی جێبەجێ کراوە. ئەو بڕیارانەش بەشی هەرە زۆری لە چوارچێوەی ئەوە بوو، کە چۆن کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێش ببەین،و چۆن جوتیار قازانج بکات، بۆ نمونە: دابین کردنی

زەوی بۆ دروستکردنی کۆگاو ساردخانەکان، بڕیارێکمان داوە، کـە کـار ئاســانی دەکــەین، پێشــتر ئــەو جــۆرە ئاســانکارییە لەســەر زەوی کشــتوکاڵی نــەکراوە، چــونکە زەوی کشــتوکاڵی بــۆ پــڕۆژەی غــەیرە کشتوکاڵی نابێ، بەڵام ئەمانەش پێویستی کشتوکاڵییە.

بۆ نمونە کردنەوەی گرێ بەست لەسـەر زەوی کشـتوکاڵی، پێشـتر نــەبووە، ئــەم گــرێ بەســتە ڕاگیرابــوو، جوتیارێـك چـل ســاڵە زەوی بەدەستەوەیە، بەڵام هیچ گرێ بەسـتێکی نیـە، ئێمـە ئـەو دەرگایـەمان کردەوە،و گرێ بەستی کشتوکاڵی ئەنجام درا.

پێــدانی مۆڵــەتی (بــیری ئیرتیــوازی)، بــۆ دامەزرانــدنی پــڕۆژەی کشتوکاڵی، ئێمە کار ئاسانییمان تێدا کردووە.

قەدەغــەکردنی هــاوردنی بــەرووبوم، یــان باجــدانان لەســەر ئــەو بەرهەمانەی دێنە هـەرێمی کوردسـتان، لـەکاتی پێگەیشـتنی بەرهـەمی خۆماڵی.

ئەوانە نمونەی چەند بڕیارێکن، ئەو بڕیارانەی دراون لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، هەوڵمانداوە، کە چۆن کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێش ببـەین، چۆن جوتیاری خۆمان قـازانج بکـات، چـۆن ئـەم دامەزراوەیـە گەشـەی زیاتر بکات.

# باسی سێزدەم

# هاندان و خەڵاتکردن

یەکێك لەو هۆکارانەی کە زیاتر گەرموگوڕی بە فەرمانبەران یان جوتیاران دەبەخشێت بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر و چاکتر پێشکەش بکەن و جیددیتر لەگەڵ کارەکانیان بەردەوام بن، بریتییە لە هاندان و خەڵاتکردن لەلایەن خودی وەزارەتەکەیانەوە، لەو پێناوەدا هەوڵماندداوە هەمیشە هاوکاری جوتیارانی خۆمان بکەین، چونکە پێم وایە جوتیاری ئێمە زۆر بێ نازە،و کەمیش لای لێ کراتەوە، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە، ئەگەر بە شتێکی ڕەمزیش بێ هانیان بدەین،و بەسەریان بکەینەوە.

تا ئێستا (٥٢) پەنجاو دوو ڕێزلێنان دراوە بە چەندین جوتیار، بۆ لێهاتووییان، کە جوتیاری نمونەیین.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بڕیارماندا ڕێزلێنانەکە سیستەمێکی بۆ دابمەزرێنین. سیستەمێکمان دانا، کە ئەو جوتیارانەی ڕێزلێنان دەیانگرێتەوە، کێن،و مەرجەکان چی بن؟!

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکاندا، هەمیشە ئەمە کراوە، لە سلێمانی، لە دهۆك، لە هەولێر، ئەو جوتیارانەی کە جوتیاری نمونەیین، یان لە بەرهەمێکدا بەرەوپێشبردنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، یان شتێکی نوێیان داهێناوە، ڕێزلێنانمان بۆ کردوون، جا بە تاك بووبێ، یان بە گشتی کۆکرابنەوە.

## باسی چواردەم

# گرێبەستی کشتوکاڵی

سەبارەت بە گرێبەستی کشتوکاڵی کە پێشتریش قسەیەکم لێ کرد، لە ماوەی دەستبەکاربوونم وەکو وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (١١٧٦) هەزارو سەدو حەفتاو شەش گریَ بەست ئەنجام دراوە، واتە (١١٧٦) هەزارو سەدو حەفتاو شەش جوتیار کە پێشتر گریَ بەستیان نەبووە، زەوی بەدەستەوە بووە، ئەگەر حکومەت پێی گەیشتبا، زەوییەکەی لێ دەستاندو هیچ قەرەبوویەك و هاندانێکیش نەیدەگرتەوە، ئێستا (١١٧٦) هەزارو سەدو حەفتاو شەش جوتیار سوودمەند بووە،و خاوەنی گریَ بەستە، جگە لەوانەی کە پێشتر هەبووە.

واتە ئەو زەوییانەی کە گرێبەستیان نەبووە جاران حکومەت هەر کاتێك ویستبای بە بێ قەرەبوو لێی وەردەگرتنەوە، بەلاّم ئێمە ئەو کێشەمان چارەسەرکرد لە ڕێی ئەنجامدانی گرێبەستی کشتوکاڵی، بۆ نمونە ئەو زەوییەی، (٢٠–٣٠) ساڵ بەدەستی جوتیارێکەوە بووە، بەلاّم هیچ گریَ بەستێك نەکراوە، ئەگەر حکومەت پڕۆژەیەکی بگەیشتبایە ئەم ناوچەیە، ئەم زەوییەی لێ دەستاندنەوە، هیچ قەرەبوویەکیشی نەبوو،و هەرچی لەسەر زەوییەکەشی دروستکرابوو، قەرەبوو نەیدەگرتەوە، چونکە هیچ گرێبەستێکی نەبووە، هەروەها پێدانی گەنمی بنە تۆو یان سەمادی کیمیایی، هیچ شتێکی لەو جۆرە نەیدەگرتەوە، بەلاّم ئێستا ئەو کەسە خاوەنی گریَ بەستە،و وەك جوتیارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکریَ.

## باسی پازدەم

# ڕێگری و دەستێوەردانی حیزبی

وەك (وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو)، بڕیارو ڕێنمایی زۆرمان دەرکردووە،و بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی کە لەگەڵ سێکتەرەکانی دیکە هەمان بووە، لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە، لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان، لەگەڵ پارێزگاکان، ئەمە وای کردوە کە ڕێنمایی‌و بڕیارەکانی وەزارەت بە هەند وەربگیرێ‌و لەلایەنی خۆیانەوە باش جێ بەجێ ی بکەن.

جا مەبەستم ئەوە نیە، کە جاری وایە کەسێك بە توانا نییە لە جێ بەجێ کردنی بڕیاردا،و هەندێك یەکەی ئیداریی هەبووە، لە شوێن‌و کاتی خۆیدا گلەییشم کردووە،و جاری وایە ڕەخنەو گلەییەکانیشمان ڕووبەڕووی خۆی کردۆتەوە، کە بڕیارەکانی ئێمەی جێ بەجێ نەکردووە، یاخود نەیتوانیوە جێ بەجێ ی بکا، لەبەر بێ توانایی، لەبەر ئەوە کە گەندەڵی زۆرە، یان جاری وایە هەندێك بەرپرس لەو ناوچەیەی ئەو هەبووبن، کە دەسەڵاتی بەسەریاندا نەشکابێ، چاوییان لێ سوور کردبێتەوە.

بەڵام هەمیشە من هانم داون، کە بێن ئەم بڕیارانە جێ بەجێ بکەن و، پشتیان دەگرم، پشتگیرییتان دەکەم و لەم ڕووەوە هەر گرفتێکتان بۆ دروست بوو، من بەرپرسیارم.

جا لەو ڕووەوە کێشەی سیاسییمان نەبووە، کە دەستەڵاتێکی سیاسی، حیزبێکی سیاسی، ڕێگری بکات لە بڕیارێکی ئێمە، چونکە هەر کاتێك کە بڕیارم داوە،و لە ئەنجومەنی وەزیران چەند جارێك ئەوەم دووپات کردۆتەوە،و لە ڕاگەیاندنەکانیش جار جارە ورووژاندوومە کە هەر کاتێك بڕیارێك، ڕێنماییەك، لە شارێك، لە پارێزگایەك، لە یەکەیەکی ئیداری جێ بەجێ نەکرێ،و ڕەت بکرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەکی یاسایی هەبێ، بۆ ڕای گشتی دەیخەمە ڕوو،و قبووڵیشم نیە، ئەو کات یان دەبێ جێ بەجێ بکرێ، یان ئەم ئەرکە تەسلیم دەکەینەوە.

# تەوەری پێنجەم

# ژیانی کەسییەتی وەزیر و

# هەندێ پرسی تایبەتی

# دەروازەی تەوەری پێنجەم

تەوەری پێنجەم (ژیانی کەسییەتی وەزیر و هەندێ پرسی تایبەتی) کە دوا تەوەری باسەکەمانە، ئەم تەوەرەش لە دە باس پێکهاتووە و قسە و باسێکی خەست دەکات لەسەر هەندێ پرسی تایبەت بە خودی وەزیر و ئەو بابەتانەشی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بەوەوە هەیە، باسەکانی ئەم تەوەرەیەش ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**باسی یەکەم**: ڕەخنەی کادیران لە میکانیزمی دانانی وەزیرەکان

**باسی دووەم**: ئایا پێویستە وەزیر تەکنۆکرات بێ؟

**باسی سێیەم**: ئەستۆ پاکی

**باسی چوارەم**: ئایا بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینە بوو؟

**باسی پێنجەم**: پاشەکەوتی موچە

**باسی شەشەم**: دامەزراندن و بەخشینی پلە و ئیمتیاز

**باسی حەوتەم**: مینحەی بەردەستی وەزیر

**باسی هەشتەم**: پابەندی بە بنەما شەرعییەکان

**باسی نۆیەم**: خەرجی زیادە

**باسی دەیەم:** ڕەخنە و دەستخۆشی

هەموو ئەو بابەتانەش دەرەنجامی ژیانی خۆمانە وەکو وەزیر و ئەو هەڵوێست و جم و جۆل و مامەڵانەی کردوومانە لەگەڵ وەزارەتەکەمان و ئەو دەوروبەرەی کە تیایدا بووین، بێگومان دەکرێ سود لەو ئەزموون و ئەو هەنگاوانەی ئەنجاممان داون بە درێژایی کاری وەزیریمان وەربگیرێن کە بە کارێکی پەسند و چاکمان زانیون، و بێگومان بێ هەڵە و کەم و کوڕیش نەبووین.

## باسی یەکەم

# ڕەخنەی کادیران لە میکانیزمی دانانی وەزیرەکان

سەرەتای دانانی وەزیرەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤)، هەندێك گلەیی‌و ڕەخنە ئاڕاستەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کران، ڕەنگە ئاڕاستەی خودی ئێمەش کرابێ، دەتوانم بڵێم گلەیی‌و ڕەخنەکان دووبەش بوون:

بەشێکیان ڕووی لە میکانیزمی دانانی وەزیرەکان بوو، هەندێك لەو خوشك‌و برایانە پێیان وابوو، دەبێ مادام دوو وەزیرمان بەرکەوتووە، یەکێکیان لە سەرکردایەتی دەست نیشان بکرێ، ئەوی دیکەیان لەناو کادیرەکان دەست نیشان بکرێ. منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونە بووم، و لەکاتی خۆشیدا باسم کرد، گوتم با جیای بکەینەوە. بەڵام دیارە پرەنسیپی بڕیاردان لە سەرکردایەتی و لە ئۆرگانەکانیش بە زۆرینەیە، زۆرینەی سەرکردایەتیش دەنگیا بەوەدا کە هەردووکیان لە سەرکردایەتی دیاری بکرێن.

بەشێکی دیکەی ڕەخنەکان لەسەر کەسەکان بوون، کە دەیانگوت پێویستە کەسەکان پسپۆڕ بن ، بەتایبەتی وەزیری کشتوکاڵ، ئەمە

دوایی وردە وردە ڕوون بووەوە، کە ئایا پسپۆڕی مەرج و پێوەرە یان نا؟!

وەك باسم کرد، لە ڕەخنەی یەکەم لەگەڵیان بووم،و پشتگیریش بوومو هەمان بۆچوونم هەبوو. بەڵام ئەمەی دووەمیان کە دیارە ئێستاشو ئەو کاتیش خەڵکێکی زۆر هەیە لەو بابەتە تێ نەگەیشتووە، کە پۆستی وەزیری: یەکەم سیادییە،و هیچ مەرجی پسپۆڕی تێدا نیە. ئەوە نەك هەر لەلای ئێمە، بەڵکو لە عورفی حوکمڕانی وڵاتانی دونیای ئەمڕۆش هەر بەم شێوەیە، تەماشای وڵاتان بکە، وەزیر دەرچووی کۆلێژی یاسایە، کەچی وەزیری تەندروستیە لە بەریتانیا، لە کابینەی ڕابردوو.

زۆر چاوم بە سی ڤی وەزیرەکانی دەرەوە گێڕاوە،و زۆریشم بینیوە، پێچەوانەی ئەوەیە کە بۆتە جێگەی باس و ڕەخنەگرتن.

## باسی دووەم

# ئایا پێویستە وەزیر تەکنۆکرات بێ؟

زۆرجار لە کاتی دانانی وەزیرەکان قسە لەوە دەکرا پێویستە لەکاتی دەستنیشانکردن و دانانی وەزیرەکان رەچاوی پسپۆڕیی و تەنکۆکراتی بکرێت، جا بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیەك بکەم و زیاتر وردی کەمەوە، دیارە وەزارەتی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، سەدەها پسپۆڕیی (اختصاصات)ی تێدایە، جا کەسێکم بۆ بێنە کە بتوانێ نەك نیوەی، بەڵکو (١/١٠٠) یەك لەسەر سەدی پسپۆڕیی وەربگرێ. لە چی وەردەگری؟ لە دانەوێڵە؟ لە سەوزە؟ لە میوە؟ لە خاك؟ لە سەرچاوەکانی ئاو؟ لە سامانی ئاژەڵ؟ زۆری دیکە، لە چی دەتوانێ پسپۆڕیی وەربگری؟ دەتوانرێ لە نەخۆشییەکی خاك پسپۆڕیی وەربگرێ، جا خۆ وەزارەتی کشتوکاڵ هەر ئەوەیە؟

ئەوەی کە لێی تێگەیشتم بە کردەوە، لەم نزیکەی چوار ساڵە، ئەوەیە، کە وەزیر سەرپەرشتیکارە، وەزیر بەرێوەبەرە، واتە سەرپەرشتی دەکاو، ئاڕاستەی وەزارەتەکە دەکات. کەسێکە بڕیار دروست دەکا، بڕیار دەردەکا، نەك لە وردەکارییەکانی ناو هەموو ئەو سێکتەرە پسپۆڕیی هەبێ.

وەزیر ڕاوێژکاریی دەبێ بۆ هەموو بوارەکـان،و زۆر وەزارەت هەیـە بریکاری هەیە، لەوانەیە جاری وا هەیە پێویست بکـا، بریکارێکیـان دوو بریکار، یان ڕاوێژکاریی، پسپۆڕیی جیا جیا هەبێ، لەو بوارەی کـە ئـەم وەزارەتە تیایدا کۆبۆتەوە.

بەڕێوبەرە گشتییەکان، بۆ نمونە سامانی ئاژەڵ و ڤێتنەری، ئەوە پێویسـتە جۆرێـك لـە پسـپۆڕیی هـەبێ، سەرچـاوەکانی ئـاو، دەبـێ پسپۆڕیی هەبێ. بەنداو، دەبێ پسپۆر بێ لە ئیشەکەی خۆی.

لەگەڵ ئەوەشدا نە ئەو کات، نە دواتریش، هیچ قسەیەکم لـە ڕووی ئەو خوشك و برایانەدا نـەکرد،و هـیچ شـتێکم نەنوسـیو بڵاونـەکردەوە هەرچـەند زۆر ئازاریـان دام. چـونکە پـێم وایـە خـەڵك ئـازادەو دەکـرێ بۆچـوونی تایبـەتی خۆیـان هـەبێ،و پاشـانیش دەمزانـی ئـەوە سـەر دەکێشـێ بـۆ دووبـەرەکیو کینـەو غـەرەز بەرامبـەر بـە یـەکتری، نـەك لەگەڵ ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەم، تەنانەت لەگەڵ خەڵکی دیکـەش، ئامادەنیم بچمە ململانێ و دڵ و دەروونم پڕ بکەم لە کینە بەرامبـەر بـە خەڵك، سوپاس بۆ خوا زۆر قازانجم لە هەڵبـژاردنی بـێ دەنگـی و وەڵام نەدانەوە کرد.

دواتریش هەندێك لەوانە پەیوەندییان کـردووە، یـان بینیـومن، کـە گوتویـــەتی: بـــەم شـــێوەیە تێنەگەیشـــتووم، بـــە هـــەرحاڵ ئێســـتاو ئەوکاتیش، نەك ڕەخنە، کە ڕەخنە شتێکی ئاساییە، بـەڵکو قسـەیەکی

گوتبێ گەردەنی هەموو لایەکم ئازا کرد،و ئێستا دەرکەوت کە بەو شێوەیە نەبوو.

دیارە هەر ئەو کاتیش دوو ڕەخنەی زەق ئاڕاستەی ئێمە کران:

یەکێك لەوانە: لەبەر ئەوەی ئێمە وەفدی دانوستانکار بووین، گوترا چۆن دەبێ کە یەکێك بەخۆی وەفدی دانوستانکارە، دواتر پۆست وەرگرێ؟ ڕەنگە تۆ نەرمییت نواندبێ لەبەرامبەر ئەو مافەی بە حیزب دەدرێ.

دووەم ڕەخنەیان ئەوەبوو دەیانگوت خۆت بەشێکی سەرکردایەتی،و سێ ڤییەکان لەبەردەستی خۆت بووە، دەگوترا بەشێك لە سەرکردایەتی لە شەرمی ئێمە، یان لەبەر ڕێز لێ گرتنی ئێمە، نەیانگوتبێ با وەزیر نەبێ.

لێرەدا پێم خۆشە زۆر بە راشکاوی بەو براو خوشکە بەڕێزانە بڵێم کە ئەم دوو رەخنەیان ئاراستە کردووم، ئەوەی وەفدی دانوستانکار، من پێم وایە ئاساییە، هەر کەسێك وەفدی دانوستانکار بێ، داهاتوو پشکی کۆمەڵی ئیسلامیی دەپچڕییەوە، یا پشکی ئەو حیزبە دەپچڕییەوە کە تۆ کاری تێدا دەکەی، بە تەنهاش نەبووم، (٥) پێنج کەس بووین. ئەوەی پێمان کرا پچڕیمانەوە بۆ کۆمەڵی ئیسلامیی،و بۆ زانیارییتان ئەو کات بەپێی خوێندنەوەی خەڵکی شارەزا، ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان) کردمان، بۆ بەشداری کردن لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

خـەڵك خوێندنـەوەیان بـۆ ئـەو ڕێككەوتنـە، كـە خاڵـە سـەرەكییەكانی ڕێككەوتننامەكە ئێستاش ماوە، پێیان بەهێزترو لە هـەموو حیزبـەكانی دیكە. چ لە ڕووی داواكاری بۆ خەڵك‌و جەماوەر،و چ بۆ پشكی كۆمـەڵی ئیسلامیش بەوەی كە خەڵك دەنگی پێداوە و سبەینێ كاری بۆ بكات.

نەم زانیوە، كە هیچ یاسایەك، هـیچ عـورف‌و بنەمایـەك هـەبێ لـە كۆمەڵی ئیسلامیی، كە ئەگەر وەفدێكی دانوستانكار، بۆ نمونە سبەینێ لەگەڵ بەغدا كۆبوونەوەی كرد، كە كۆمەڵی ئیسلامیی دەبـێ بەشـداری بكات لە كابینەی حكومەت، ئەوانەی كـە دەچـن بـۆ (**مفاوضـات**) نـابێ هیچ پۆستێكی لەو كابینەیە پێ بدرێ، هەر كات بگوترابا بـەلای منـەوە زۆر ئاسایی بوو، یان ئەگەر بنەمایـەك یـان عورفێـك بـێ، زۆر بەلامـەوە ئاساییە كە ئەو كەسانە لێ بێنە دەر.

سەبارەت بـە دووەمیشـیان، دەنگـدان بـووە، هـەتا گـوترا هـەموو سەركردایەتی كاندید بن،و هەموو كاندیـد بـوون، مەگـەر كەسـێك نـاوی خۆی دەرهێنابێ، یا خۆی قـەبوڵی نـەكردبێ،و پاشـان دەنگدانەكـە بـە نهێنی بووە. لە نزیكـەی (٣٠) سـی كـەس، (٢٤) بیسـت‌و چـوار دەنگـم هێنا، خۆ دەنگدان نهێنی بوو، یانی كـابرا ئەگـەر لـە ڕووشمـدا شـەرمی كردبێ خـۆ بـە نهێنـی دەنگـی داوە بـۆ شـەرم دەكـات و لـەڕووی منـدا دادەمێنێ.

ئەسڵەن هـەر لاوازییـە، ئەمـە بدەینـە پـاڵ سـەركردایەتی كۆمـەڵی ئیسـلامیی، هـەتا ئەگـەر دەنگـدانی بـە ئاشـكراش بـێ، خـۆ كـەسمان

دیکتاتۆرو خۆسەپێن نین. زۆر ئاساییە بگوترێ کاك فلان تۆمان پێ باش نیە،و دەبێ بە ئاسایی وەربگیرێ.

سەبارەت بەوەی کە گوایە لە کەسی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی نزیکین، ئەوە دەگێڕمەوە بۆ شتێکی دیکە، لە ساڵی ١٩٨٧ کە بوومە پێشمەرگە، ئنجا دوایی کەوتینە سەر سنوورەکان، جا مەبەستم بەرپرسیارەتییە، ئێمە هێزی (شافیعی)مان هەبوو، لای (م. سلمان) و (م.قادر) کە ئەوانە ئامیر هێزی شافیعی بوون، بوومە پێشمەرگە، دواتر بوومە ئامیر مەفرەزە، ئامیر کەرت، ئامیر تیپ، بوومە ئامیر هێز، ئەوە هەر لە سەردەمی شاخ‌و تا کاتی ڕاپەڕین.

دواتر بوومە سەرکردایەتی‌و، مەکتەبی سیاسی‌و، کارگێڕو، وتەبێژو، مەکتەب عەسکەریی‌و،...هتد.

جا ئەو بەرپرسیاریەتیە بۆ من شتێکی تازە نەبووە، کە بڵێن ئەوە بەهۆی نزیکیمەوە بووە لە کەسی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی. ئەوە پەیوەندی بەو بابەتەوە نەبووە، بەڵکو خەڵکێك، بەتایبەتی لە دەرەوەی کۆمەڵی ئیسلامی، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە ناشرین بکەن، هاتن لەم ڕووەوە پلاریان هاوێشت‌و، ڕەخنەیان لە کۆمەڵی ئیسلامیی گرت.

هەمیشە با ئەوە بزانین، هەر کاتێك ناکۆکی‌و کێشمەکێش لەنێو خۆماندا پەیدا بوو، ئنجا دەرەوە باش دەیقۆزێتەوەو سوودی لێ دەبینن.

## باسی سێیەم

# ئەستۆ پاکی

بەداخەوە لە کابینە یەك لە دوای یەکانی حکومەتی هەرێم هەر کاتێك یەکێك دەبێتە وەزیر، دواتر دوایی بوونە وەزیری بە بەراورد لەگەڵ پێش بوونە وەزیر، ڕێژەیەکی زۆر لە موڵكو ماڵی زیاد دەکات، کە ئەمەش حاڵەتێکی ناتەندروستە و گومانی زۆر دەخاتە سەر خودی وەزیر و کابینەکە.

جا ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لە ڕۆژی بوون بە وەزیر و دەستبەکاربوونم تا دوای دەستلەکارکێشانەوەم، واقیعەکە چۆنە ئاوا وەکو خۆی بۆ خوێنەرانی روون بکەمەوە، دیارە سەرەتای دەست بەکار بوونم وەك وەزیر، کلێشەیەکیان هێنا لەلای دەستەی نەزاهەوە کە ئێمە چیمان هەیە پڕی بکەینەوە، کە ئێستاش فۆڕمەکە ماوە، هەم لەلای دەستەی دەستپاکی، هەم لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە، دەتوانن خەڵك، و ڕاگەیاندنەکان بانگهێشت کەن و منیش ئامادەییم هەیە بێن پرسیار بکەن لە موڵكو ماڵی ئێمە.

دیارە لە قۆناغەکانی ڕابردوو من خاوەنی خانووی خۆم بووم، لە ڕانیەو، سیروان ، لە هەر شوێنێکیش ڕۆیشتبم فرۆشتوومەو شتێکم پێ کڕیوەتەوە لەم شوێنەی کە بۆی چوومە. ئەوەی کە ئێستا هەمە،

هەیکەلێکم هەیە لە سەرووی گەڕەکی (هەولێری نوێ)، دەمێکە هەر خەریکم تەواو نەبووە. سەیارەیەکیشم هەبووە، و ئێستاش هەر سەیارەیەکم هەیە. هیچ شتێکی زیاترم نیە،و ئەو خانووەی کە لێشی نیشتەجێ بووم، تا ئەو کاتەی کە وەزیر بووم، کرێ یەکەی حکومەت داویەتی، چونکە کاتی خۆی داوایان لێ کردم کە بچمە شوقەکانی (ناز ستی)، دوو شوقەیان دیاری کردبوو، بۆ خۆم و پاسەوانەکانم، ئەوکات پرسیارم کرد، هەر شوقەیەکی (٣٥٠٠) سێ هەزار و پێنج سەد دۆلار دەوەستا، بۆیە پێ مورتاح نەبووم، کە بچمە ئەوێ، هاتمە ئەم خانووەو بە کرێ یەکی زۆر کەمتر بۆ خۆم و پاسەوانەکان شوێنی نیشتەجێ مان بۆ دیاری کرا.

جا من ئێستا جگە لە خانووەکەم و سەیارەکەم،و پێش بوونە وەزیر هەندێك موڵكوماڵی زراعیشمان هەبوو، دەنا هیچ شتێکی دیکەم زیاد نەبووە، نە خانووی دیکە، نە زەوی، نە شوققە.

هەر بۆیە ئێستاش ئامادەم کە هەر لایەنێکی حکومی دێت با بێت پێداچوونەوە بە موڵك و ماڵمان بکات،و زۆریشم پێ خۆشە،و بەپێویستیشی دەزانم، کە حکومەت لیژنەیەك بۆ ئەم بابەتانە پێك بێنی، یان پەرلەمان بەدواداچوون بۆ وەزیرەکان بکات، با لە منەوە دەست پێ بکەن،و حەزیش دەکەم و زۆر ڕاستگۆیانە بۆیان دەخەمە ڕوو.

## باسی چوارەم

# ئایا بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینە بوو؟

ئەوانەی بەردەوام رەخنەیان لە ئـەدای حکومـەت گرتـووە و رووی رەخنەشیان ئاراستەی ئێمەش کردووە کە گوایە لەنێو کۆبوونـەوەکانی ئەنجومــەنی وەزیـران، ئێـوە کـەمتر ڕەخنــەتان ڕووبـەڕووی سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردۆتەوە، یان زۆر جـار دەگـوترا کـە بڕیارەکـانی سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بەسەر ئێوەدا دەخوێندرێتەوە،و ئێـوە تێبینییتان لەسەر نییە،و کێشەکانی خەڵك وەکو خۆی ناگەیەنن.

کە بەشداری حکومەتمان کردووە، بـۆ شـەڕ نەچـووین، تـا بڵـێین: یەکێك وێـراوە قسـە بکـات، یـەکێك نـەوێراوە قسـە بکـات، ئەنجومـەنی وەزیران بەرزترین دامەزراوەی جیٚ بەجیٚ کارە لەو وڵاتەدا.

زۆر جار ڕەخنەمان گرتـووە لـە بڕیارەکـان، دەربـارەی بـاردۆخی هــەرێمی کوردســتان قســەی خۆمــان کــردووە، دەربــارەی بــارودۆخی سیاسیی، کە ئاڵۆز بووە و لە قەیراندا بووین، قسـەی خۆمـان کـردووە. دەربـــارەی قـــەیرانی دارایـــی قســـەی خۆمـــان کـــردووە، دەربـــارەی پەیوەندییە خراپەکانی هەرێمو بەغدا قسەی خۆمانمان کـردووە. بـەڵام مەرج نییـە ئـەوەی کـە لـەو کۆبوونەوانـە دەگـوتریٚ، هـەمووی بـۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێتەوە، ڕەنگـە هەنـدێکی پێویسـتیش نـەکا، و لـەڕووی

ڕەوشتی مامەڵەوە جوان نییە، هەرچی لەوێ گوترا، تۆ بێی لە دەرەوەی باسی بکەیەوە.

هەندێك وێستگە هەبووە، ئێمە چاك لەسەری وەستاوین، کە پەیوەندی بە چارەنووسی ئەم گەلەوە هەبووە، پەیوەندی بە داهاتووی هەرێمی کوردستانو بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە،و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەموو هاوڵاتییانەوە هەبووە، بۆ نمونە پەکخستنی پەرلەمان، کە سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان ماون، نەك جارێك، بەڵکو چەندین جار قسەم لەسەر کردووە، کە پێم وایە کارێکی نایاسایی بووە،و هەڵەیەکی سیاسی گەورە بووە، کە حیزبێك بتوانێ پەرلەمان پەك بخات، حیزبێك بتوانێ پێکهاتەیەکی گەورە لە حکومەت دەر بکات، خۆ حیزبەکەی ئێمەش نەبووە، خۆ پەرلەمان هەر هی ئێمەش نەبووە، بەڵام لەسەر ئەوە مشتومڕیش دروست بووە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت،و هەر لەسەر قسەی خۆم سوور بووم، هەروەها لەسەر ریفراندۆمیش، لەسەر کات و زەمینە سازنەکردن کە بەبێ گوێدانە بۆچوونی ئێمەو خەڵکێك ئەنجام درا، ڕەخنەی توندمان گرت.

وێڕای هەموو ئەمانەش بەردەوام داکۆکیمان کردووە لە سێکتەری کشتوکاڵ کە هەمیشە قسەو پڕۆژەم هەبووە.

# باسی پێنجەم

# پاشەکەوتی مووچە

دیسان لەسەرێکی ترەوە بەداخەوە بە ناڕەواو بە بێ هیچ بەڵگەیەك ئەو گومانە دەخەنە سەرمان، گوایە ئێمە بەشدارین لە پرۆژەی پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران لە نێو ئەنجومەنی وەزیران، ڕاستە ئێمە هەموو بەشداری کۆبوونەوەکە بووین، بەڵام ئەم پرۆژەیە (پرۆژەی پاشەکەوتی مووچە) ئێمە نەمان هێناوە، پرۆژەکە هێنرایە ئەنجومەنی وەزیران،و لەلایەن وەزارەتی داراییەوە،و ئەوانەش کە بەشداربوون لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل ئامادە کرا، کە داهاتی هەرێمی کوردستان کەمی کردووە، نزیکەی: (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ — ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا ملیار تا سێ سەد ملیار دینار مانگانە کورتهێنان لە بودجە هەیە، ناچارین ئێمە لە موچەی خەڵك کەمی بکەینەوە.

پرۆژەیەکیان هێنا، کە بەو شێوەیە دەتوانین موچە بدەین، دەنا پێمان نادرێ، لەگەڵ نەبووم کە مووچە پاشەکەوت بکرێ، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کە هێناویانە دەڵێ تەنها ئەمە ڕێگە چارەیە بۆ ئەم دۆخەی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان.

لەوێشدا قسەی خۆمم کرد،و هەندێك پێشنیاریشم کرد کە بەو شێوەیە نەبێ، بەتایبەتی ئەوانەی مووچەیان (٢٥٠,٠٠٠)دوو سەدو پەنجا هەزارییو (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینارە، دەستکاری نەکرێ، بەخۆی کەمە، چی بۆ دەمێنێتەوە،و ئەوانەی کە لە سەرووی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار، لە چینی مامۆستایانو فەرمانبەران، گوتم: ئەمە زۆری لێ دەبڕدرێ، پێم وایە ئەمە ستەمە لەمانە دەکرێ،و ئەم دوو پێشنیارە قەبوڵ نەکرا.

پێشنیارێکی دیکەم کرد، ئەمەیان قبوڵ کرد، گوتم: مادام هەر وایە پارەی زۆر لە پلە باڵاکان ببڕدرێ، (٧٥٪)ی مووچەکەیان یان زیاتریش، بە خۆشمەوە کە وەزیرم و لە پلە بالاکانم ، ئێستاش لە وەزارەتەکەی خۆم، دوای ئەو لێبڕینە فەرمانبەر هەبووە مووچەی لە من زیاتر بووە.

جا ئێمە قسەی خۆمان کردووە، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بەدەست بەرزکردنەوە نەبووە، بە واژووکردن نەبووە، چونکە هەیە گوتوویەتی: واژووم نەکردووە. نەخێر، بەڵکو ئەم پاشەکەوتە بە ناچاری کراوە چونکە هەروەك باسم کرد گوتیان: چارەی تر نییە و هەر ئەمەیە، بۆیە هیچ دەست بەرزکردنەوەو ئیمزاکردنێکی تێدا نەبووە، ئەگەرنا دەستم بەرزنەکردۆتەوەو ئیمزاشم نەکردووە.

بابەتێکی دیکە لەسەر بابەتی (**مفاوضات**) لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، بۆ بابەتی ڕادەست کردنەوەی نەوتی هەرێم، ئەوە لە ساڵی

(٢٠١٦بۆ ٢٠١٧) لە ئەنجومەنی وەزیران قسەی خۆمم کرد، گوتم: پێم وایە ئەگەر حکومەتی عێراقی دۆلارێك، لەوەی کە ئێمە دەستمان دەکەوێ، زیاتر بدا بە هەرێمی کوردستان، پێم باشە رێك بکەوین لەگەڵ حکومەتی عێراقیی.

دوایی لە بەیاننامەکەی حکومەت نووسرابوو، کە وەزیرەکانی (پارتیو یەکێتیو کۆمەڵو یەکگرتوو و گۆڕان) ڕایان وا بووە، کە ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نیە،و پێویستە ئەم رێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عێراقی نەکرێ، هەر ئەو کات ڕوونکردنەوەیەکم دا و گوتم: نەخێر ئاوا نەبووە، بۆچوونم ئاوا بووە،و بەو شێوەیە بووە.

ئەوەبوو دوای روونکردنەوەکە سەرۆکی حکومەت پەیوەندی پێوە کردم، گوتی ڕوونکردنەوەت لەسەر ڕوونکردنەوەی حکومەت داوە، گوتم بەڵێ، گوتی: نابێ، چۆن ڕوونکردنەوە لەسەر ڕوونکردنەوەی حکومەت دەدەی؟! گوتم: ئەی چۆن حکومەت قسەیەك بە زمانی منەوە دەکات، کە نەمکردبێ؟! گوتم: ئەگەر (١٠) دە جاری دیکە ئەو ڕاگەیاندنەی ئەنجومەنی وەزیران شتێك بلێ بەناوی منەوە کە نەمگوتبێ، وەڵامی دەدەمەوە،و ڕوونکردنەوەش دەدەم. با بلێ حکومەت ئاوا بڕیاری داوە، بە زۆینەی دەنگ. بەڵام ناوی وەزیرەکانی کۆمەڵ بێنن ،و بگوترێ نوێنەرەکانی کۆمەڵ لەگەڵ ئەمە بوون و لەگەڵ ئەوە نەبوون کە ئاواش نەبووە، ناچارم ڕونکردنەوە بدەم.

بۆیە ئەوە ڕاست نیە بگوترێ، کە قسە نەکراوە، ئێمە زۆر بە ڕاشکاوی قسەی خۆمان کردووە، بۆ ڕاگەیاندنەکانیش کردوومانە، بەڵام لەڕاستیدا هەرچیم بە بەرژەوەندی زانیبێ بۆ ئەم هەرێمەی خۆمان، کردوومە، بەتایبەتی بۆ ئەو سێکتەرەی کە تێیدا بەرپرسیاری یەکەمم.

# باسی شەشەم

## دامەزراندن و بەخشینی پلە و ئیمتیاز

بە پێی ئەزموونمان لەگەڵ کابینەکانی پێشووتر ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کاتێك کەسێك پلەیەکی باڵا، یان پۆستێك لە حکومەت وەردەگرێ، کاری یەکەمی ئەوەیە، هەرچی کەسی خزمو دۆستو نزیکییەتی لە دەوری خۆیدا کۆیان دەکاتەوەو، پلەو ئیمتیازیاتیان پێ دەبەخشێتەوە.

ئێمە لەو رووەوە کە دەستبەکاربووین هیچ کەسێکمان بۆ دانەمەزراوە، هەوڵیشماندا، کاتی خۆی بڕیار بوو، کە چەند کەسێك لە بەردەستی وەزیر کاردەکات لە نوسینگە، ئەوانەی کە پێویستمان دەبێ لە وەزارەت، چونکە هەر وەزیرێك هاتووە، ستافی خۆی هەبووە،و کە ڕۆیشتووە ستافی خۆی بردووەتەوە، ئێمە هیچ کەسمان بۆ دانەمەزرا لەبەر ئەوەی قەیرانی دارایی پەیدا بوو، هەموو لایەکیش ئاگادارن کە دامەزراندن ڕاگیرا.

لە وەزارەت لیستێکمان هەبوو، بەڵام ئەو لیستە یەك کەسی نزیکی منی تێدا نەبوو.

لە پاسەوانەکانیش، (٧) حەوت پاسەوانم بۆ دابین کرا، هیچ لەو پاسەوانانە، نە لە بنەماڵەی منە، نە لە خزمی منە، تەنانەت لە عەشیرەتی منیش نین، هیچیان (گەردی)یش نین، هەر یەکەو لە

عەشیرەتێكو خەڵكی شارێكی هەرێمی كوردستانن، هیچ پەیوەندییەكی بە منەوە نیە، بەڵكو حیزب لە ئۆرگانەكان خەڵكێكی بە گونجاو زانیوەو دایناوە.

سەبارەت بە شتی دیكەش، باوكم جوتیارە،و زۆربەی خزمەكانیشم هەموویان كشتوكاڵ دەكەن، وێڕای ئەوە كەسابەتی دیكەشیان هەیە. جا ئەوان هەنو وەزارەتیش هەیە، دەتوانن پرسیار بكەن، بزانن یەكێكان ئیمتیازاتێكیان پێ بڕاوە، جگە لەوەی كە بۆ هەر جوتیارێك كراوە!

تەنانەت باوكی خۆشم، وەك ئەو خەڵكە، بۆ وەرگرتنی پسوولەی تەسلیم كردنەوەی گەنم، دەچێ لە بەڕێوبەری كشتوكاڵی دێگەڵە وەك خەڵكی دیكە دادەنیشێو لەوێ ڕاوەستاوەو نۆرەی گرتووە.

بۆ ڕادەست كردنی گەنم بە سایلۆ، دوای دروێنە، لەساڵی (٢٠١٥)، (٣٢) ڕۆژ ڕاوەستاوەو نۆرەی گرتووە. تەنانەت لە شوێنان گلەییشی لێ كردووم، گوتوویەتی تا (عبدالستار) نەبوو بوو بە وەزیر كارم باشتر دەڕۆیی. لەبەر ئەوەی باوكم (٤٠ –٥٠) چل، پەنجا ساڵە جوتیارە، لقەكانی كشتوكاڵ دەناسێ، بەڕێوبەری سایلۆدەناسێ، لەوانەیە ڕەچاوی تەمەنی بۆ بكەن، یان ڕێزی لێ بنێن. بەڵام بە سایلۆشم گوتبوو،و بە بەڕێوبەری كشتوكاڵیشم گوتبوو، كە باوكی منیش وەك خەڵكی دیكەیە،و ڕازی نیم تەنیا یەك بستیشی بە پێش خەڵكی بخەن، ئەوە بۆ ڕای گشتی دەڵێمو با بچن بپرسنو بەدواداچوونیشی بۆ بكەن، لە كاتێكدا جەرگیشم ژانی دەكرد كە بەم تەمەن و كۆمەڵێك نەخۆشی (٣٢) ڕۆژ لەبەر دەرگای سایلۆ بوەستێ. سوپاس بۆ خوا، دوایی ئەو كێشەیەمان بە دانانی بەرنامەی رادەستكردنی گەنم بۆ هەموو جوتیاران چارەسەر كرد.

# باسی حەوتەم

## مینحەی بەردەستی وەزیر

سـەبارەت بـەو مینحەیـەی لەبەردەسـتمان بـوو وەکـو وەزیـر کـە بڕەکەی(٧,٥٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن‌و پێنج سـەد هـەزار دینـار بـوو، ئـەو بڕە پارەیە لەبەردەسـتی هـەموو وەزیرەکـانی دیـش دا هەیـە،و وەزیـر ئازادە لە چییدا سەرفی دەکات،و چاودێری داراییش نایگرێتەوە. بـەڵام هـەر سـەرەتا کـە دەسـت بـەکاربووم، ئـەو مینحەیـەم دایـە ژمێریـاری وەزارەت،و ئەو دۆسیەیە هەمووشی پارێزراوە.

سێ مانگ‌و سێ ساڵ، ئـەم مینحەیـەم وەرگرتـووە، کـە داومـە بـە ژمێریاری وەزارەت، کە کۆی کردوویـەتی بـە (٢٩٢,٥٠٠,٠٠٠) دووسـەدو نەوەد و دوو ملیۆن‌و پێنج سەدو هەزار دینار.

کە بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

بڕی (١٣٢,٥٤٥,٠٠٠) سەدو سی‌و دوو ملیۆن‌و پێنج سـەدو پەنجـاو پێنج هەزار دینار، دراوە بە (٨٧٥) هەشت سەدو حەفتاو پێـنج کەسـی هەژارو نەخۆش.

بڕی (٩٥,٣٧٠,٠٠٠) نەوەدو پێنج ملیۆن‌و سێ سەدو حـەفتا هـەزار دینار، دراوە بە (٨٥٨) هەشت سەدو پـەنجاو هەشـت فەرمانبـەر، ئـەو فەرمانبەرەی کە نەخۆش بووە، یان دەستکورت‌و هەژار بووە.

(٦٤,٥٨٥,٠٠٠) شەستو چوار ملیۆنو پێنج سەدو هەشتاو پێنج هەزار دینار، دراوە بە فەرمانگەکانمان، یان یەکە ئیدارییەکان، یان جاری وا هەبووە ڕێکخراو هاتووەو پێویستی بووەو پێمان داوە. یان پێشمەرگە، کە ئەو کاتەی لەبەرەکانی جەنگ بووە.

هەموو ئەو داتایانە، هەموو ئەو حساباتە ئێستا وا لە ژمێریایی وەزارەتە، هەر کەس حەز بکات دەتوانێ بیبینێ،و چەند جاریش ڕامگەیاند، کە ڕای گشتی ئەگەر حەز دەکا با چەند کەسێك بنێرێو بچێ وردەکاریی ئەمانە هەموو ببینێ.

خۆ لە کاتێکدا دەمانتوانی ئەو بڕە پارەیە بۆخۆمان سەرف بکەین، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە وەزارەت،و بەبێ ئەوەی چاودێری داراییشی لەسەر بێت، کەچی بە پێچەوانەوە ئەم بڕەیە هیچی بۆ ئێمە،و بۆ هیچ شتێکی ئێمە سەرف نەکراوە. بۆ نان خواردنێك، بۆ کارتێکی مۆبایلو ئینتەرنێت، بە ژمێریارم گوتووە کە نابێ ئەمە بۆ من خەرج بکرێ.

گووتوومە: بۆ خەڵکم دیاری کردووە،و دەبێ تەنیا بۆ خەڵکیش سەرف بکرێ، جا هاوڵاتییەکی هەژار بێ، نەخۆش بێ، یەکەیەکی ئیداریی بێ، فەرمانبەرێکی ئێمە کە پێویستی پێ بێ، کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە هیچ هاوکارییان بکرێ.

تەنانەت حیزبەکەشم، لێی سوودمەند نەبووە، مەگەر کەسێکی ئەو حیزبە، وەك هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی،و هاوڵاتییەکی هەژار، یا وەك نەخۆشێك بەری کەوتبێ، ئەوەش نازانم، ئەگەر هەشبووبێ.

## باسی هەشتەم

# پابەندیی بە بنەما شەرعییەکان

دەربارەی پابەندبوونمان بە بنەما شەرعییەکان و پاراستنی سنوورەکانی شەرع و خۆ دوورگرتن لە کارە ناشەرعییەکان لە کاتی راپەڕاندنی ئیش و کارەکانمان، جاری وایە ئەمە بەهۆی سیستەمەوە، یان بەهۆی یاساوە قورسە، بۆ نمونە ئێمە کاتێك پێویستمان بە دروستکردنی بەنداو هەیە، بەتایبەت بەنداوی گەورە، سیستمێك هەیە (BOT)ی پێ دەڵێن، قەرزی درێژ خایەن، ئێمە هەوڵماندا لەگەڵ هەندێك کۆمپانیا، لە دەرەوەی وڵات، ئەوانەی کە دەهاتنە هەرێم، لەگەڵ ئەوانەی ئێرەش، کە هاوکارمان بن بۆ دروست کردنی ئەو بەنداوە ستراتیژییانەی کە لەبەرنامەماندا هەبووە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوان داوای ئەوەیان کردووە، کە بە قیست دەیدەن،و دوایی کە وەری دەگرنەوە، داوای زیادەیان کردووە، زیادەکە لە (٣٪) هەبووە تا (٧٪). جا لەڕووە شەرعییەکەشەوە، ئەگەر شتێك زۆر پێویست بێ بۆ وڵاتێك، بۆ گەلێك، ئەوا دروستە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆم لێ پاراستووە.

هەوڵم داوە جێگرەوە بۆ ئەم بابەتە بدۆزمەوە، گوتوومە وەرن ئێمە لە سەرمایە (رأس المال)ەکەیدا، سوودمەند بن. بۆ نمونە ئەم بەنداوە بایی (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینارە، ئێمە دەیقرسێنین بە

(١١٠,٠٠٠,٠٠٠) سـەدو دە مليـۆن دينـار، ئێـوە قـازانج دەكـەن لـەم (١١٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو دە مليۆن دينارە. بۆ نمونە ئێمە ئيجبـار دەكـەن، كـە سـوود وەربگـرن، ئەمـە سيسـتمێكى خەليجييـە، كۆمپانياكـانيش دەيـزانن، لـە وڵاتـانى خـەليجو لـە وڵاتـانى ديكـەى ئيسـلاميى، سيستەمەكان ئەگەر ئيسلامى بێ، جێ بەجێ دەكرێ. دواجار قبوڵێش كـراوە، مەبەسـتم ئەوەيـە نەبوومەتـە مايـەى ئـەوەى بەنـداو دروسـت نەكرێ، بـەڵكو ڕێگايـەكى شـەرعييمان دۆزييوەتـەوە، بـەڵام قوڕسـيش بووە.

يان بۆ نمونە كاتى خۆى كە گۆشت هاتووە، نەزانراوە ئەم گۆشـتە چۆنەو، سەربڕدراوەو سەر نەبڕدراوە. چونكە لـە ڕاسـتيدا بەرپرسـيارم لەوەى كە گۆشتێكى پاك و تەندروست بدەم بەو خەڵكە. بۆيە هەر زوو ليژنـەم دروسـت كـرد، هـەر كۆمپانييايـەك، هـەر بازررگانێـك دەيـەوێ گۆشت، لە ئۆكرانيا، لە جۆرجيا، لە وڵاتانى ديكـەى ئـەوروپى، چـونكە بەتايبەت لەو وڵاتانە زۆر دەهێنرا، بيهێنـێ، ئێمـە ليژنەيـەكى پسـپۆڕى سێ كەسى دەنێرين، جا چوونە ئەو شوێنەى كـە ئـەم گـاو گۆلكـەى لێ بـەخێو دەكـرێ، لـەڕووى تەندروسـتى، لـە ڕووى پـاكو خـاوێنى،و بڕوانامەى ڤێترنەرى ئەو وڵاتەى دەبێ، پێوە بـێ،و پـاكو خـاوێنى ئـەو سەربڕخانەيەى كە هەيە، كە ئايا چۆن سـەردەبڕدرێ. هـەتا لەسـەرمان پێويست كردبـوون، كـە ئـەو مەڵبەنـدە ئيسـلامييانەى كـە لـەو وڵاتانـە هەيـە، دەبـێ پشـتگيرى بكـا، كـە ئـەو سـەربڕخانەيە هـيچ كێشـەيەكى نييە،و ئەو كێڵگەى بەخێو كردنەشى هيچ كێشەى نييە.

جـا ئێمـه ئـەوەمان بـۆ ئـەوە دانـابوو، کـە گۆشـتێکی حـەڵاڵ، گۆشـتێکی پـاكو تەندروسـت بـدەین بـە خـەڵکی خۆمـان. بـۆ نمونـە جوتیاری خۆمان کاتی خـۆی، پـێش ئێمـە، قـەرزییان وەرگرتـووە، کـە دەبوو ساڵانە قەرزەکە بدەنەوە لەو کاتەی بۆیان دیاری کـراوە، ئەگـەر نەیدەنـەوە، زیادەیـەکی دێتـە سـەر، کێشـەیەك دروسـت بـووە لـەنێو زانایانی هەرێمی کوردسـتان، هەنـدێك دەڵـێن ئەمـە ڕسـوماتە، هەنـدێك دەڵێن، ئەمە ڕیبایە.

بەڵام بۆ ئەم بابەتە، هەوڵمداوە بـۆ ئـەوەی ئـەو خەڵکـە گوناهبـار نەبێ، سێ ساڵان لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی کەوتوومەتـە تـەکلیف، کـە قەرزەکەیان بۆ دوابخەن، چونکە جوتیار پێی نەدەدرا بـەهۆی قـەیرانی دارایی، یان بەرهەمەکەی بەری نەگرتووە.

بۆیە سوپاس بۆ خـوا ئەمـەشمان بـۆ کـردن، کـە سـێ سـاڵ ئەمـە دواخرا، ئەگەرنا جوتیار بە ناچاری دوای دەخستو دەبوو زیادە بـدات، دەنا تووشی کێشەی دادگا دەبوو.

## باسی نۆیەم

# خەرجی زیادە

بەداخەوە ئەوەی لە کابینەکانی پێشوو بینراوە و کراوە ئەوەیە کە زۆرجار مەسروفاتی زیادە لەنێو وەزارەت دەکرێ، یا بۆ وەزیر دەکرێ، ڕەنگە لە کڕینێکی سەرەتایی بۆ کارتی مۆبایلو ئینتەرنێت، یان هەر زیادەو شتێکی تر کە دەکرێ، بەڵام ئێمە سوپاس بۆ خوای گەورە ڕێگریمان لە خەرجی زیادە گرتووە و لە هەموو ڕوویەکەوە دەستمان بەو بڕە پارەیە گرتووە کە لەبەر دەستماندا بووە و بڕیارمانداوە کە زیادەڕۆیی تیایدا نەکرێ، چونکە دەزانم زیادەڕۆیی کردن، وێڕای ئەوەی کە زیانێکە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان،و لەڕووی شەرعییشەوە حەڕامە، یانی بەهەموو شێوەیەك خۆمان لێ پاراستووە، نە کارتی مۆبایلو ئینتەرنێت بۆمن کڕاوە، نە هیچ شتێکی دیکە، جگە لەو خەرجییەی کە فەرمییە، کە سەردانی شارێك کراوە، سەردانی جووتیار کراوە، ئەوانە کە مەسرووفێکی پێویست بووە، ئەگەرنا بەڕاستی زۆر خۆمان لێ پاراستووە.

سەبارەت بەو سەفەرانەش لە ماوەی ئەو سێ ساڵ ونیوە کە وەکو وەفد بۆ دەرەوەی وڵاتمان کردووە، هەمدیسان سوپاس بۆ خوا دەستمان پێوە گرتووە و خەرجی زیادەمان نەکردووە،و بەردەوام ڕەچاوی ئەو قەیرانی داراییانەمان کردووە کە بەرۆکی ئەم هەرێمەی ئێمەی گرتووە.

هەر لەوکاتەی تووشی قەیرانی دارایی بووین، بڕیارێکم دا، گوتم: هەر وڵاتێك کە ئێمە بانگهێشت دەکا، یان هەر کۆمپانییایەکی گەورەی کشتوکاڵی بانگهێشتمان دەکا، پێویستە لێرەوە تا ئەوێ مەسرەف لەسەر ئەوان بێ. مەگەر زۆر گرنگ بێ، بۆ نمونە سەفەرکردنمان بۆ ئەمەریکا لە ساڵی (٢٠١٧) کە زۆر بە گرینگیمان زانی،و سەفەرێکی ئەمەریکامان کرد، لەگەڵ هەندێك کۆمپانیاو، لەوێ لە کۆنفڕانسێکی گەورە بەشدارییمان کرد، دەنا بەڕاستی ئەوەی دیکە هیچ ئیفادمان نەبووە، بەو مانایەی کە لەسەر خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، بەڵکو لەسەر ئەو وڵاتە بووە کە بانگهێشتی کردووین.

جا لەو سەفەرانە دەسکەوتیشمان هەبووە، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ‌و، بۆ جوتیارو، بۆ هەرێمەکەی خۆمان، بۆ نمونە لەگەڵ (وەزارەتی پەرەپێدانی وڵاتان)ی وڵاتی ئیتاڵیا دانیشتین، مەعسەرەیەکی زەیتوونیان بۆ داناین، نزیکەی بایی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن یۆرۆ بوو. هی دووەم و، سێ یەمیشیان هەر پەسند کردووە.

لەگەڵ وەزارەتی ئابووری هۆڵەندا دانیشتین، بڕیارییاندا کە دوو پرۆژەی گەورەمان لەسەر بودجەی خۆیان بۆ دروست بکەن، کە پرۆپۆزەڵمان پێشکەش بکەین،و بێن وردە وردە دەست پێ بکەن.

بە فەرمی سەردانی ئێرانمان کردووە، لەوێ ڕێککەوتننامەیەکی (١٩) نۆزدە خاڵییمان مۆر کردووە، کە پێشتر نەمانبووە، و کۆمیتەیەکی هاوبەش دروست کرا، بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو

کێشانەی کە لە نێوانماندا هەیە، لەسەر بابەتی سنوور، نەخۆشیی دار و درەخت، ئەو بەرهەمانەی کە هاوردە دەکرێن، ئەوانەی دەنێردرێن، هەتا زۆر خولی گرنگ بۆ ستافی وەزارەت کراوەتەوەو لێی سوودمەند بووین.

## باسی دەیەم

# ڕەخنە و دەستخۆشی

گومانی تێدانییە لە میانەی ڕاپەڕاندنی کارو چالاکی و بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامە و پڕۆژەکانت، هەمیشە ڕووبەڕووی دوو جۆر خەڵك دەبیتەوە، هەیانە سوپاس و دەستخۆشیت بۆ دەنێرن و هەشیانە ڕەخنە و گلەییت ئاراستە دەکەن، بە گشتی سوپاسی هەردوو لایەن دەکەم، ئەوانەی ڕەخنەیان گرتووە، ئەوانەی دەستخۆشیشیان کردووە. بەڵام بێگومان مرۆڤ بە دەستخۆشی کردن و سوپاس و پێزانین دڵخۆش دەبێ. بۆ ئەوەی دیکەش ڕەنگە پێویست بە بەخۆداچوونەوە بکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بە ئاسایی بزاندرێ. وەکو خۆم حەز بەوە دەکەم کە مرۆڤ ئاسایی بێ، نەك میسالی.

ئەوانەی کە دەستخۆشی دەکەن، ئەگەر سەرکەوتنێك بووبێ، ئەگەر کارێکی باش کرابێ، ئەگەر بەرەوپێش چوونێك کرابێ، ئەوا لە فەزڵی خوای دەبینم،و بە پشتیوانی خوای گەورە بووە، و ئەوەی ئەنجامیشم داوە کەمێك بووە لە ئەرکی سەرشانم کە جێ بەجێم کردووە، نەك هەموو ئەرکی سەرشانم.

بۆ ڕەخنەش، بڕوا بکەن، حەز دەکەم بیزانن، ئەگەر مرۆڤ دڵفراوان بێ و بەرگەی ڕەخنە بگرێت، زۆر بەرەو پێش دەچێ، زۆر

بەرهەمداری دەکات، بێگومـان مـافی خەڵکیشـە رەخنـە بگـرێ و گلـەیی هــەبێت، هەڵبــەت ڕەخنــەی مــەنتیقی، ڕەخنــەی زانســتی، ڕەخنــەی بنیاتنەر. چونکە جاری وا هەبووە کـابرا هـەر لەخۆییـەوە قسـەی فـڕێ داوە.

جا ئەوانە مافێکی شەرعیی خـەڵکن، ئەگـەر نموونەیـەك بێنمـەوە، جارێکیان پیاوێك هاتە لای ئیمامی عومەر، کە خەڵکی لە دەورویـەریش بووە، پێی گوت: (اتق الله یا عمر! فنهره بعض مـن سمعـه، فقـال عمـر رضي الله عنه: "لا خیر فیکم إذا لم تقولوها ولا خیر فینا إذا لم نسمعها) واتە: لە خـوا بترسـێ ئـەی عومـەر. (ئـەویش ویسـتی قسـە بکـاو، بڵـێ بفەرموو چیت هەیە؟)ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لێ بـوو هێرشـیان بـۆ کرد، ئیمامی عومەریش فەرمووی: لێی بگەڕێن، هیچ خێرتان پێوە نیە، ئەگەر ئەوە نەڵێن،و هـیچ خێرییشـمان پێـوە نیـە، ئەکـەر نەیبیسـتین‌و گوێ نەگرین.

ئەمەش بنەمایەکـە پێویسـتە کـاری پـێ بکـرێ‌و بـە پێویستیشـی دەزانم، بەڵام ئەوە بۆ ئەوەشە کە ئـەو کەسـە بـە جـوانیی ڕەخنەکـەی بگەیـەنێ، ئـەوە تـەنیا بـۆ خـۆم نیـە، چـونکە قسـەی ناخۆشیشـم پـێ گوتراوە،و قبووڵیشم کردووە، بەڵام ڕەنگە کەسی دیکـە هـەبێ قبـووڵی نەکات. بۆیە پێویستە کاتی گونجاو و شێوازی گونجاو بدۆزرێتـەوە کـە ڕەخنە بگیرێ، تا قەبوڵ بکرێ و جێ بگرێ.

به هیچ شێوەیەك بۆ بەرپرس دروست نیە بکەوێتە ململانێ لەگەڵ هاوڵاتییان، مادام بەرپرسیارێتی قبوڵ کرد، دەبێ ڕەخنەکانی خەڵکیش قبووڵ بکا و چاوپۆشی لە قسە ناخۆشەکانیش بکات.

هەڵبەت لە میانەی ئەو سێ ساڵ و نیوەی کە وەزیر بووین شتی خۆش و ناخۆشیش روویانداوە، بۆیە ئاساییە بەهەندێکیان دڵت ئاسوودە بێ و بەهەندێکی تریشیان ناڕەحەت بیت، کە ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بووە، لەماوەی کارکردنمان، خەڵکێك پەیوەندی کردووە، بە نامە، بە تەلەفۆن، یان هەبووە هاتۆتە لامان، گوتویەتی نە کۆمەڵی ئیسلامییم،و قەتیش خەڵکی ئیسلامییشم خۆشنەویستووە،و هەبووە گوتوویەتی هیچ ڕۆژێك پابەند نەبوومە، بە هیچ دروشمو واجبێکی ئیسلامیی، بەڵام کە تەماشای مامەڵەو هەڵسوکەوتو هەندێك ڕەفتاری ئێوەم کردوە، پێی کاریگەر بووە، کەسی وا هەبووە گوتوویەتی بڕیارم داوە پابەند بم بە شەریعەتی ئیسلام و دیراسەی وردی بکەم .

زۆر دڵم بەوە خۆش بووە، ئەگەر بتوانی و خوای گەورە تەوفیقت بدات، نوێنەرایەتی پڕۆژەی ئیسلامیی بکەی،و خەڵك چاوی لێت بکات،و دوور بە دوور دڵی پێی خۆش بێ،و ئەمە ببێتە هۆکارێك کە ئەمیش بگەڕێتەوەو بەخۆیدا بچێتەوە، کە زۆر جێگەی دڵخۆشیە.

دڵم بـەوەش خـۆش بـووە، کاتێـك بینیومـە بەرهـەمی کشـتوکاڵی زیادی کردووە،و جوتیار دڵی پێ خـۆش بـووە، بەتایبـەت کـە قـازانجی کردبێ، هەبووە پێی گوتومـە کـە ئەمسـاڵ قـازانجم کـردووە، دڵـم زۆر بەمەش خۆش بووە.

ئەگــەر بەنـــداوێکمان کردبێتـــەوە، ئەگـــەر پرۆژەیـــەکی نـــوێی کشتوکاڵییمان کردبێتەوە، ئەگەر مۆڵەتی پرۆژەیەکی کشـتوکاڵیم دابـێ کە هاتۆتـە بەردەسـتم و واژۆم کـردووە، کاتێـك جوتیارێکمـان کردۆتـە خاوەن گرێ بەستێکی کشتوکاڵی، زۆرم پێ خۆش بووە.

ئـەوەی کـە پێشـی ناڕەحـەت بـووبم، لـەو ماوەیـەی ڕابـردوو، بەتایبەتی کاتی قەیرانی دارایی، کە خـەڵکێك هـاتووە، بـۆ نمونـە پیـاو بووە، یا ئافرەت، منداڵی لەگەڵدا بووە، زۆر هەژار بووە، یـان نـەخۆش بـووە. تەماشـام کـردووە، جـاری وا هـەبووە لەبـەر ئـازارو خەمـەکانی دەستی بە گریان کردووە، بێگومان پێی ناڕەحەت بووم ودڵم لەگـەڵیان پڕ بووە. جا ئەگەر پیـاوێکی بەتەمـەن بـووە، بـیرم کردۆتـەوەو بـاوکم هاتۆتە بەرچاو، یان منداڵی پێ بـووە، منـداڵی خـۆمم هاتۆتـە بەرچـاو. ڕاستە بەرپرسیاری یەکەمو ڕاستەوخۆ نیم بۆ هەر کەسێك کـە هـەژارە، کە خەمێکی هەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ، پێم وایە کەسانو دامەزراوەکانی ئـــەم وڵاتـــە کـــە پلـــەی باڵایـــان هەیـــە، بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ بەرپرسیارن لە خەمو ئازارو ناڕەحەتییەکانی خەڵك، ئەمـەش بەڕاسـتی زۆر کاریگەری هەبووە بەسەرمەوە.

**له كۆتاییدا دەمەوێت ئەو بڵێم كە:**

ئومێد دەكەم، ئەوەی كە پێویست بێ بۆ هاوڵاتیان، بۆ چاككردنی ئەم بارودۆخە سیاسیو داراییو، ئەم دامەزراوەی كە لەم وڵاتە هەیە، خرابێتە ڕوو بگۆڕێ بۆ دامەزراوەیەكی ڕێكو پێك. پەرلەمان دامەزراوەیەكی گەورەیە بتوانرێ وەك دامەزراوەی یاسادانان، كاری خۆی بكات،و حكومەت دامەزراوەیەكی گەورەیە، لە ڕووی جێ بەجێ كردنەوە بتوانێ كاری خۆی بكات، خزمەتگوزارییەكان بە هاوڵاتیان بگا و چاكسازی بكات. قەزا گەورەترین دامەزراوەیە بۆ دادگەری چەسپاندن لەنێوان خەڵك،و بە یەك چاو تەماشایان بكاو بڕیاریان لەسەر بدا، بە هەژارو دەوڵەمەند،و بە هاوڵاتیو بەرپرسانی.

ئومێد دەكەم ئەوەی گوتمانە و كردوومانە هەر هەمووی بە ئاراستەی هاتنە ئارای حوكمڕانییەكی تەندروست و سەرڕاست بووبێ لەم هەرێمەدا.

ئومێد دەكەم بەو ماوە كەمە كە ( سێ ساڵ و شەش مانگ بوو)، توانیبمان لەم ڕووەوە خزمەتێك بە هاوڵاتیان و بە كاری دامەزراوەیی بكەین و توانبێتیشمان ئەندازەیەك بەرچاوڕوونی و ڕوونكردنەوەمان دابێ، كە هاوڵاتیان ئەوانەی كە چاوییان لە حوكمڕانییەكی تەندروستە، سوودیان لێ بینیبێ بۆ داهاتووی خۆیانو، بۆ گەشە پێ كردنی داهاتووی میللەتەكەی خۆیان.